

27

شۆڕش و ڕۆڵی ڕێبەرایەتییەکەی..!



47

کوردێن شەبەک.....



37

دەرئەنجامەکانی ریفراندۆمی
تورکیا و سیاسەتی ئەردۆغان



39

ئایین و باوەڕی یارسان و
پاراستنی کلتور


# ئازادیی کۆمەڵگە
Azadî Komelge

www.komelge.com

Political, Intellectual and Social monthly Magazine

گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە

ژمارە
17
ساڵی دووەم
حوزەیران ٢٠١٧
جۆزەردان ٢٧١٧


## ڕاگەیاندنی دەسەڵات؛
## کاری زاخاوکردنەوەی ئەقڵیەتی پاوانخوازی و پیاوسالارییە
فیلمە بیانییەکان بەنموونە



**کاری ڕاگەیاندنیش**
لە پێناسەی کلاسیکی
ئەخلاقیش لاینەداوە
کە جەستەی ژن و مامەڵە
کۆنەپەرستانە و مولک بینینی
وەک ئەخلاق دەبینێت

# Azadî Komelge




١٧

# ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە

**خاوەنی ئیمتیاز**
محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)

**سەرنووسەر**
گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)

**دەستەی نووسەران**
د. سالار باسیرە
سەردار ستار
بەیان عەلی
نەجیبە قەرەداخی
کامەران گوڵپی
کوردۆ شوانی

**راوێژکاری یاسایی**
پارێزەر هیلال ئیبراهیم

پەیوەندییەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
07702227274
07501539197
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
www.facebook.com\ Azadi Komelge
چاپ: چاپخانەی بەهەست
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار



٤٢


١٨


٢٣

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان - سلێمانی - گەڕەکی ئاشتی - باخی سەعید بەگ

# چەندایەتی و چۆنایەتی، یاشماخە ناهاوسەنگەکەی میدیای کوردیی

تا ئێستا لە رووی چۆنایەتییەوە پەیامی میدیای بینراوی کوردیی زیاتر پەیامێکی لاسایی کەرەوەیە، هێشتا میدیای کوردیی نەبووەتە خاوەنی ستراتیژیەتێکی میدیایی نیشتمانیی کەتیایدا هێڵکاری بۆ گەشە پێدانی میدیایەکی خۆماڵی بکات، کە بەرمەبنای ئەو ستراتیژە گەشە بە ئینتیمای تاکی کورد بدات، هەروەک نەیتوانیوە هۆشیاریی نیشتمانیی وەک پێویست بڵاو بکاتەوە، هاوکات بە گشتیی قودرەتی ئەوەی نەبووە لە نێوان بیردۆزی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ئازادییدا هاوسەنگییەک درووست بکات؟ دەزگای میدیایی و میدیاکار دەبێت خەمی میدیایی و پێداویستی قۆناغ و کومەڵگەی هەبێت، نەک خەمی حیزبەکان.

یەکێ لەئەرکە بنەڕەتییەکانی میدیا لەروانگەی کۆمەڵایەتییەوە، پێدانی رێ و رێبازی پاراستنی بەها کولتوورییەکانە لەهەموو روویەکەوە، چونکە کولتوور وەکو نرخێکی مەعنەویی بەئەندازەی پاراستن و دەوڵەمەند کردنەکەی دەتوانی باس لەهەبوونەکەی بکەی، بەڵام بەشی زۆری کەناڵە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە باشوری کوردستاندا بوونەتە هەگبەی هەڵگرتنی کولتوورێکی نامۆ بە پێچەوانەی راسیتنەی کۆمەڵگە. بۆ نموونە لەم کاتەدا وەک مۆدێل کولتووری «تورکیی سپیی» کە بنەماکەی وەك خۆ لێکردن(ئاسیمیلاسیۆن)ە، باڵی بەسەر بەشی هەرەزۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگەدا کێشاوە، ئەمیش لەرێگای لێشاوی فیلمە دۆبلاژکراوەکانەوە کە رۆژانە دەرخواردی تەواوی کۆمەڵگە دەدرێت. جێگای داخە! بەشی زۆری ئەو درامایانە لەسەر دوو بنەمای بنەڕەتی پوچگەرایی (نهێلیزم) یان لەسەر ئەو بنەمایەی نرخە کولتووریی و نەتەوەییەکان دەکرێنە ئامانج کە ئەمیش بەرێگەی نەزانانە و پاشکەوتوو، تیرۆریست و بێ مێژوو گەلی کورد نیشاندەدات، کە ئەمە بەشێکی بنەڕەتی شەڕی دەروونی(شەڕی تایبەت)ە کە پایەیەکی بنەڕەتی میدیایە. ئەگەر لەمیدیاییەکی میللی تورکییەوە ئەم کارە پێکهێنرێت تا ئاستێك ئاساییە، بەڵام ئەگەر میدیایی کوردیی سەرکێشی پێکهێنانی ئەم ئەرکە بکات، دەبێت چ شێواندنێک بێت بۆ کورد و چ بەخششێک بێت بۆ تورک؟!

جێگای داخە! جینۆسایدی کولتووریی و ژەهراوی کردنی کۆمەڵگە کە دەرهێنەر و ئامادەکار و سپۆنسەرەکەشی دیسان کوردن، یاخوود کولتووری جوێن، سوکایەتی، ناوزڕاندن، بەئامانج گرنتی کەسایەتی لەلایەن کەسی خاوەن بۆچوون جیاوازەوە و دەیان شێوازی تری دوور لە ئەخلاقی میدیایی، بەناوی ئازادیی رادەربڕین دەرخواردی کۆمەڵگە دەدرێت. ئێستا هەرچی ناوەندی لێکۆڵینەوە هەیە ناتوانێت ئەو تێگەیشتنە بۆ ئەو نەوەیە راست بکاتەوە؟! ئەو کەناڵانەش بەرپرسیارییەتی خۆیان راست ناکەنەوە، کولتوور بە ملیۆنان دۆلاری تێدا خەرج دەکرێت بۆ ئەوەی دروست و جوان و مرۆڤی خاوەن شەهامەت دروست بکات، بەداخەوە! میدیای بینراو و بیستراوی کوردیی هەیە، رێک پێچەوانەکەی کاری کردووە و رەنگدانەوەکەشی بە ئاسانی دەبینرێت.

لەئێستاداو، لە سایەی حکومڕانی خۆماڵی کوردییداو لەگەڵ بوونی لانی کەمی ئازادیی رۆژنامەوانیی لە هەرێمی کوردستاندا، بە هەموو ئەو تێبینییانەی لەسەری هەیە، سەرباری بوونی توانایەکی زۆری مرۆیی و دارایی و تەکنەلۆژیا، کەچی میدیای کوردیی نەک هەر نەیتوانیووە ببێتە مەیدان و سەکۆیەکی ئازاد بۆ چارەسەری بۆ سێ دەسەڵاتەکەی تری (یاسادانان، راپەڕاندن، دادوەریی)، بەڵکو هێندە بێ ئەجێندا و بێ ئامانج و بێ سیاسەتی میدیاییە، کە هیچ پێوەر و شوناسێک نایگرێتەوە!

کەواتە، تەنها زۆربوونی ژمارەی کەناڵەکان پێوەرنییە بۆ گەشەی میدیایی، ئەگەر ناواخنی پەیامی میدیاکان و ئاستی (چۆنێتی)یان بەرەو نوێبوونەوە نەبرێت، هەنگاوی دروستکردنی متمانە و بەدواداچوونی قووڵی کێشەکانی خەڵک نەنرێت و لە خەمی پڕکردنەوەی پێداویستییە هەمەلایەنەکانی بینەران و بیسەرانیاندا نەبن.

# نەجیبە قەرەداغی: راگەیاندن رۆژانە لە هەوڵی پاسیڤکردنی رۆحی بەرگری کۆمەڵگەدایە

ئازادیی کۆمەڵگە

دیدار: گۆران پێنجوێنی



نەجیبە قەرەداغی

سەبارەت بە بارودۆخی میدیایی و چاپەمەنییەکانی باشور، ئازادیی کۆمەڵگە چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ نەجیبە قەرەداغی رۆژنامەوان و ئەندامی ئەکادیمیایی ژنۆلۆژی سازکرد، سەبارەت بە رۆڵی راگەیاندن و راگەیاندنکار لای وایە راگەیاندن ئامرازێکە بەدەست دەسەڵات و کاری زاخاوکردنەوەی ئەقڵیەتی پاوانخوازی، پیاوسالاری و بەرژوەندیخوازیە.

**«ئەخلاق، هێزی هەبوون و بەردەوامی کۆمەڵگەیە»**

**ئازادیی کۆمەڵگە: رۆڵی ئەخلاقیی راگەیاندن چییە؟**

**ن.قەرەداغی:** سەرەتا ئەخلاق هێزی هەبوون و بەردەوامی کۆمەڵگەیە، خودی رۆحی سیاسەتی دیموکراتیە، بەو واتایەی کە کۆمەڵگە خودوشیاری و هێزی خۆبەرێوەبەری هەبێت. بوونی ئەخلاق لە کۆمەڵگەیەکدا نیشانەی ئاستی داکۆکیەتی لە رۆڵە سروشتیەکەی بۆ ئازادی و دادوەری و یەکسانی ژێندەری لەبەرامبەر هێرشی هێزی دەسەڵاتدار، پیاوسالار و پاوانخواز. نەک تەنیا بۆ راگەیاندن بەڵکو ئەخلاق لە هەموو بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگە گرنگە بۆ پاراستنی هەبوونەکەی و بەردەوامیی لە ئاست هێرشەکانی پاوەنخوازی دا، چ جا راگەیاندن کە ئێستا لە یەکەمین هێزی کاریگەر پۆلێن دەکرێت. لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر دەزگای راگەیاندن هەیە، کۆمەڵگە بە زانیاری، هەڵوێست و کاردانەوەی جیاواز بۆردومان دەکرێت.


**«فاکتەری ئەخلاق لە دەزگاکانی راگەیاندن لە باشوری کوردستان لاوازە»**

**ئازادیی کۆمەڵگە: پێوەر و فیلتەری ئەم هەموو زانیاری و رۆژەڤی ئەو دەزگا راگەیاندنانە لەسەر کۆمەڵگە چیە؟**

ن.قەرەداغی: بێ گومان ئەخلاق دەکرێت ئەو پێوەرە گرنگە بێت. کاتێ گەندەڵی، دارزانی کۆمەڵایەتی، قەیرانی ئابووری، بەکارهێنانی سامانی وڵات بۆ گروپێکی بچوک، برسێتی، توندو

تیژی سەر ژنان و منداڵان و زۆرێک لە نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکانی تر لەئاستێکی هەڵوەشێنەری کۆمەڵگەدا بێت ئەوە تاکە شتێکی بە زهنمان دا بێت مەودای نێوان ئەخلاق و راگەیاندنە کە چەندە ئەخلاق پێوەری سەرەکیە لە گەیاندنی زانیاری و ئاگادارکردنەوەی وەرگر و تیشک خستە سەر ئەو بوارانەی کە بۆ کۆمەڵگە کێشەئامێزە یان خودی سەرچاوەی کێشە و قەیرانەکانە.

ئەڵبەتە فاکتەری ئەخلاق لە دەزگاکانی راگەیاندن لە باشوری کوردستان لاوازە چونکە ئەوەندەی راگەیاندنی پیاوە ئەوەندە راگەیاندنی ژن نیە، بەهێندەی ئەوەی راگەیاندنی شارە، ئەوەندە راگەیاندنی گوند و کۆمەڵگەکانی دەرەوەی شار نیە، لە شاردا ئەوەندەی راگەیاندنی دەستەبژێرە و گروپێکی بچوکی مشتەخۆر و گەندەڵە و پاوانخوازە ئەوەند راگەیاندنی هەموو کەسێک نیە، هەشبێت بەردەوام راگەیاندنی کورِوزانەوەیە و خۆبە قوربانی بینینە، ئەوەندەی راگەیاندنی دەسەڵات و دەموچاوەکانێتی کە هەمووی پیاوە ئەوەندە راگەیاندنی کۆمەڵگە نیە. ئەوەندەی راگەیاندنییەکە بۆ بەردەوام پارچە کردنی کۆمەڵگە و زاڵکردنی بەشێک بەسەر ئەوی دیکەدا ئەوەندە راگەیاندنیەکی بەرهەمهێنەری ناسنامەیەکی ئازاد نیە. ئەو راگەیاندنەی لەسەر بنەمای لاسایی کردنەوەیە و هیچی نوێی پێ نیە کاریگەری راستەوخۆی لە دارِمانی کۆمەڵگە هەیە. ئەو راگەیاندنە ئەوەندە بە شوێن هەڵتۆقاندنی قارچك ئاسای ئەو کەسانەیە کە رۆڵی سەرەکی لە بەریەکهەڵوەشانی کۆمەڵگە دەبینن و



دەستگایەك بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە!

پۆپیلیزم تاو دەدەن، ئەوەندە بە شوێن فرە رەنگیەوە نیە. راگەیاندنێکە بێ دەنگە لەئاست ئەو ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسیەی کە هەیە. حزب دابەش دەکات بەسەر گەورە و بچوک دا، بودەڵە و هیچ لەبار نەبوو دەکات قەرەمان، هەڵوێستی ریسواکەرانەی لە ئاست هەر ئەلتەرناتیڤێکدا هەیە ئامانج چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە بێت. راگەیاندنێکی کەلە رووی ئەخلاقیەوە لاواز هەمیشە کۆمەڵگە دەخاتە حاڵەتی چاوەڕوانیەوە کە گوایە دەسەڵات خزمەتی دەکات، دەسەڵات وەک « باوکێک» وێنە دەکات کە هەمیشە بەرپرسیاری یەکەم و دواییە لە هەموو شتێک تەنانەت لە سزادانیش دا، ئەم راگەیاندنە هیچ قسەیەکی نیە لەسەر میکانیزماکانی خۆپاراستنی ئەم کۆمەڵگەیە، خۆپاراستن بە هەموو میکانیزمەکانی خودوشیاری، رێکخستنی و چالاکی و خۆبونیادنان و تەنانەت

ماهیەتی خۆپاراستنی سەربازی. ئەو راگەیاندنەی کە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی دادەرِزێنێت تەنیا بۆ شکۆدارکردنی دەسەڵات و گەورەکردنی رۆڵی دەوڵەتێکی خەیاڵی و لاگرنگ کردن و بچوکردنەوەی رۆڵی کۆمەڵگە و تاکەکانێتی.

**«نەک هەر ئەو رۆڵە ناگێرِن بەڵکو کاریان لێدانی کۆمەڵگەیە و دارِزانێتی»**

**ئازادیی کۆمەڵگە: بۆچی بەشێکی زۆری راگەیاندنەکان ئەم رۆڵە ئەخلاقییە ناگێرِن؟**

**ن.قەرەداغی:** بەشێکی زۆری راگەیاندن لەباشور لە پێناسە کلاسیکەکەی واوەتر نەچووە، کە گوایە دەسەڵاتی چوارەمینە وەک ئەوەی کە سێ دەسەڵاتی تری یاسادانان، راپەراندن و دادوەری هەبێت بەڵکو لەوە دواکەوتووترە ئەو پێناسە کلاسیکەش بیگرێتەوە. بۆ ئەوەش کاری راگەیاندنیش لە پێناسەی کلاسیکی ئەخلاقیش لاینەداوە کە جەستەی ژن و مامەڵە کۆنەپەرستانە و موڵک بینینی وەک ئەخلاق دەبینێت و چارەسەری کێشەکان لەم روانگەیەوە بە دەوڵەت، دەزگا، یاسا و رێساکانیەوە دەبەستێتەوە. خۆ یاسای رۆژنامەوانی هەیە و بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتارەکانی خولی حەوتەم ئەو یاسایە بە دەرفەتێکی زێرِین دەزانن بۆ کاری رۆژنامەوانی و راگەیاندن، ئەدی بۆچی ئەو هەموو کێشە کەڵەکەبووە هەیە لەسەر یەک کە لەسەرەوە باسمان کرد. بە بەردەوامی دەبیستین کە راگەیاندن وەها پۆلێن دەکرێ کە بەشێکی وەک دەزگای» حزبی» بەشێکی وەک

« ئەهلی یان بێلایەن» پێناسە دەکرێ، ئەڵبەتە بۆ واقیعی باشور ئەو پێناسەیە لە جێی خۆی دا نیە. لە کاتێکدا کە هەندێ راگەیاندن بەردەوام زاڵ بوونی زمانی زبر و روخێنەر و رۆحی عەسکەرتاریەت لە بەرژوەندی دەسەڵاتەکان دا بەکاردێنێ و بەردەوام لە هێرشدایە بۆ سەر ئەوی دیکە چ جا کۆمەڵگە بێت یان هێزی بەرهەڵستکار، یان بەشەکانی تری کوردستان، لەبەرامبەر دا راگەیاندنی « بێ لایەن یان گوایە سەربەخۆ» خۆی جیاواز پێناسە دەکات. بە رای من ئەم جۆرە راگەیاندنە جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لە ئاست کۆمەڵگە و پێویستیەکانی، ئەوەندەی لایەنگری پیاوسالاری، سەرمایە و پۆپلیزمە زۆر کەمتر و تا ئاستی بێ کاریگەر راگەیاندنیەکی ئازادیخواز، دیموکراتیخواز، ژینگەپارێز، خولقێنەرو بەرهەمهێنەری هاوسەنگی نیە. لەراستیدا نەک هەر ئەو رۆڵە ناگێڕن بەڵکو کاریان لێدانی کۆمەڵگەیە و دارزانێتی. جارێ دەبێ بپرسین کە ئەو راگەیاندنانەی کە سەرچاوەکانی هەواڵیان ئاژانسی دەوڵەتانی داگیرکەر بێت چەندە دەتوانن ببنە زمانحاڵی کۆمەڵگەکەیان و راستگۆیی بپارێزن و بوێربن لە ئاست ئەو کارەساتانەی کە داگیرکەران بەسەر کۆمەڵگەیان دا هێناوە. من لام وایە کە دەزگای راگەیاندنی نیشتمانی کە لەسەر بنەمای چەمکی هاوڵاتی بێت. بەو پێیە راگەیاندن ئامرازێک دەبێت بە دەست دەسەڵات و کاری زاخاوکردنەوەی ئەقڵیەتی پاوانخوازی، پیاوسالاری و بەرژوەندیخوازیە. ئەمە تەنیا لە سنوری هێزی دەسەڵاتدار نیە کە راگەیاندنی تایبەت بە خۆیان هەیە لەسەر حسابی قوتی کۆمەڵگە و بە دزینی داهاتی گشتی بەڵکو ئەمە شێوازی کاری راگەیاندنی بەشێکی زۆری ئەو هێزانەیە کە رایەڵەکانیان بە دەسەڵاتەوە یان سەرمایەوە بەسراوەتەوە. چۆن دەکرێت بە دەزگایەکی راگەیاندن بڵێی ئەخلاقیانە کار دەکات کە کۆمەڵگەکە و ژن بە تایبەتی بە خراپترین شێوە نیشان دەدات. زنجیرە، فیلم و گۆرانی دۆبلاژکراو و گۆرانی ئارابیسک و بە ئۆبژەکردنی ژن و بەکارهێنانی وەک کەرەستەی زیادکردنی خوێنەر و بینەر چ نیە جگە لە لاساییکردنەوەیەکی بێ نرخ.

**”لە تورکیا بە زەبری هێز سەدان دەزگای راگەیاندن(تیڤی، رادیۆ، ماڵپەڕ) داخران**

### «تورکیا و باشوری کوردستان ئەزمونبەخشن»

**ئازادی کۆمەڵگە: بۆچی هەرکاتێك دەسەڵات دەکەوێتە تەنگەژەوە، راگەیاندنەکان دەکاتە ئامانج؟**

**ن.قەرەداغی:** راگەیاندن بەو رۆڵە گرنگەی هەیەتی، چ جا لەم سەردەمەدا کە پێشهاتەکان زۆر خێران دەتوانێ رۆڵی لە نیشاندانی حەقیقەت هەبێ بەپێچەوانەوە دەکرێت رۆڵی لەشاردنەوەشی هەبێت. دەسەڵات و هێزی پاوانخواز بۆ ئەوەی حەقیقەت بشارنەوە بەو دەرفەتەی کە پاوانیان کردووە هەرچی لە دەستیان بێ دەیکەن. دوو نمونەی تورکیا و باشوری کوردستان ئەزمونبەخشن. لە تورکیا بە زەبری هێز سەدان دەزگای راگەیاندن، تیڤی، رادیۆ، ماڵپەڕ داخران و ژمارەیەک لە کارمەند و رۆژنامەوانان یان زیندانی کران یان ناچارکران وڵات بەجێبێلن یان بێدەنگ کران و لەکاردەکران. ئەمە تەنیا دیوە قەبەکەی هێرشی دەسەڵاتە بۆ سەر ئەو دەزگا راگەیاندنانە، لەلایەکی تر دەسەڵات بە رێی راگەیاندنی پاوانکراوی خۆی و بە رێی رشتنی پارە و دەرفەتێکی زۆر، بە کڕینی ویژدانی کۆمەڵێک قەڵەم و بەرژوەندخواز راستیەکان ئاوەژوو دەکەنەوە و بەشێکی کۆمەڵگەش دەکەنە ئامرازی پاراستنی بەرژوەندیەکانیان، هەروەک لە کودەتای ١٥ تەموزی ٢٠١٦دا رووی دا کە توانی بە تاودانی نەژادپەرستی و بەکارهێنانی ئایین بەشێکی کۆمەڵگە ئاراستە بکات بەرەو یەکلاکردنەوەی ململانێیەکانی بەرامبەر بە پارت، رێکخراوە، کەسایەتی ئازادیخوازی کۆمەڵگە. ئەم دۆخە لە باشوری کوردستان جیاواز نیە، ئەوەندەی دەسەڵات و تەنانەت بەشێک لەوانەی خۆیان بە سەربەخۆ و بێلایەن دەزانن هەمان چەواشەکاری دەکەن. تا هەواڵێکی راست بڵاو دەکەنەوە، دەی دیکەی چەواشە بڵاو دەکەنەوە. دۆخێک دێننە ئاراوە کە بینەر، بیسەر و خوێنەر نەزانێ کە چ راستە و چ چەوتە. ئەوەی چەوتە وەک راستی دەرخواردی وەرگر دەدەن و ئەوەشی راستیە دەیشارنەوە.

**«دەسەڵات لە درکی گرنگی راگەیاندن دایە»**

**ئازادیی کۆمەڵگە: هۆکار چییە دەسەڵات گرینگی تایبەت بەراگەیاندن دەدات؟**

**ن.قەرەداغی:** دەسەڵات لە درکی گرنگی راگەیاندن دایە، بە ئاماژە بەو راستیانەی سەرەوە پاوانی دەسەڵات پێویستی بە راگەیاندن و بەهێزکردنی دەبینێت بۆ پاراستنی بەرژوەندیەکانی. بەهێزکردنی خۆی بە راگەیاندن و هێزی سەربازی لە هەموو بوارێک زیاتر بەکاردەهێنێت. لێرەدا پێوەەرەکە دیموکراسی نیە بەڵکو سەنتەربوونی هێز و دوورکەوتنەوەیە لە ئەخلاق، لەو هەڵوێستەدا ئێجگار بێ منەتە و بۆی گرنگ نیە کە کۆمەڵگە یان هێزی بەرهەڵستکار چۆن لێی دەروانێت. دەبێ دەسەڵات لە دەنگی ئازاد نەترسێت کە دەڵێم بێ منەتی بەڵکو کاتێ دەزگای راگەیاندنی ئەلتەرناتیف خۆی رێک بخات، هەرهەوڵی داخستن یان بێدەنگ کردنیان نیشانەی ترسی دەسەڵاتە. دەسەڵات هەر بە راگەیاندن فاکتەری کۆنەپەرستانە و تەنانەت هەندێ دیاردەی دونیای نیولیبرالیزم زەق دەکاتەوە بەخۆوە، شەڕی هەموو کۆمەڵگە و لایەنە بەرهەڵستکارەکانی دەکات. بۆ نمونە ئەو دیاردەیەی کە لەم ساڵانەی دواییەدا دەسەڵات و چەند ناوەندێکی سەرمایە هێناویەتیە ناو کۆمەڵگە وەک هەڵبژاردنی شاجوانی، یان زەمینەسازی بۆ گەورەکردنی سەلەفیزم، فیلمی و زنجیرەی مستەر ئەربیل و ...تد. بە رێی زۆربەی ئەم دیاردانە لە کەسایەتی ژن و کۆمەڵگە بە گشتی دەدرێت و دەسەڵات خۆی لەو کەلێنانە بەهێز دەکات چونکە کۆمەڵگە بە دیاردەی لاوەکی و ناپێویست و پەراوێزەوە سەرقاڵ دەکات و رۆژەڤی بنەڕەتی و پێویستیان لە بیردەباتەوە.

**« دروشمی گەورە و جوان بەرز دەکەنەوە، بەڵام لە کردەوەدا زۆر دووری ئەو دروشمانەن»**

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئایا راگەیاندنە کوردستانییەکان پرەنسیپ و ئەرکە ئەخلاقییەکانی جێبەجێدەکات، بۆ نموونە سوێندێکی نێونەتەوەیی رۆژنامەنووسان جیهانی هەیە و پرەنسپی (وردبینی، بێلایەنی، راستگۆیی) ە لە رۆژنامەنووسیدا هەیە، تاچەند راگەیاندنە کوردستانییەکان ئەمەیان جێبەجێکردوە؟**

**ن.قەرەداغی:** کەس بە دۆی خۆی نالێ ترشە، بچۆ لە هەموویان بپرسە هەر وەک مۆدێلی حزبە کوردستانیەکان دروشمی گەورە و جوان بەرز دەکەنەوە، بەڵام لە کردەوەدا زۆر دووری ئەو دروشمانەن کە ئێوە ئاماژەتان پێکردووە. با من چەند نمونەت بۆ بێنمەوە. چ پەیوەندی دروشمی ( وردبینی، بێلایەنی، راستگۆیی) رەواجدان و بە رۆژەڤکردنی خواردنەوەی میزی حوشتر بۆ چارەسەری نەخۆشی هەیە؟ چ پەیوەندی ئەو دروشمە بە بڵاو کردنەوەی هەواڵێک هەیە کە سەرچاوەکەی ئاژانسی ئەنادۆڵی دەوڵەتی داگیرکەری تورکە لەسەر ئەو جێیانەی دەوڵەت خۆی لە ناوچەی سوری ئامەد لە ئەنجامی هێرش روخاندوویەتی و ئێستاش وەک گوایە نوژەنیان دەکاتەوە؟. چ جا کە هەندێ دەزگای راگەیاندن

## ئەم دەزگا راگەیاندنانە لە پێناوی بونیادنانی ناسنامەیەکی ئازاد، دیموکراتی و یەکسانیخواز نیە

هەر لە بناغەوە بە هاوکاری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بە مەبەست بۆ دژایەتی کردنی شۆڕش و بزوتنەوەی ئازادی گەلێک دامەزرابێت. راگەیاندنی دیکە دەیەوێ گوایە ئەم دروشمانە رەچاو بکات، لە رێبازی نیولیبرال بۆ کاری راگەیاندن لاینەداوە تا جارێک لە پێناوی کۆمەڵگەدا بابەتێک دەکاتە رۆژەڤ دە بابەتی دیکە زەق دەکاتەوە خودی ئامانجە ون دەبێت و لە راستی دا خودی مامەڵەکردنی ئەم دەزگا راگەیاندنانە لە پێناوی بونیادنانی ناسنامەیەکی ئازاد، دیموکراتی و یەکسانیخواز نیە ئەوەندەی کە دەیانەوێ خزمەت بە ئامانجە سەرەکیەکە بکەن کە کۆکردنەوەی رای گشتیە لە دەوری ئامانجێکی حزبی و ناوەندێکی سیاسی پاوانخواز.

**« بە رێی خراپ بەکارهێنانی فاکتەری ئاین، کۆمەڵگە بێ دەنگ دەکات»**

## ئەو ڕاگەیاندنانە دەسەڵات و دەزگاکانی وەک بەرپرسیاری هەموو شتێکی کۆمەڵگە دەبینێت

**ئازادیی کۆمەڵگە: ڕۆڵی ڕاگەیاندن و لێکەوتە خراپەکانی چییە؟**

**ن.قەرەداغی:** ئەو زمانەی کە ڕاگەیاندنی باوی دەسەڵاتداران، ڕاگەیاندنی کلاسیک و تانەنەت ڕاگەیاندنی « سەربەخۆ « بەکاری دێنێ زمانێکی سەردەست و سکێسیستە « ڕەگەزگەراییە« و پیاوسالارە. ڕەخنەی ریشەیی لەو زهنیەتە ناگرێ کە توند و تیژی بەرهەم دێنێ. کۆمەڵگە و تاکەکانی بە تایبەتی ژن و هەروەها دەزگا سروشتیەکانی کۆمەڵگە هەر لە پەروەردە، تەندروستی ، سیاسەت، ژینگە دەخاتە خزمەت سیستەمی سەرمایە و قازانجەوە. هەر ئەو ڕاگەیاندنانە دەسەڵات و دەزگاکانی وەک بەرپرسیاری هەموو شتێکی کۆمەڵگە دەبینێت. لە لایەکی تر خراپترین لێکەوتەی ئەو جۆرە ڕاگەیاندنانە لەسەر ژنانە چاو خشاندنێک بە ریکلامەکانی خواردن دا بەسە بۆ ئەوەی بزانین کە چەند ژن بچوک دەکاتەوە و تەنیا دەیباتەوە چێشتخانە و بۆ نمونە « سەرچاوەی دڵخۆشکردنی پیاو و بنەماڵەیە بە لێنانی باشترین چا و باشترین برنج « و بە درامای بیانی و میوزیکی دوور لە پێویستی ڕۆحیەکانی کۆمەڵگە هەموو نرخە مەعنەویەکانی کۆمەڵگە پارچە و هەراج دەکات و زەمینەی داگیرکردنی بۆ دەرەوە فەراهەم دەکات. ئەم ڕاگەیاندنیە دەستەمۆیی دەخولقێنێ و کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە بە تایبەتی پرسی ژن و پرسە کۆمەڵایەتیەکان و پرسی ئازادی بە گشتی لە چاوی تاکەکەکانی دا ئاسایی نیشان دەدات و کاردانەوەی پۆزەتیف دەکوژێ، بە ڕێی خراپ بەکارهێنانی فاکتەری ئاین، کۆمەڵگە نەک هەر بێ دەنگ دەکات بەڵکو بە فاکتەری ئایین بەشێکی کۆمەڵگە دەکات بە گژ ئەوی دیکەداو پیاو دەکات بە گژ ژن دا.

**« ڕاگەیاندنی هێزی دەسەڵاتداری هەرێم بە قوتی خەڵک ئەجێندای دوژمن و داگیرکاربەسەرکۆمەڵگەدا دەسەپێنێت»**

**ئازادیی کۆمەڵگە: بۆچی ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵی ڕاگەیاندنێکی نیشتمانیی ناگێڕن؟**

**ن.قەرەداغی:** دابەشبوونی باشور بەسەر هێزی جیاوازی پاوانخوازدا دووره لەوەی زەمینەی ڕاگەیاندنێکی نیشتمانی فەراهەم بکات کە کاری وەڵامدانەوەی پێویستیەکانی کۆمەڵگە بێت. بەشێکی کەم لە ڕاگەیاندنەکان ئەو ڕۆڵەیان بینیوە کە ڕەنگدانەوەی واقیعی باو بن چ جا ئەوەی لە خۆبونیادنانەوەی کۆمەڵگەدا ڕۆڵ ببینن. نەک هەر ئەوە بەڵکو دەزگای ڕاگەیاندنی هێزی دەسەڵاتداری هەرێم بە قوت خەڵک ئەجێندای دوژمن و داگیرکار بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت. وێنەی داگیرکار لای کۆمەڵگە جوان دەکات، ڕۆژانە لە هەوڵی پاسیڤکردنی ڕۆحی بەرگری کۆمەڵگەدایە لە ئاست پرسەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا. بە زانیاری چەواشە ڕووی کۆمەڵگە بۆ ئەجێندای بچوک و دروستکراو وەردەگێڕێت و بە ئەنقەست و بە بەرنامە و پلانڕێژ پرسە گەورە و ستراتیژی و ژیانییەکان بێ نرخ دەکات. بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن ڕۆڵی نیشتمانی یان وڵاتپارێزی بگێڕێت دەبێ سەیری ئەو دۆخەکە بکەین کە باشوری تێدایە. ئەمرۆ باشوری کوردستان پێویستی بە چیە؟. لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە مۆدێلێکی سیاسی و خۆبەڕێوەبەریە کە دادی کۆمەڵایەتی، ئازادی، دیموکراسی، شەفافیەت و بە دەزگابوونی دیموکراتی فەراهەم بکات، بەڵام ڕاگەیاندن ڕۆڵی لەمەدا قەتیسکردنی پرسەکان و دووبارکردنەوەیەتی لە چەند کەس و گروپێکی بچوکی نادیموکراتی و پەراوێزکردنی کۆمەڵگەیە بە تایبەتی ژنانە. لە هەموو کاتێک زیاتر

## کۆمەڵگە پێویستی بە ناوەندیکردنی مۆدێلی خۆبەڕێوەبەریە و بینینەوە چارەسەریە بۆ پرسە ڕۆژانەییەکان

کۆمەڵگە پێویستی بە ناوەندی کردنی مۆدێلی خۆبەڕێوەبەریە و بینینەوە چارەسەریە بۆ پرسە رۆژانەیی، ناوەند و درێژمەوداکانێتی، بەڵام راگەیاندنی دەسەڵات و بەشێکی تریش لەوانەی خۆیان گوایە خۆیان بە سەربەخۆ دەزانن بە ئەجێندای «دەوڵەتسازی» خۆیان لە دامەزراندن و دیموکراتیزەکردن دەزگای بەڕێوەبەری ولات دەدزنەوە، هەر هەوڵێکی کۆمەڵگەش بۆ خۆبەڕێوەبردن بە پارچەکردنی هەرێم و تەگەرەی بەردەم دەوڵەتبوون وێنە دەکەن. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگە دەیەوێ گوزارە لە رەنگ، کەلتور، زاراوە و باوەڕیەکانی بکات، بەڵام راگەیاندنی نانیشتمانی دەسەڵات ئەم هەوڵانە وەک گێرەشوێنێ و دەستی دەرەوە تاوانبار دەکات.

**«تا ئێستا دەزگایەکی خۆرێکخستن کردنی ژنانی راگەیاندکار نیە»**

**ئازادیی کۆمەڵگە: چیبکرێت بۆ دەربازکردنی ئەم پرسانە؟**

**ن.قەرەداغی**: بە رای من دەبێ سەرەتا ئەو چەمک و زهنیەتە بخرێتە ژێر پرسیارەوە ئەم ئەنجامە کارەساتبارەی لە باشور هێناوەتە ئاراوە و بە دوای ئەلتەرناتیف دا بگەڕێین. ئەڵبەتە من مەبەستم لە ئەلتەرناتیف ئەوە نیە کە راست و چەپ بێنین بەسەر هەرشتێک و لە سفرەوە دەست بە کارێکی دیکە بکەین. ئەوەش دەبێت؛ بەڵام دەبێ ئەو دەزگا راگەیاندنانەی کە هەرچەند کەم و بەرتەسک بن بەڵام دەست بە کارێکی هەرەوەزی و پرۆسەیەکی گفتوگۆی هاوبەشانەی جدی بکرێت. لە سەروو هەموو ئەوانەوە دەبێ چەمکی ئازاد، دیموکراسی، ئازادی ژێندەری لە چەقی گفتوگۆکان دا بێ و مەبەست



کۆمەڵگە و گروپە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە بێت لە کاری راگەیاندن دا، ئەو چەمکە مەحکوم بکرێت کە رەنجی ژن وەک نەبوو حساب دەکات و هەواڵی سەر چالاکی و بەرخودانی کۆمەڵگە بۆ مافەکانی و تێکۆشانی ژنان وەک هەواڵی بێ نرخ دەبینێ و هەواڵی دەسەڵاتداران و بەرپرسانی پیاو، وەک هەواڵی سەرەکی و گرنگ و یەکەم دەبینێ. لە لایەکی تر دەبێ ئەو دیدە بگۆڕێت کە کاری راگەیاندن تەنیا وەک پیشە ببینرێت بەڵکو دەبێ کاری راگەیاندن وەک مەیدانی تیکۆشان لە پێناو دیموکراسی دا ببینرێت. لە راستی دا من لە جێیەکی تریش ئەمەم پێشنیار کرد کە تا ئێستا دەزگایەکی خۆرێکخستن کردنی ژنانی راگەیاندکار نیە کە کاریگەریان هەبێ لەسەر ناوەندی ئەو دەزگایانەی کە هەیە. چونکە تا ئێستا ئەگەر راگەیاندنی ئەلتەرناتیف بە واتای راگەیاندنی ئامانجدار و بونیادنەر لە کوردستان هەنگاوی سەرەتایی نابێ بەلام لە بەرەنگاربونەوەی ئەو سیاسەتە سەردەستەیەی راگەیاندن چەمکی پێکەوە کارکردن و ئالوگۆڕی بۆچون زۆر لاوازە.

# میدیا پێوستە بچێتە بەرەی هێزە ئازادییخوازەکان

ئازادیی کۆمەڵگە

ئا: ئاسۆ جەوهەر



پسپۆڕانی میدیا و ڕۆژنامەنووسان ڕایدەگەین: میدیا لە هەرێم بۆ پێداویستییە نیشتمانییەکان دروست نەکراون، بەڵکو بۆ خزمەتی سیاسیی و حیزبیی و کەسیی ڕێکخراون و میدیا ڕۆڵێکی ئینسانییانەی نە بووە لە هەرێمی کوردستان و بە شێوازێکی گشتیی میدیا نەک ڕۆڵە ئەخلاقییەکەی خۆی نەگێڕاوە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە میدیای کوردیی و حیزبیی و بەتایبەت میدیا سێبەرەکە، ڕۆڵێکی زۆر بێ ئەخلاقانەی گێڕاوە!

ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن: ناتوانین ئەو ئاستەنگیانەی لە ڕێگەی میدیا هەیە لابەرین، ئەگەر بێت و حکومڕانییەکی دیموکراتیکمان نەبێت.
ڕۆژنامەنووسان جەختیشدەکەنەوە، میدیاکانمان وایکردوە ئەخلاق وەکو ئەحمەق و گێلی بە کۆمەڵگە ناساندوە. ئەمە وایکردوە کۆمەڵگەی کوردیی پارچەپارچەبکات.

**«میدیا ڕێکنەخراوە بەخزمەتی کۆمەڵگە»**

پ. ی. د. نەزاکەت حەسەن حەمەسەعید، مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی: میدیا وابەستە و هەڵقوڵاو و ڕەنگدانەوەی ئەو سیستەمەیە کە لەهەر وڵاتێکدا بەڕێوەدەچێت، میدیای نیشتمانیی لەو وڵاتانەی کە سیستەمەکەی نیشتمانییە، حکومەت نیشتمانییە، پارلمان نیشتمانییە و دامودەسگاو موئەسەساتی حکومەت هەموو نیشتمانییە، میدیاش وەکو ئۆرگانێک لەو وڵاتە دەبێتە نیشتمانیی، بەپێی پیداویستی و خواستی نیشتمانەکە دەبێت. لە هەرێمی کوردستاندا لەبەرئەوەی ئێمە هەتا ئێستا، ڕاستە چوارچێوەیەکمان هەیە و هەرێمێکی ئازادمان هەیە، بەڵام تا ئێستا موئەسەساتی ئێمە نیشتمانیی نییە، پارلمانمان بانەڵێین نییە، هەیشبێت نیشتمانیی نەبووە، دەسەڵاتی حیزبیی زاڵە بەسەر وڵاتدا. هیچ موئەسەساتێکی ئێمە نیشتمانیی نییە، کەسیستەم نیشتمانیی نەبوو موئەسەساتەکانیش ناتوانن نیشتمانیی بن، میدیا لە هەرێمی کوردستان بۆ پێداویستی نیشتمان دروست نەبووە، هێندەی بۆ پێداویستییە سیاسیی و حیزبییەکە دروست بووە. لەبەرئەوەی خودی خۆی میدیا هەروایە لەهەر وڵاتێکدا بۆ پێداویستییەک سەری هەڵدابێت، ئەو پێداویستییەی پڕکردوەتەوە، ئەگەر وڵات لە بارودۆخێکەوە چووبێتە بارودۆخێکی تر، ئەوا میدیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام بۆ نموونە لە هەندێک وڵاتدا لە پێشدا میدیا حکومیی بووە و دواتر بووەتە میدیای نیشتمانیی یان میدیای بازرگانیی، ئیتر تەحەولدەکات بەپێی گۆڕانکارییە ئابووریی و سیاسییەکان. ڕاستە لە هەرێمی کوردستاندا گۆڕانکاریی سیاسیی و ئابووریی ڕوویدا، میدیاش تا ڕادەیەک گۆڕاکاریی بەخۆیەوەبینی و دەسکراوەییەک هەبووە لە میدیا، بەڵام ئەم بارودۆخە دەرفەتی ئەوەی نەبوو بەرەو سیستمێکی نیشتمانیی بچین و ئەم بارودۆخە بەرەو ئەوە نەچوو کە مووئەسەساتی میدیایی لە ژێر چەتری پارلمانێک یان نیشتیمانێکبێت و ڕێکبخرێت و

تا میدیا بەخزمەتی نیشتمان بێت. هەبوونی هەزار کەناڵ لەوڵاتێکدا من وەک پسپۆڕی و بوارەزانستییەکەی بەدەسکەوتی نابینم، چونکە ئاسان نییە تۆ هەزار کەناڵت هەبێت و ڕێژەی بەرهەمی خۆماڵی -کە گەورەترین کێشەی وڵاتە پێشکەوتووەکانە و ناهێڵن بایەخپێدانی میدیا بچێتەسەر بەرهەمی دەرەوە- کە لە ١٠٪ ئەو پێداویستییەکان بەرهەم ناهێندرێت، لەبەر ئەوە وابەستەی سیستەمە سیاسییەکەیە، گرفتەکە ئەوەیە کە تۆ سیستمێکی نیشتمانییت نییە و میدیاکان دابەشبوون بەسەر حیزبەکاندا و ڕێکخراون بە خزمەتی حیزبیی و کەسێک، میدیا ڕێکنەخراوە لە چوارچێوەی بۆردێکدا، کە هیچ وڵاتێکی جیهان نییە لەم پەڕی دیکتاتۆری بۆ ئەو پەڕی دیمۆکراسی کە میدیا خاوەنی نەبێت، یان وەزارەتێک و دامەزاوەیەک بەر پرس نەبێت بەرانبەری؟! نەبوونی قانون، هەبوونی دەسەڵاتی حیزبیی، شپەرزەیی سیستمی سیاسیی و ئەمانە هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی کە ئێمە میدیایەکی نیشتمانییمان نەبێت و قانونێک نەبووە میدیا ڕێکبخات، بە ئاراستەی خزمەتکردنێکی نیشتمانیی.

جەختیشکردەوە: لە وڵاتاندا میدیا هێزێک ڕێکی دەخات، میدیا ڕێکنەخراوە بەخزمەتی کۆمەڵگە، دەبێت میدیا بە پێی پێویستییە کولتووریی و پەروەردەییەکەی کۆمەڵگە، پێداویستی نیشتمانیی و سیستمە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکە ڕێکبخرێت. ئەو میدیایەی کاردەکات لە هەندێک بابەتدا بە ئاراستەی خزمەتیکردنی نیشتمان، ئەوە رەنگە لە چوارچێوەی ئەو ئامانجە حیزبییە بێت، کە لە سیاسەتی پشتی ئەو کاناڵەوە هەیە. ئەگینا بۆ ئەوەی ئەجێندایەک هەبێت لە نیشتماندا میدیا ڕێکبخات، خزمەت بە پرسە کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی و کولتووریی و هونەرییەکەی کۆمەڵگە بکات، نییە و نایکات؛ نەخێر لەبەرئەوە بە ئاراستەی حیزبییدا شکاوەتەوە، لەبەرئەوە تۆ هەزار کەناڵت هەیە، بەرهەمت نییە دایبەزێنیت و پەنات بردوە بۆ بەرهەمی دەرەوە. بەڵێ ئەمەیش کاریگەیی نەرێی کردوەتە سەر کولتوور و ناسنامە و رەسەنایەتی و شارستانییەت، ئەو کولتوور و باگراوندە نەتەوەییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە میدیا شێواندویەتی و شەپرزەی کردوە، میدیا هێندەی خزمەتی بەو پرسە سیاسییانەکردوە کە خزمەت

> **لە جیهاندا پتر ڕۆژنامەوانی ناوخۆیی دەبێتە قوربانیی!**

بە پارتەسیاسییەکان دەکەن، هێندە بەو پرسە سیاسییانەی کە خزمەتی نیشتمان دەکەن، نەکردوە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلیمانی، لەوەشدەدوێت: لە جیهاندا پتر ڕۆژنامەوانی ناوخۆیی دەبێتە قوربانیی! سیاسەتی وڵاتەکەی، وەک لە ڕۆژنامەوانەکانی دەرەوەی وڵاتەکە. ئەوەیش لەبەرئەوەی مافی پاراستنی ژیانی ڕۆژنامەوانێکی بیانی، کە دێت لێرەکاردەکات مۆڵکە بەسەر ئەو نیشتمانەوە و لێپرسینەوە دەکرێت و پاراستنی ئاسایشی پەیوەستە پێوەی، بە شێکیشی پەیوەستە بەسیاسەتی وڵاتەکەوە. لە هەرێمی کوردستاندا ئازادیی دراوە، بەڵام ئازادییەکە ڕێکنەخراوە؟ هەر شتێکیش ڕێک نەخرێت ناتوانێت خزمەت بکات بەو ئامانجەی کە هەبووە، ئازدییەکت داوە کەناڵت زۆر کردوە، بەڵام ئازادیی گەیشتن بەسەرچاوەی زانیاریت نەداوە! ئازادیی ڕادەربڕین کە بە ئاراستەی مەترسیی بێت بۆ سەر پارتێک یان کەسایەتی سیاسیی نەتداوە؟! لەبەرئەوە شەپرزەیی ئازادییەکە لە هەرێمی کوردستانا، ئەوەی خولقاندوە کە بارودۆخە سیاسییەکە ئەو دابەشبوونی هەرێمەی دروستکردوە بەسەر زۆنی زەرد و زۆنی سەوز، واتە ململانێ سیاسییەکە هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی ئازادییە ڕۆژنامەگەرییەکە. چونکە میدیاکانیش چوونەتە نێو ململانێ سیاسییەکەوە، میدیاکان و میدیاکار بەشێکە لە پارتە سیاسییەکان، پارەتاکانیش لە ململانێدان، کاتیک میدیا بچێتە نێو ململانێ سیاسییەکەوە ئەوا لە واقیعی ئازادییەکەدا ئەو فشارەی دروستی دەکات مامەڵەی پارتە سیاسییەکەی لەگەڵدا دەکرێت.

### «میدیا و ڕۆژنامەنووسان دەبێت ببنە بەشێک لە خەباتە دیمۆکراسییەکە»



کەمال چۆمانی، ڕۆژنامەنووس، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە لە هەرێمی کوردستان میدیا ئەرکی ئینسانیی نە

گێڕاوە، دەڵێت: میدیا ئەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانیی و ئینسانییەیشی نەگێڕاوە، بەڵکو ڕۆڵێکی ئینسانییانەیشی نە بووە لە هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی ململانێ سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان هێز و گرووپە سیاسییەکاندا ململانێ نەبوونە لە سەر پرۆژەیەکی نیشتمانیی، لەسەر خزمەتی ئینسان، لەسەر بەرەوپێشبردنی گەل. پرۆژەیەکی نیشتمانیی و ئینسانیی و نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو ململانێ بوونە لەسەر خۆ سەپاندن و پشت لە عەرزدانی یەکتر، لە پێناو سڕینەوەی یەکتر، لە پێناو کوشتنی یەکتر! بەداخەوە، ئەم ململانێیە گواستراوەتەوە ناو میدیاش، میدیا خۆی بەشێکە لە کێشەکان و خۆی بەشێکە لە ململانێکان، تەنانەت زۆرجار هێزە سیاسییەکان لە سەر ئاستی سیاسی، لە ناو خۆیاندا لە سەر ئاستی حکومەت و لەسەر ئاستی دابەشکردنی پۆست ڕێکەوتوون، بەڵام لەسەر جۆری کارکردنی میدیا ڕێکنەکەوتوون.

جەختی لەوەکردوە: میدیا هەمیشە ململانێیەک بووە، بۆ نموونە پێوەندییەکانی یەکێتی و پارتیی لەوپەڕی باشیدا بووە، بەڵام پێوەندیی میدیاکانی ئەو دووانە هەمیشە لە خراپیدا بووە! لەبەرئەوەی ئەم هێزانە ناتوانن هێزی نیشتمانیی بن، ناتوان هێزی دیموکراتیک بن، ئێمە تەجروبەیەکمان هەیە کە لەسەرەتای ساڵانی نەوەد هەوڵدرا میدیایەکی نیشتیمانیی دروستبێت، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆ لەباریان برد، تەجروبەیەکی کەمان هەیە لە سەرەتای ساڵانی دوو هەزار، بە دەسپێکردنی ڕۆژنامەی «هاوڵاتی» دەستپێکرد، ئەمەیش هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی میدیایەکی نیشتمانیی دروست ببێت، سەرەتا میدیایەکی نیشتمانیی بوو بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو میدیایەش بوو بە بەشێک لەململانێکان، هەروەها هێزە سیاسییەکان بەهۆی فشار، کوشتن، دەرکردن و داخستن و بەهۆی بڕینی سەرچاوەکانی داهاتوو و ریکلامەوە و هەروها دواجاریش دروستکرنی میدیای سێبەرلەهەرێمی کوردستاندا، ئەمەوایکرد جارێکی دیکە ئەو میدیا نیشتمانییەش بەرەوپاشەوەبچێت، تاڕادەی لە ناوچوون بچێت. بۆیە من پێموایە میدیای نیشتمانیی و میدیای نەتەوەیی کە دەبێت خزمەت بە چەمکە ئینسانیی و دیموکراسییەکان و چەمکی پێکەوەژیان و مافی مرۆڤ

> **میدیای سێبەر و میدیای حیزبیی، وایکردوە کۆمەڵگەی کوردیی پارچەپارچەبکات و میدیای کوردیی میدیایەکی زۆر ناشیرین بێت**

بکات، لە هەرێمی کوردستاندا زەحمەتە! چونکە ئێمە لە هەرێمی کوردستان ململانێی سیاسی-مان هەیە، هەروەها خودی هێزە سیاسییەکان و خودی سیاسییەتمەدارانیش نەخاوەن هێزی دیموکراتیکن و نە هێزی ئینساندۆستن، نە سیاسەتمەداری دیموکراتیک و ئینساندۆست-یشن. هەر بۆیە لە هەرێمی کوردستاندا لە ئێستادا مەحاڵە میدیایەکی نیشتمانییمان هەبێت. دوای ساڵی ٢٠١١ کە بەهاری عەرەبی دەستپێدەکات، جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان خۆی دەبێتە بەشێک لەو شۆڕشە، لە سلێمانیی خۆپیشاندان دەستپێدەکات و لە ڕۆژئاڤا شۆڕش دەستپێدەکات، ئەم شۆڕشە دیموکراسیخوازانەیە هەم لێرە لە باشوور و هەم لە ڕۆژئاڤا، وادەکات هەندێک میدیا لە هەرێمی کوردستان ئەمە بە مەترسی و هەڕەشە لەسەر خۆیان تەماشا بکەن، نەک هەرنابنە میدیایەکی نیشتمانیی، بەڵکو دەبنە وەسیلەیەکی زۆر خراپ دژی ئەو شۆڕشە نیشتمانیی و ئەو شۆڕشە دیموکراسیخوازیی و ئینسانیخوازییە، کە لێرە و لە ڕۆژئاڤای کوردستان ئەو خەباتە لە سەرکەوتندایە.

کەمال چۆمانی، هێما بۆ ئەوەش دەکات کە بەشیکی زۆر لە میدیای حیزبیی و سێبەر ڕۆڵێکی زۆر بێ ئەخلاقانەی گێڕاوە لە هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی کوردستاندا، جەختیکردەوە: بە شێوازێکی گشتیی میدیا نەک ڕۆڵە ئەخلاقییەکەی خۆی نەگێڕاوە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە میدیای کوردیی و میدیای حیزبیی و بەتایبەت میدیا سێبەرەکە، کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٦ دەستپێدەکات و گەشەدەکات، نەک ڕۆڵە ئەخلاقییەکەی خۆی نەگێڕاوە بەڵکو ڕۆڵێکی زۆر بێ ئەخلاقانەی گێڕاوە! هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لەسەر ئاستی کوردستان. ئەم ڕۆڵە بێ ئەخلاقانەیەی میدیای سێبەر و میدیای حیزبیی، وایکردوە کۆمەڵگەی کوردیی پارچەپارچەبکات و میدیای کوردیی میدیایەکی زۆر ناشیرین بێت. میدیا یەک بێت لەبری گەشەپیدانی هۆشیاریی نیشتمانیی، هۆشیاریی ئینسانییانە، هۆشیاریی دیموکراسییانە؛ بووەتە وەسیلەیەکی زۆر ناشیرین بە دەست سیاسەتمەداران و هێزە حکومڕانەکان. بۆ

ئەوەی بەردەوامیی بدەن بە گەوجاندنی کۆمەڵگە، گەوجاندنی خۆیان، لە پاڵ گەوجاندن و ناشیرین کردنی ئەو کەسایەتیی و هێز و فیکر و ئەو شتەجوانەی کە لەناو کۆمەڵگەی کوردستانیی هەنە، هەوڵدەدەن گەشە بکەن یاخود ئەو خەباتە دیمۆکراسی و نیشتماندۆستییەی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، یاخود لە ناو کوردستانی گەورەدا بوونیان هەبووە.

ئەو رۆژنامەنووسە، ئەوە دەخاتەڕوو کە دەسەڵات دەزانێت میدیا کاریگەریی هەیە، لێدەترسێت، کاتێک ترس هەبێت ئەوە واتای ئەوەیە دیمۆکراسی نییە، دەشڵێت: دەسەڵات دەزانێت کاریگەریی میدیا چەندە، دەزانێت خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر توڕەن لەو سیستمە، زۆر نیگەرانن لەو وەزعە، بۆیە لە خۆی دەترسێت. کاتێک لە خۆی دەترسێت، دەسەڵاتێکی نا دیمۆکراسییە، دەسەڵاتێکی ناشەرعییە، بۆیە پێوستی بە بەکارهێنانی هەموو وەسیلەکانی تیرۆ و تۆقاندن و گەوجاندنە بۆ ئەوەی ئیدامە بە مانەوەی خۆی بدات. بینیومانە لە رابردوو لە ئێستاشدا، کاتێک خۆپیشاندا دەستپێدەکات یاخود رەخنەی خەڵک توندەبێت و کۆمەڵانی خەڵک کۆدەبنەوە لەسەر ئەوەی داواکارییەکانی خۆیان بەرەوپێشببەن، دەسەڵات جارێکی تر میدیا بەکار دەهێنێت. چونکە زۆربەی میدیا بەتایبەت رادیۆ و تەلەفیزیۆن کۆنترۆڵکراوە، لە رێی ئەو مۆنۆپۆلکردنەی لەسەر میدیا هەیە تیرۆر و تۆقاندن! بڵاودەکەنەوە و هەوڵی گەوجاندن دەدەن، بۆ ئەوەی ئەو خەباتە دیمۆکراتییەی هەیە بەرەوپاشەوە ببەن، هەروەک چۆن تاڕادەیەک توانیویانە ئەوەبکەن. دەسەڵات شتێکی تری نییە بتوانێت بەکاری بهێنێت، پێوەندی نێوان دەسەڵات لەگەڵ خەڵک پێوەندییەکی زۆر نا تەندروستە. دەسەڵات لەبەرئەوەی لە رابردوودا متمانەی لە دەستداوە ناتوانێت قەناعەت بە خەڵک بێنێت، لە رێی رێکارە دیمۆکراسییەکان و رێکارە شەرعی و قانوونییەکان بتونێت

> **ناتوانین ئەو ئاستەنگیانەی لەسەر میدیا هەیە لاببەین، ئەگەر بێت و ئێمە حکومڕانییەکی دیمۆکراتیکمان نەبێت**

لەگەڵ خەڵک و ناڕازییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی دابنیشێت، رێکەون لەسەر چۆنێتی چارەسەر کردنی کێشەکان. چونکە دەسەڵات توانای چارەسەر کردنی کێشەکانی نییە، بە پێوستی دەزانێت ئەو رێکارانە بەکار بێنێت کە خەڵک دەتۆقێنێت و خەڵک دەترسێنن. ئەمە وادەکات خەڵک لەو خەباتە دیمۆکراسییەی لەو هەوڵەی بۆ گۆڕانکاری دەستیپێکردوە، دابمرکێتەوە و ترسی کوشتنی هەبێت، ترسی سوککردنی هەبێت، ترسی لە بەندکردنی لە دامودەسگا حکومیی و حیزبییەکان هەبێت، ترسی ئەوەی کە ئیشی نابێت ماڵ و منداڵی لە دەستبدات.

کەمال چۆمانی، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە لە هەرێمی کوردستان تەنها ئاستەنگی و رێگری لە میدیا کوردستانییەکان ناکرێت، بەڵکو لە میدیا نێو دەوڵەتییەکانیش دەکرێت، وتی: بە بڕوای من ئاستەنگی بۆ میدیا ناودەوڵەتییەکانیش دروست دەکرێت، بەڵام کۆمەڵێک میدیا هەن کە لەخۆیان نزیکن یان کۆمەڵێک رۆژنامەنووس هەن لە خۆیان نزیکن و ئاستەنگیان بۆ دروست ناکەن، ئەگەرنا ئەو رۆژنامەنووس و کەسانەی لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رەخنە لە پارتیی دەگرن، زۆر ئاسان جارێکی تر ناتوانن بێنەوە هەرێمی کوردستان، یاخود کە دەگەڕێنەوە ناشیرینیان دەکەن و قسەیان بۆ دروستدەکەن و پڕوپاگەندەیان لەسەر بڵاو دەکەنەوە چ لێرە چ لە دەرەوە. بە بڕوای من ئێمە ناتوانین ئەو ئاستەنگیانەی لەسەر میدیا هەیە لاببەین، ئەگەر بێت و ئێمە حکومڕانییەکی دیمۆکراتیک مان نەبێت. بۆیە ئەو خەباتەی کە هەیە بۆ بە دیمۆکرات کردنی کۆمەڵگەی کوردیی و بە دیمۆکرات کردنی سیستمی حکومڕانی لەهەرێمی کوردستاندا، دەبێت بەردەوام بێت. هەروەها پێموایە نابێت میدیا بێلایەن بێت لەو دۆخەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵکو دەبێت میدیا راستەوخۆ پشتیوانی هێزە دیمۆکراتیخوازەکان بکات، ئەگەر دەیەوێت ئەو ئاستەنگیایەی لەسەر نەمێنن چ میدیا چ خودی رۆژنامەنووسان ئەوا دەبێت ببنە بەشێک لە خەباتە دیمۆکراسییەکە، نەک هەر تەنیا راگەیاندنی شتەکان بێت، بەڵکو جددیتر رەخنەگرتن پێوستە هەبێت. تاڕادەیەک میدیای ئەهلی بەجۆرێک لە جۆرەکان پێش ئۆپۆسیۆن ئەو هەوڵەی داوە و بەتەواویی سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام دەبێت بە گشتیی میدیا و میدیاکاران ئەوە بکەن. هەروەک چۆن ئەگەر تەماشابکەین لە سۆشیال میدیا، لەبەرئەوەی پلاتفۆڕمێکی

ئازادترە، لە میدیاکانی تر، لە میدیا کۆنترالْکراوەکانی حیزب و میدیای سێبەر ئازدترە، ڕۆژنامەنووسان ئازادتر قسەی خۆیان دەکەن و ڕاستەوخۆ ئەو دەوروەدەگێڕن کە حیزبێکی سیاسیی یان گروپێکی مەدەنی دەیگێڕێت بۆ گۆڕانکاری لە سیستمی حکومڕانی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی لە هەرێمی کوردستاندا؛ بۆیە ئەگەر میدیا بیەوێت ئاستەنگییەکان نەمێنن، دەبێت ئەو خەباتە بەردەوامی پێبدات.

### «ئازادیی بیروڕا هەبێ دەسەڵات ناتوانێ کۆمەڵگە بچەوسێنێتەوە»



ئەوین زیلان، ڕۆژنامەنووس، بە ئازادیی کۆمەڵگەی وت: لە هەموو کۆمەڵگەدا و بەتایبەتیش باشووری کوردستاندا ڕاگەیاندن دەسگایەکە کە بە پێ پێوەرەکانی سیستمی جیهانیی خۆی بەڕێوە دەبات. واتە دەتوانین بڵێین کە سیستمی جیهانیی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی چوارچێوەیەکی دیارکراوی داناوە، کە هەموو ڕاگەیاندەکانی ناچار کردوە کە بەپێ ئەوە هەڵسوکەوت بکەن.لە باشووری کوردستانیش دونیایەکی تەقلیدگەری لە ڕاگەیاندنەکاندا دروست کردوە کە دەرفەتی بیرکردنەوەی نەهێشتووەتەوە. ڕێك وەکو ڕۆبۆتێکی لێکردوون کە سیستم تەنیا ئەمر دەکات و ئەوانیش جێبەجێیدەکەن. بۆیە ڕاگەیاندەکان لە دۆخێکی وەهادا تەنیا دەتوانن بەرنامەکانی

> **میدیا ئیتر نەك ناکەوێتە خزمەت نیشتمان و نیشتمانپەروەریی، بەڵکو وایان لە خەڵك کردوە کە ڕقیان لە نیشتمان و نیشتمانپەروەریی بێت**

سیستم جێبەجێبکەن، چونکە جگە لەوە لێیان قبوڵ ناکرێت، ئەمڕۆ هەموو دامودەسگاکانی ڕاگەیاندن لە باشوور، لە ژێر کۆنترۆڵی ئەم سیستەمەدایە.

ئەوین، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەر دەسگایەکی ڕاگەیاندن بەپێ سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای خۆی کادیرەکانی پەروەردە دەکات، «بەتایبەت پەروەردەکردنی کادیری ناوەندی ئەو دەسگایە لەلایەن کەسانی دەرەوەی کورد و یا دەرەوەی کوردستانن، ئەمە ڕاستیی ئەم سیاسەتە ڕۆژئاواییە ئاشکرا دەکات. وەکوتریش لە ڕێگای ئابوورییەوە هەوڵ دەدەن کە تاکەکانی کۆمەڵگە کە لە دەسگا ڕاگەیاندییەکاندا کار دەکەن، پابەند بکەن بەخۆیانەوە. ئەم بابەتانەش ناو دەنێن نوێ بوون و مۆدیرنگەرایی. ڕاگەیاندن لە باشوور ڕاهاتنە لەگەڵ ئەم پێوەرانە، واتا گلۆبالیزەیشن.

ئەو ژنە ڕۆژنامەنووسە، لەوەشدەدوێت: سیستم لە دەسگا ڕاگەیاندنەکانی باشووردا تاکەکان ئامادە دەکات، بۆ پێکهێنانی سیاسەتەکانی کە سیاسەتێکی فەتحکارانە و داگیرکارییە، هەم لەلایەنی جەستەیی و فیکریی و هەم کۆمەڵایەتیی. بۆیە وەها دەکەن کە تاکەکانی ناو ڕاگەیاندن بۆ خۆیشیان بڕوا دەکەن، بە پێشخستنی سیاسەتێکی بێ ئەخلاقانە و بێپێوەر کە خزمەتی داگیرکاران دەکات. چونکە ڕاگەیاندن یەك لەو دەسگایانەیە کە بەبێ ئیزن سەردانی هەر ماڵێك چ هەژار و چ دەوڵەمەند دەکات و ڕۆح و جەستەی مرۆڤەکان داگیر دەکات. بە هەزاران ڕێگای تایبەت وەکو گۆرانیی، دراما و بەتایبەت درامای تورکیی و کوری، و مۆدگەرایی کە تایبەت لە کوردستاندا پێشیان خستوە. بۆیە سیستمی ڕاگەیاندنی لە باشوور بێبەرگرییە بەرامبەر بە هێرشەکانی سیستم. بەرامبەر بە گێڕانی ڕۆڵێکی ئەخلاقیی. سیستم بەردەوام ئاستەنگە و بە ڕێبازی جیاواز لایەنی ئەخلاقی کۆمەڵگە لاواز دەکات. میدیا ئیتر نەك ناکەوێتە خزمەت نیشتمان و نیشتمانپەروەریی، بەڵکو وایان لە خەڵك کردوە کە ڕقیان لە نیشتمان و نیشتمانپەروەریی بێت و بابەتی ئەخلاقیان وەکو ئەحمەق و گێلی بە کۆمەڵگە ناساندوە و هەموو لایەنەکان میدیایان کردوەتە ئامێرێك بۆ ریکلام و پێشخستنی ئەم سیاسەتانە. لە کاتێکدا زۆر بەهای ئەخلاق هەیە کە دەتوانێ ببێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ دەسگا ڕاگەیاندەکان، بەڵام بەداخەوە مکانیزمێکی ڕاست بۆ ڕەنگدانەوە و دەربڕینی ئەم بەهایانە لە ئارادا نییە. هەر ئەو پرەنسیپە ئەخلاقیانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، ئەگەر ببێتە بناخە بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکان، ئەوا دەتوانێ

باشترین مکانیزمی پاراستن بێت بەرامبەر بە هەر چەشنە هێرشی داگیرکاریی سیستم، بەڵام بەداخەوە ئەم دەزگایە بە باشی بە کار ناهێنرێت و تەنیا لە پێناو چەواشەکاریی و بە لاڕێدا بردنی کۆمەڵگە خزمەت دەکات.

ئەوین، هێما بۆ ئەوە دەکات، ئەگەر لایەنی ئەخلاقی لاواز بێت، دەسگا راگەیاندەکان، بەتایبەت ئەوانەی خزمەتی حیزب و لایەنێك دەکەن، بۆ ئەوان گرینگ نییە کە لە پێناو چییدا پارە وەردەگرن و سیستمی سەرمایەداریی، بازرگانیی و پارە دەکات بەبنەما، دەسگا راگەیاندەکانیش کراون بە ئامێرێك بۆ پێشخستنی ئەم بێ سیاسەتییە کە مەودایەکی زۆری لە گەڵ ئەخلاق هەیە. جەختیکردوە: بە ناو راگەیاندنی کەناڵی «کوردستان٢٤ و رووداو» یەك لەو کەناڵانەن کە لە پێناو سەرمایەکی زۆردا ئامادەن هەموو نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگە بخەنە ژێرپێ. راگەیاندنێکە کە بە زمانی کوردیی خزمەتی فیکر و ئایدیای فاشیستی تورکیا دەکات، بەم رەنگەش دەیانەوێت کۆمەڵگەیەکی گێل و نەزانن پەروەردە بکەن. دەزگایەك کە بناخەکەی لە سەر درۆ، فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی کۆمەڵگە و دوور لە ئەخلاق دامەزرابێت، بێگومان ناتوانین ناوی بنێین راگەیاندن، چونکە راگەیاندن ئەرکی سەرەکەی روماڵی راستییەکانە بۆ کۆمەڵگە کە «رووداو» بە پێچەوانەی ئەمە دەکات. بۆیە گرینگە کە راگەیاندن خزمەتی چیدەکات، قسەیەکی رێبەر ئاپۆ هەیە کە دەڵێ: «لە سەدەی ٢١دا خوا=پارە هەیە، لە دەسگا راگەیاندەکانیشدا بەداخەوە جگە لە پارە بیر لە شتێکی تر ناکرێتەوە، ئەمەش بمانەوێ یان نا، لایەنی ئەخلاقی کار لاواز دەکات و بە تەواوەتی دەیسڕێتەوە.

ئەو لای وایە، کاتێك باسی دەسەڵات دەکەین، ناتوانین لە پاڵیدا باسی ئازادیی رادەربڕین و راگەیاندنی ئازاد بکەین، چونکە دەسەڵات بۆ خۆی لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و ترس خۆی بەخێو دەکات، ئەگەرنا، نابێتە دەسەڵات، بۆیە وتیشی:»لە باشووری کوردستانیش دا،

> **دەسەڵات بیری ئازاد بە مەترسیی و ژەهر بۆ خۆی دەزانێت، لە دیمۆکراسی و فرەڕەنگی دەترسێ! نایانەوێ کۆمەڵگەیەکی دیمۆکرات و ئازاد پێش بکەوێ**

پارتە کلاسیکە سیاسییەکان و بەتایبەتیش «پ.د.ک» هەتا ئێستا نەیانتوانیوە پێناسەی مافی راگەیاندکارێك بکات. لە حیزبێکی وەهادا ئەوەی کە قسەی یەکەمە: لێدان، کوشتن و بڕینە، بیروڕای ئازاد بابەتێکی زۆر لاوەکی و هیچە بۆیان. بە رێگای ئەو درۆ و خەڵەتاندنەی کە بە رێگای راگەیاندەکانی خۆیان وەکو «زاگرۆس، کوردستان، کوردستان ٢٤، رووداو» کە بێگومان هاوبەشە لە گەڵ میتی تورکیا هەوڵ دەدەن خەڵك لەگەڵ ئەم درۆیانە راهێنن. ئەوانەش کە بیانەوێ راستییەکان بدرکێنن، نموونەی کاوە گەرمیانی، وەدات، نووژیان و زۆر راگەیاندنکاری تر تیرۆر دەکرێن، بێگومان ئەمەش تەنیا و تەنیا یەك راستیی دەدرکێنێ، نەبوونی ئەخلاق و پرەنسیپ لە کار و سیاسەتدا. دەسگا میدیاییەکان ئێستا لە باشووردا هەمووی لە ژێر خزمەت و کۆنترۆڵی سیستمی داگیرکاریی و مۆدیرنیتەدایە، ئەگەر بیانەوێ لە سەر راستییەکان بدوێن و پەرە بە لایەنی ئەخلاقی کۆمەڵگە بدەن، بە تاکید دادەخرێن. جا ئەگەر بەپێی پێوانە ئازادەکان بتواندرایە لە راگەیاندەکان قسە بکرێت، ئەوکاتە هێزی دەسەڵاتدار رۆڵی نامێنێ، بۆیە رێگە بە بیری ئازاد دەگرن. لە راستیی دا ئامانجی سەرەکی ئەم راگەیاندنانە بێ فیکر کردنی کۆمەڵگەیە. مەگەر نا، هێزێك ئەگەر پشتی بە راستیی کۆمەڵگە ببەستبێت، بۆچی دەبێ لە هەڵوەشان و لاواز بوونی خۆی بترسێ. خەڵك و کۆمەڵگەیان ئەوەندە بە رێگای شتی هیچ و پوچەوە سڕکردوە، کە هێزی لێپرسینەوەیان نەهێشتوەتەوە، ئەوانەش کە لێپرسینەوە دەکەن، تەمەنیان زۆر کورتە. دەسەڵات بیری ئازاد بە مەترسیی و ژەهر بۆ خۆی دەزانێت، لە دیمۆکراسی و فرەڕەنگی دەترسێ.نایانەوێ کۆمەڵگەیەکی دیمۆکرات و ئازاد پێش بکەوێ. نایانەوێ لە رێگای راگەیاندەکانەوە خەڵك بە ئاگا بێت و هوشیار ببنەوە. چونکە ئەو کاتە راستیی دەسەڵات روون و ئاشکرا دەبێت. راگەیاندێك کە بنەمای ئەقڵیەتی دەسەڵاتدار و پیاوسالار بێت، بێگومان هەر خێزانێکیش وەها فێر دەکات کە رۆڵی

ژن و پیاو چی دەبێت و دەبێ چون بێت. ئەمەش لە پێناو کوێلەکردنی کۆمەڵگەدا رۆڵێکی زۆر گرینگی هەیە و خزمەتی باش بە دەسەڵات دەکات. ئەگەر لە راگەیاندەکاندا ئازادیی بیرورا هەبێ، ئیتر هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێ کۆمەڵگە بچەوسێنێتەوە و ئەو کاتە ئازادیی کۆمەڵگەش مسۆگەر دەبێت.

### «چاو لەئەخلاقی پیشەیی دەپۆشرێت و رۆژنامەنووس تیرۆردەکرێت»



ئازاد عوسمان، یەک لەو رۆژنامەنووسانەیە، لایوایە بەشێکی زۆر لەکێشەکانی راگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا، پێوەندی بەزۆری ژمارەی کەناڵەکانەوە هەیە و بە ئازادیی کۆمەڵگەی راگەیاند: کەناڵەکان بەشێکی زۆریان حیزبیین، ئەم کەناڵە حیزبییانە بمانەوێ و نەمانەوێ، لەکۆتاییدا خزمەت بە تەوەجیهی حیزبەکان دەکەن، خزمەت بە ئاراستەی حیزبەکاندا دەکەن. هەندێکی تریشیان سێبەری حیزبەکانن و لەلایەن هەندێ شەخسی ناو حیزبەکانەوە پارەدار دەکرێن یان تەمویل دەکرێن. هەندێکی زۆر کەمیان کە سەربەخۆ و ئازادن، ئەم سەربەخۆ و ئازادانە زۆر جار هەندێکیان رەنگە فیکرێکی زۆر قوڵیان لەپشتەوە نەبێت، یاخود رێگریان زۆربێت، یاخود نەپەرژێنە سەر هەموو بوارەکان رووماڵی بکەن. بابەتەکە ئەمەیە، جا ئەسڵەن لەکوردستاندا ئێمە لەهەموو رووبەکەوە پەرتەوازەین. بەحوکمی ئەوەی چوارچێوەیەکی قانونیمان نییە کە بەو تۆکمەییە کۆمان بکاتەوە، بەتایبەتی لەرووی پێکهاتە و مواسەفاتی دەستوریی و قانوونییەوە، تۆزێك کۆڵەوارین لەو رووەوە، هەر ئەمەشە وایکردوە راگەیاندنەکانمان رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە بێت کە ئێمەی تێداین.

ئەو رۆژنامەنووسە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، سیاسەت لەهەرێمی کوردستاندا تاچەند نیشتیمانیی بووە؟ هەتاوەکو راگەیاندنەکەی نیشتیمانی بێت. بۆ نموونە رەوشی کۆمەڵایەتی تاچەند نیشتیمانییانە بیری لێکراوەتەوە، رەوشی تەندروستی تاچەند نیشتیمانییانە بیری لێکراوەتەوە؟ هەتاوەکو راگەیاندنەکەی نیشتمانیی بێت، واتە ئەو کێشانە هەموویان پێکەوە گرێدراوی یەکترن.

> **بەشێکی زۆری ئەم راگەیاندنانە یان حیزبیین یان گرێدراوی حیزبن**


ناوبراو، وتیشی: بەشێکی زۆری ئەم کەناڵانە، کەناڵی حیزبیین، یاخود سێبەری حیزبیین، ئەمانەیش هەریەکە ئەجێندا و رووئیا و تێڕوانینێکی جیاوازی هەیە. واتە بە پلەی یەك خزمەت بەحیزبەکەی خۆی دەکات، دوای ئەوە بە کۆمەڵگە. بەشێکی زۆری راگەیاندنی ئێمە پروپاگەندەیە، هەر ئەمەشە وایکردوە خیتابێك یان گوتارێکی نیشتیمانیی یەکگرتوو و هاوبەشمان نەبێت.

ئەو رۆژنامەنووسە، دەربارەی پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی راگەیاند دەدوێت و جەختی کردەوە: هەندێ راگەیاندنی ئێمە هەیە ئەسڵەن هەر بێ ئەخلاقە، چونکە کاتێك تۆ راگەیاندن دەکەیتە شوێنی جوێندان و رشانەوە و شوێنی تەخویەکردنی سیراعاتی سیاسیی، راگەیاندن لە ئامانجی خۆی دەردەچێت، بەشێکی زۆری ئەم راگەیاندنانە یان حیزبیین یان گرێدراوی حیزبن، بەشێکی زۆر کەمیان راگەیاندنی سەربەخۆ و ئەهلیین، ئەم بەشە زۆرکەمە خۆ ناتوانێ بەرامبەر ئەو شەپۆلە راگەیاندنەی حیزبیی و پارەدارکردنی سێبەر، بەپێی پێویست بەرەوپێشەوە بچێت، چونکە ئەسڵەن لەرووی تێچوونەوە کێشەی بنەڕەتی هەیە، هەر بۆیە ئەمەش وادەکات ئامانجی کەناڵەکە زۆرتر بانگەشە بێت بۆ لایەنێکی دیاریکراو، زۆرتر بەکارهێنانێتی بۆ مەرامی دیاریکراو، مەرامی پروپاگەندە و ئەوانە، ئێ بێگومان زۆرجاریش چاو لە ئەخلاقی پیشەیی رۆژنامەوانی دەپۆشێت.

ئازاد عوسمان، دەشڵێت: دیارە تێڕوانینی پارتەکان و تێڕوانینی دەسەڵات لای ئیمە تێڕوانینێکی شمولییە، یەعنی هەژموونخوازە، «ئەوە نییە لێگەڕێت راگەیاندن لەقۆناغی ئاسایی و تەبیعی خۆیا بەرەوپێشەوە بچێت؟!» ئەمە بەشێکی زۆری پێوەندی بەو تێڕوانینەوە هەیە کە لەلای ئێمە حیزب زۆر تەقلیدی و کۆنە، بەوەی کە راگەیاندن دەبێت

پاشکۆی حیزب بێت، بڵندگۆی حیزب بێت، دەبێت تەرویز بۆ حیزب بکات. جا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا چی شتێکمان تەواوە تاوەکو راگەیاندنمان تەواو بێت؟ چی شتێکمان تەواوە تا گلەیی لەوە بکەین راگەیاندنەکەمان تەواو نییە؟ بەڵام بابەتی راگەیاندنەکە ئەوەیە کە بەریەککەوتنمان لەگەڵیا زۆر زۆرە، واتە ئێمە رۆژانە لەڕووی راگەیاندنەوە زانیاریمان پێدەدرێت، ئەمە وەرگرتنە و کاریگەری لەسەر هەست و نەستی خەڵکەکان بەجێ دەهێڵێت.

ئەو رخنەی ئەوەشدەگرێت کە دەسەڵات رێگە بۆ راگەیاندنی بیانی خۆش دەکات و میوانداریيان دەکات، بۆخۆیان هەندێ دەرفەتیان بۆدیاری دەکەن یاخود لێدەگەڕێن کە باسی ئەو شتانە بکەن کە ئەمان بۆخۆیان پێیان خۆشە، یان بەدەستکەوتی دەزانن، وتی: راگەیاندنی ناوخۆیی و بەتایبەتی راگەیاندنە ئازاد و ئەهلییەکان دەست بۆکێشە و گیروگرفتەکان دەبەن، دەست بۆ گەندەڵی و پێشێلکارییەکان دەبەن، ئەمە بەلای ئەوانەوە قەبوڵ نەکراوە، لەبەرژەوەندییان دەدا، خەڵکی لەوبارەیەوە هۆشیار دەکرێتەوە، هەر بۆیە رێگریان لێدەکەن ئیتر رێگرییەکان ئەوەبێت چی زانیاریان پێنەدەن، چی ئەوەبێت ئاستەنگیان بۆ درووست بکەن، چی ئەوە بێت سکاڵایان لەسەر بکەن، لەهەمووشی خراپتر ئەوەیە کە رۆژنامەنووس بەر تیرۆر و رەشبگیری و لێدانیان بکەوێ.




میدیا وەك چەکێکی کوشندە!

# له خۆرهەڵاتی ناویندا چ دەگوزەرێ؟!

## (لەپەراوێزی پەیوەندی نێوان رۆژئاوای کوردستان و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتیدا)



ئازادیی کۆمەڵگە
حەسەن جودی

(١)

**تێگەیشتنەهەڵەکان**

لەگەڵ بڕیاری ناردنی وەجبەیەکی تری چەکی قورس لەلایەن ئەمریکاوە بۆ رۆژئاوای کوردستان و جێگیرکردنی هێزەکانی ئەمریکا و رووسیا لە سنووری نێوان رۆژئاوا – باکووری کوردستان (سوریا - تورکیا) مشتومڕێکی فراوان لەمبارەیەوە پەرەیسەند و ئێستا بۆتە رۆژەڤێکی سەرەکی لە ئاستی کوردستان و ناوچەکە و جیهانیشدا و لەو باوەڕیە دام ئەم مژارە تا ماوەیەکی درێژخایەن لە رۆژەڤدا بمێنێتەوە. ئەوەی سەرنجراکێشە لەو مشتومڕەدا ئەوپەرگیری بۆچوون و شرۆڤەکانە، بەرادەیەك شرۆڤە و بۆچوونەکان تەواو ناکۆك و دژ بەیەکن. ئەمەش پووختەی هەندێك لەو بۆچوونانەیە:

١. پەیوەندی و هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژی لەنێوان ئەمریکا و رۆژئاوای کوردستاندا هەیە هەردوو لادا هەیە و هەردوولا هێلکەکانیان خستۆتە سەبەتەی یەکترەوە و بێ یەکتر ناتوانن بەردەوام ببن.

٢. پەیوەندی و هاوپەیمانێتی نێوان هەردوو لا تاکتیکییە و دوای شەڕی داعش ئەو پەیوەندی و هاوپەیمانێتییە نامێنێت و دژ بەیەکتر راوەدەوەستن.

٣. ئەم هاتنەپێشەوەیەی ئەمریکا بۆ داهاتووی رۆژئاوای کوردستان زۆر مەترسیدارە و پێویستە رۆژئاوا دەستبەرداری ئەو هاوپەیمانێتییەی لەگەڵ ئەمریکا و روسیا و کۆی هاوپەیمانان بێت.

٤. ئەمریکا جێی باوەڕ و متمانە نییە، بەڵام رووسیا متمانەپێکراوترە. رای پێچەوانەش هەیە کە پێی وایە رووسیا جێی باوەڕ و متمانە نییە، بەڵکو ئەمریکا جێی باوەڕ و متمانەیە. (بۆ ئەم دوو بۆچوونە لەیەك جیاوازە؛ ئەزموونی رابردووی کورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە لە سەدەی رابردووەوە تا ئێستا وەك ئەرگۆمێنت و بەڵگەدەهێننەوە).

٥. پێویستە رۆژئاوا تەواو خۆی لەگەڵ ئەمریکا و رووسیا و هاوپەیمانان بکاتە یەك و لەچوارچێوەی ستراتیژ و سیاسەتی ئەواند بخولێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوان لێی رازی بن و بەمەش شتێك بەر کورد بکەوێت.

ئەمەو چەندین بۆچوونی دیکەی لابەلا و لاوەکی لەمبارەیەوە هەیە، بەڵام ئەمانە زەقترینیانن. لێرەوە بە پێویستیی دەبینم ئەوە بخەمە روو کە ئەم بۆچوونانە هیچیان گوزارشت لە بۆچوونی خودی رۆژئاوا ناکەن. هەروەها پێم وایە کە گوزراشت لە راستینەی ئەوەش ناکات کە لە زەمینەی واقیعدا دەگوزەرێت.

لەو باوەڕەدا دام کۆی ئەو را و بۆچوونە ناکۆك و دژ بەیەکانە کەموکوڕی و هەڵەی جددییان تێدا هەیە. مسۆگەر کە شرۆڤە و راڤەکردن بۆ هەر شتێك لەسەر بنەمای هەڵە بوو، ئەوا هەر دەرئەنجام و راوبۆچوون و هەر بڕیاردانێکی لێیەوە بێتەدەر هەڵە دەبێت. هەر پەیوەست بەمەشەوە؛ راستییەکی دیکەش هەیە کە؛ هەر رووداوێك (تەنانەت هەر پەیوەندی و ناکۆکییەکیش) دابڕاو لە هۆکارەکان و بنچینە و ئامانجی روودان و پەرەسەندنیدا شرۆڤەی بۆ بکرێت ئەوا شرۆڤەیەکی ناتەواو دەبێت و لەوانەیە هەندێجار بە مەبەستی چەواشەکردن و بەلارێدابردنی خودی راستییەکان شرۆڤەی هەڵە پێشبخرێت. کەواتە ناکرێ ئەو هەڵوێست و جموجۆڵەی ئەمریکا و رووسیا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیان هەروا بە سادەیی و وەك خێر سەدەقە و چاکەخوازییان ببینرێت، چونکە سیاسەت بەروانگەی ئەوانەوەپەیوەندی بەچەمکی چاکەخوازی و ئاکارییبوونەوە نییە، بەڵکو رێك پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانەوە هەیە، بەرژەوەندییەکانیشیان وا دەخوازێت پاساو بۆ هەموو ئامرازەکان بهێنرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە؛ پێم وایە لە پشت

هەندێ لەو شرۆڤە و بۆچوونانەدا ئەوەندەی خەریکی جوانکردن و باش نیشاندانی ئەمریکا و رووسیا و هێزەکانی دیکەی هاوپەیمانن ئەوەندە ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆی رۆژئاوا نابینن، تەنانەت جیاوازییە فیکری و ستراتیژییەکانی نێوان ئەو دەوڵەتانە و رۆژئاوا نابینن و پێیان وایە هەموو هەر لەیەك بەرە و جەمسەرگیری دان. ناتوانن لێکدانەوە بۆ ئەوە بکەن کە لە چیدا لەیەك بەرە و جەمسەر دان و لەچیدا لەیەکتر جیاوازن و تەنانەت ناکۆکن لەگەڵ یەکتری؟!. هەروەها هەڵەیە ئەگەر ئەم مژارە تەنیا لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکی سەربازی لێی بڕوانرێت و رەهەندەکانی دیکەی ئەو پەیوەندی و هاوپەیمانێتییە نەبینرێت کە لەنێوان هێزەکانی سوریای دیموکراتی و هێزە هاوپەیمانەکاندا هەیە. هەروەها هەڵەشە وا لێکبدرێتەوە کە ئەمە هاوپەیمانییەتێکی تەواو ستراتیژییە و هەمیشە بێ ناکۆکی و ململانێ بەردەوام دەبێت و ئیدی هاوپەیمانان و کورد تا کۆتا لەسەر یەك ڕێگا بەیەکەوەن و هیچ دووڕیانێك، ناکۆکییەك نایەتەپێش، تەنانەت هیچ دژبەریکردنێکی یەکتر روونادات.

(٢)

جەمسەرگیرییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین

سەرەتا با لەوەوە دەستپێبکەین کە ناکرێ راستینەی جەمسەرگیرییەکانی هێزەکان لە خۆرهەڵاتی ناوین لەبەرچاو نەگرین و بێین لێکدانەوەیەکی راست بۆ بوویەری چەکپێدان بە رۆژئاوا بکەین. لە ئاستی خۆرهەڵاتی ناویندا – تەنانەت لە ئاستی کوردستان و جیهانیشدا – سێ جەمسەرگیری سەرەکی هێزەکان هەیە، لەنێو هەر یەك لەو جەمسەرگیرانەشدا چەندین وردە جەمسەرگیری دیکە هەیە.

جەمسەرگیرییە سەرەکییەکان ئەمانەن:

**جەمسەرگیری یەکەم:** جەمسەری هێزە قەوارەپارێزەکانە، کە بریتییە لە رژێمە داگیرکارەکانی کوردستان و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، لەگەڵ ئەو هێزە چەکدار و سیاسیانەی دەوڵەت نین، بەڵام قەوارەپارێزن و هەریەکەیان بەجۆرێك لە جۆرەکان پابەند و وابەستەن بەو رژێمە داگیرکارانە و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەوە.

> **ئەو هێز و بزووتنەوانەش سوود لە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان گەلان و ئایین و ئایینزاکانی ناوچەکە وەردەگرن**

قەوارەپارێزی واتای چییە؟ واتا ئەو رژێم و هێزانەن کە لە دەرەوەی ئیرادەی گەلانی ناوچەکە لەلایەن زلهێزەکانی سەرمایەی جیهانییەوە دروستکراون و پشتیوانی لە مانەوەیان کراوە و بۆ پاوانکردنی ناوچەکە و دەستگرتن بەسەر سەرمایە و سەرچاوەکانی وزە، وەك ئامرازێك بەکارهێنراون. کەی پێویستیش بووە، شێوە و دەمامکیان گۆڕیون. لەو جەمسەرگیرییەدا کۆی ئەو دەوڵەتانە لەخۆوە دەگرێت کە لەمیانەی رێککەوتنەکانی سایکس بیکۆ و لۆزان و رێککەوتنی دیکەوە دروستکراون، هەروەها کۆی هێز و بزووتنەوە میللیی، ئایینی و ئایینزاییە دەمارگیرە دەسەڵاتخوازەکانی کە لە خۆرهەڵاتی ناوین و کوردستاندا هەن لەخۆوە دەگرێت، کە بە راستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ لەلایەن زلهێزەکانی جیهان و رژێمە داگیرکارەکانی کوردستان و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەوە دروستکراون و بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی ئەوانەی پشتیوانیان لێدەکەن ئاراستە دەکرێن و بەکاردەهێنرێن. بێگومان بۆ ئەم ئاراستەکردن و بەکارهێنانەی ئەو هێز و بزووتنەوانەش سوود لە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان گەلان و ئایین و ئایینزاکانی ناوچەکە وەردەگرن و کەی بەپێویستیان بینی لەسەر بنەمای «پەرتکە و زاڵبە« و «کەروێشك راکە و تاژی بیگرە« ئەو هێز و بزووتنەوانە لەنێوان خۆیاندا یان دژ بەو رژێم و دەوڵەتانەی ناوچەکە بەکاردەهێنرێن و لەئاکامدا شەڕ و پێکدادان، کۆمەڵکوژی و وێرانکاری روودەدات. ئەمە پووختەی مێژووی جەمسەرگیری قەوارەپارێزەکانە لە سەدەی بیستەوە تا ئێستا.

**جەمسەرگیری دووەم:** جەمسەرگیری زلهێزە پاوانخوازەکانی دەرەوەی خۆرهەڵاتی ناوینە، کە بریتین لە دەوڵەتانی ئەوروپا، ئەمریکا، رووسیا. هێزەکانی ئەم جەمسەرگیرییە لە نزیکەی دوو سەدەیە لەهەوڵی تەواو داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی خاك و سامان و سەرچاوەکانی وزەی خۆرهەڵاتی ناوین دان. لەسەرەتای سەدەی رابردوو لە شێوە (فۆرم)ی دەوڵەت – نەتەوەدا بە چوار داگیرکارەکەی کوردستانیشەوە، چەندین دەوڵەت - نەتەوەیان بۆ پاراستن و درێژەدان بە بەرژەوەندییەکانیان دروستکرد. خۆرهەڵاتی ناوین و کوردستانیش لەسەردەمی «شەڕی سارد»یشدا ببووە گۆڕەپانێکی گەرمی خوێناوی و دژواری ململانێی نێوان زلهێزەکان لەنێوان خۆیان و دەوڵەتانی ناوەندگەرای دیکتاتۆری ناوچەکەش لەنێوان خۆیان و هەر هەمووشیان

لەبەرامبەر بە گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین، بەتایبەتی گەلی کوردستان، لە ململانێ و شەڕ دابوون. هەرچەندە لە رووکەشدا سەردەمی شەڕی سارد نەما بووبێت، بەڵام لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە زلهێزانی جیهان لەهەوڵی ئەوەدان شێوەیەك بە سیستەمی دەسەڵاتداریێتی خۆرهەڵاتی ناویندا بدەن. چونکە پێیان وایە ئەو سیستەمە دەوڵەت - نەتەوەیەی سەدەیەك بەر لەئێستا دروستیان کرد، ئێستا بۆتە کۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم زیاتر پاوانکردنی خۆرهەڵاتی ناوین. بە تایبەتی ئێستا دەرکەوتووە کە خۆرهەڵاتی ناوین بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەوڵەمەنترین سەرچاوەکانی وزەی تێدایە.

بۆیە ئەو هێزانە دەستێوەردانێکی ریشەیی لە سیستەمی دەسەڵاتداریێتی خۆرهەڵاتی ناوین بە پێداویستییەکی ژیانیی و چارەنووسساز بۆخۆیان دەبینن. لەبنچینەدا سیستەمی دەسەڵاتداریێتی خۆرهەڵاتی ناوین سیستەمی پاوانکاری سەرمایەی جیهانییە کە دەوڵەتانیان نوێنەرایەتی دەکەن، بەڵام ئەو دەوڵەت - نەتەوانە، کە لە بنچینەدا هی دەسەڵاتی چینی باڵادەست و تاڵانکاری ئەو گەلانەی ژێردەستیانن، لەمیانەی وابەستەبوون بەو دەوڵەتە زلهێزانەوە لەسەرپێ ماونەتەوە. ئێستا هەمان ئەو زلهێزانە دەیانەوێت ئەو دەوڵەتە وابەستانەی خۆرهەڵاتی ناوین لە ریشەوە بگۆڕن بۆ ئەوەی خۆیان بمێننەوە. چونکە تەواو لەو باوەڕەدان کە شادەماری ژیان و مانەوەیان خۆرهەڵاتی ناوینە، تەنانەت بۆ ئەوەی بەسەر جیهاندا زاڵ بن و بمێننەوە پێویستە بەسەر خۆرهەڵاتی ناویندا زاڵ بن. بۆیە نزیکەی چارەگە سەدەیەکە کار لەسەر پڕۆژە و ستراتیژی «سەرلەنوێ شێوەدانەوە بە خۆرهەڵاتی ناوین» دەکەن. لە بنەڕەتدا شێوەدانەوە بە خۆرهەڵاتی ناوین شێوەدانەوەشە بە جیهان، ئەو جیهانەی ئێستا لەنێو گێژاوێکی هەمەلایەنە دایە و بەدوای دەرەتانێکدا دەگەڕێت تا لەو گێژاوەی تێیکەوتووە رزگار ببێت. ئەو دەرەتانەش خۆرهەڵاتی ناوینە. بۆیە زلهێزانی جیهان بەهەموو هێز و توانستی خۆیانەوە لە خۆرهەڵاتی ناوینن و ئامادەن، لە ململانێ دان، چەندایەتی و چۆنایەتی هەبوونی ئەو هێزانە لە خۆرهەڵاتی ناویندا زۆر زیاتر و فراوانترە لەو هەبوون و ئامادەگییەی لە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا بوون. بۆیە هەبوون و ئامادەیی ئەو زلهێزانە لەم ناوچەیەدا لە ئاستی جەنگێکی جیهانی گەورەتر لە هەردوو جەنگەکەی پێشووتر دایە، چونکە هەم هۆکارەکانی ئەم جەنگەی ئێستا و هەمیش ئەو ئەنجامەی لێیدەکەوێتەوە زۆر زیاتر و فراوانترە لەهی هەردوو جەنگەکەی رابردوو.

> **لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بزووتنەوەی ئازادیخوازی پەکەکە بەهێزترین و فراوانترین بزووتنەوەی ئەم جەمسەرگیرییەیە**

**جەمسەرگیری سێیەم:** ئەو جەمسەرگیرییە بریتییە لەو بزووتنەوە ئازادیخوازانەی لەدەرەوەی بازنەی پڕۆژە و ستراتیژییەتی هەردوو جەمسەرەکەی تر لە هەناوی کۆمەڵگەکانی ناوچەکەوە سەریهەڵداوە و لەسەر بنەمای ئازادی و بەیەکەوەژیان و بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراتی وەك جەمسەرێکی سەربەخۆ لە تێکۆشان دایە. هەروەها لە هەوڵ و کۆششی ئەوە دایە ئاراستەی رووداو و پێشکەوتنەکان بە قازانج و بەرژەوەندی گەلانی خۆرهەڵاتی ناویندا بڕوات. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی داگیرکاری دەرەکی زلهێزەکان بۆ خۆرهەڵاتی ناوین و پاشان دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوە ستەمکارە فاشیست و شۆڤێنیستەکانی سەدەی بیستەم و تا رۆژی ئەمڕۆ وەك جەمسەرگیرییەکی پەرشوبڵاو و دەردەدار بە پەتاکانی دەسەڵاتخوازێتییەوە هەبووە و لەپەرەسەندن دابووە، هەم دژ بە داگیرکاری و هەمیش دژ بە ئەو دەوڵەت - نەتەوە ستەمکارانە لە تێکۆشانی بەردەوام دابوونە. بەڵام بە سوود وەرگرتن لە میراسی بەرخۆدان و تێکۆشانی سەدساڵەی ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازانە، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بزووتنەوەی ئازادیخوازی پەکەکە بەهێزترین و فراوانترین بزووتنەوەی ئەم جەمسەرگیرییەیە. مسۆگەر چەندین بزووتنەوەی ئازادیخوازی دیکەش بە قەبارە و کاریگەری جیاوازیانەوە لە خۆرهەڵاتی ناویندا هەن. بەڵام وەك لە ئەزموونی راپەڕینە جەماوەرییەکانی باکووری ئەفریقیا و خۆرهەڵاتی ناوینیشدا بینیمان کە ئەو بزووتنەوانە هێشتا کێشەی بوون بە ئەلتەرناتیف و خۆ رزگارکردن لە پەتاکانی شۆڕشی چەواشە و مەیلی دەسەڵاتخوازێتی هەیە.هێز و بزووتنەوەکانی ئەم جەمسەرگیرییە لەیەککاتدا ناچارن هەم لەبەرامبەر بە جەمسەرگیری یەکەم و هەمیش جەمسەرگیری دووەمدا خاوەن مەودای پێویست بێت و نەکەوێتە بازنە و یارییەکانی ئەو دوو جەمسەرگیرییە و لەهەمانکاتیشدا بە سوود وەرگرتن لە ململانێی نێوان جەمسەرگیری یەکەم

و دووەمدا جەمسەرگیرێتی سێیەمی خۆی بپارێزێت. لەسەر بنەمای پاراستنی تایبەتمەندی و جیاوازییە جەوهەریی و بنچینەییەکانی خۆی دیالیکتیکی (پەیوەندی -ناکۆکی) هەردوو جەمسەرەکەی تردا، هێزەکانی نێو هەردوو جەمسەرەکەدا، پێبشخات. ئەوەی لەگۆڕەپانی ڕۆژئاوا و سوریا دەبینرێت لە بنچینەدا بەکرداریکردنی ئەو دیالیکتیکەیە لە ئاستی سیاسی و لەسەر زەمینەی واقیعدا. ئەوەی زۆر گرنگە ئێستا ئەو جەنسەرگیرییە خاوەن سیستەمێکی ئەلتەرناتیڤە کە سیستەمی کۆنفیدرالی دیموکراتییە.

(٣)

پەیوەندی – ناکۆکییەکانی نێوان جەمسەرەکان

ئێستا ئەو سێ جەمسەرگیرییە لەهەموو ئاستەکاندا لەنێو ململانێ و ناکۆکی دژوار دان. هەر ئەمەشە کرۆکی ئەو جەنگەی بە جەنگی سێیەمی جیهانی ناودەبرێت. دەکرێ بەڕوونی ئەوە بخرێتەڕوو کە لەنێو جەمسەرگیری یەکەمدا دەوڵەت و هێزە قەوارەپارێزەکان لە چەندین بەرەدا لەنێو شەڕی مان و نەمان دایە:

١. هەموو دەوڵەت و هێز و لایەنە وابەستەکانیان لە پێناو مانەوە یان خەونی فراوانخوازی خۆیانەوە دژ بەیەکتر لە شەڕدان، بنەمای ئەو شەڕەشیان فاشیزمی نەتەوەیی، ئایینی و ئایینزاییە. بۆ نموونە؛ شەڕی نێوان شیعەگەرێتی – سوننەگەرێتی، وەهابی – ئیخوانی...هتد

٢. دژ بە گەلانی ژێردەستەیان لە شەڕی خوێناوی و سەخت دان، شەڕی ئەو دەوڵەتانە دژ بە گەلی کوردستان و گەلانی دیکەی ژێردەستەیان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانیان. مسۆگەر بنەمای ئەو شەڕەیان فاشیزمە و لەپێناو مانەوەی قەوارەکەیانە.

٣. هەروەها دژ بە هێزەکانی جەمسەرگیری سەرمایەی جیهانییش لەهەوڵی ئەوەدان چ بە خۆوابەستەکردنی زیاتریان بە زلهێزەکانەوە و چ بە تێکدانی بەرنامە و پیلانەکانی زلهێزەکان لەسەر پێیان بمێننەوە.

## هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی تورکیا لەلایەن ئەمریکا، ئەوروپا و رووسیا لە بەرچاوە

لەو باوەڕە دام کە ململانێ و شەڕ لەو هەموو بەرە و سەنگەرەدا هەموو ئەو دەوڵەت و هێزانە بەرەو هەڵوەشانەوە و داڕووخان دەبات.

هێزەکانی جەمسەرگیری دووەمیش لە ئاستی خۆرهەڵاتی ناویندا لەسەر بنەمای پاوانخوازی زیاتر، لە چەندین بەرەوە لە ململانێ و شەڕ دان؛

١. هێزەکانی ئەو جەمسەرگیرییە لەنێوان خۆیاندا لە ململانێی قووڵ دان؛ ململانێی نێوان ئەوروپا – ئەمریکا، ئەوروپا - رووسیا، ئەمریکا – رووسیا، ئەمریکا، هەروەها لەئاستی جیهانییشدا ململانێی ئەو هێزانە لەگەڵ کۆریای باکوور، چین، ژاپۆنیش وەك کۆمەڵێك بەرەی دیکەی ململانێ ئەو جەمسەرگیرییەی رووبەڕووی تەحەددای زۆر مەزن کردۆتەوە.

٢. لە کردە (پرۆسە)ی سەرلەنوێ شێوەدانەوە و دەستبەسەرداگرتنی زیاتری سەرچاوەکانی وزەی خۆرهەڵاتی ناویندا رووبەڕووی بەرگرییەکی دژواری ئەو رژێم و هێزە وابەستە قەوارەپارێزەکانیان دەبنەوە. بۆ ئەمەش لەسەر بنەمای تاکتیکی سیاسی پشتیوانی لەهەندێکیان و هەوڵی رووخاندنی هەندێکیان دەکەن. ئەو پشتیوانی و هەوڵی رووخاندنە زۆر کەموەختە و بەردەوام لە گۆڕانکاری تاکتیکی دایە. نموونەی پشتیوانی و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی تورکیا لەلایەن ئەمریکا، ئەوروپا و رووسیا نموونەی هەرە بەرچاوە.

٣. هێزەکانی ئەو جەمسەرگیرییە لەبەرامبەر بە گەلانی ناوچەکە بە گشتی و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکانی ئەو گەلانە بەتایبەتی لەسەر بنەمای تاکتیکی سیاسی کەموەختدا پشتیوانی لەهەندێکیان و دژبەری هەندێکیان دەکەن. بەڵام لە ستراتیژی دوور مەودادا لەهەوڵی ئیحتیواکردن، بەکاربردن و بنکۆڵکردن و وابەستەکردنیان بەخۆوە دەدەن. ئامانج لەو دژبەری یان پشتیوانییە پاراستنی بەرژەوەندییەکان و پاوانخوازی زیاترە. دەکرێ سیاسەتی پارادۆکسی هێزەکانی ئەو جەمسەرگیرییە لەبەرامبەر بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان لە رۆژئاوا – سوریا، باکوور - تورکیا وەك نموونەیەکی ئەو سیاسەتە ببینین.

بێگومان ئەو هەموو بەرە و سەنگەربەندی جەمسەرگیری دووەم لەسەر خۆی کردۆتەوە، هەر وا بە ئاسانی لێیەوە دەرناچێت. رووبەڕووی دژواری و تەحەددیاتی زۆر مەزن و تاقەتپڕوکێن دەبێتەوە. ئێستا خۆرهەڵاتی ناوین بۆ هێزەکانی ئەو جەمسەرگیرییە بۆتە زۆنگاوێکی خەست و بێبن، دەرچوون لێی پابەندە بەوەی چەندە ئیرادەی ئازادی گەلانی ناوچەکە پەسند دەکات. بۆیە ئەو هێزانە ناچاردەبن لەبەرامبەر بە ئیرادەی

ئازادی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین خۆ نادیدە نەکەن. واتا ئەگەر لەهەوڵی ئەوە دابن کۆی ستراتیژە پاوانخوازییەکەیان لە ناوچەکەدا جێبەجێ بکەن و پێیان وابێت خۆرهەڵاتی ناوین کێکێکە و لەنێوان خۆیاندا دابەش و بەشی دەکەن ئەوا تووشی شکستی مەزن دەبنەوە. پێم وایە بە پەسندکردنی ئیرادەی ئازادیخوازی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین و بزووتنەوە ئازادیخوازەکەیان برێك لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن.

هێزەکانی جەمسەرگیری سێیەمیش لەیەککاتدا لە سێ بەرە و سەنگەردا لە شەڕ و ململانێ دان و تا دێت ئاست و قەبارەی ئەو شەڕ و ململانێیە زیاتر و سەختتر دەبێت، بەڵام کاریگەری ئەو جەمسەرگیرییە تادێت فراوانتر و مەزنتر دەبێت:

١. لەبەرامبەر بە کۆی سیستەمی دەسەڵاتداریتی قەوارەپارێزی رژێمەکانی خۆرهەڵاتی ناویندا لەهەموو ئاستەکاندا لەنێو شەڕ و ململانێیەکی تابڵێی خوێناوی و توندوتیژ دایە و بە بەرخۆدان و شاڵاوی مەزنەوە لە هەڵکشان دایە.

٢. لەبەرامبەر بە هەژموونی پاوانخوازی سەرمایەی جیهانیشدا لە ئاستی فیکری و سیاسییدا لە سەنگەری بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوە دایە و نەگەیشتۆتە ئاستی شەڕ و پێکدادانی سەربازی راستەوخۆ. لەلایەکی دیکەشەوە لەنێو پەیوەندی و دانوستان و لێکتێگەیشتن دایە. ئەمەش لە چوارچێوەی دیالیکتیکی (پەیوەندی - ناکۆکی)دا هەڵکشان و داکشانی بەردەوام بەخۆیەوە دەبینێت. وەکو باسم کرد پەیوەندی و ناکۆکی نێوان هێزە هاوپەیمانەکان لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان لەم چوارچێوەیە دایە. ئایا پەیوەندییەکان زیاتر دەچنە پێشەوە یان ناکۆکییەکان؟ ئەمە پەیوەندی بە سیاسەتی هەردوو جەمسەرگیرەوە هەیە.

٣. لەبەرامبەر بە هەموو ئەو هێزە قەوارەپارێز و دەسەڵاتخوازە فێندەمێنتاڵە فاشیستە میللی، ئایینی و ئایینزاییانەی لە خۆرهەڵاتی ناویندا سەریانهەڵداوە و وەك مقاشێکی دووسەرەی دەست هێزەکانی جەمسەرگیری یەکەم و هێزەکانی جەمسەرگیری دووەم دان، لە تێکۆشانێکی پڕ لە شکۆداری دان.

> **سیستەمێکی دیموکراتی خۆرهەڵاتی ناوینی سەرتاسەری سیستەمێکی کۆنفیدرالی دیموکراتی بێتە کایەوە**

(٤)

**ئەنجام چی دەبێت؟**

پێم وایە؛ لە خۆرهەڵاتی ناویندا ئەو جەمسەرگیرییە سێینەیە تا یەکلاییبوونەوەی ململانێیەکانی نێوانیان بەردەوام دەبێت. یەکلاییبوونەوەکەش بە هەڵوەشانەوە یان شکستهێنانی یەکێك لە جەمسەرگیرییەکان روودەدات. بە گوێرەی واقیعی ململانێیەکان؛ جەمسەرگیری یەکەم، واتا جەمسەرگیری قەوارەپارێزەکانی رژێمەکانی خۆرهەڵاتی ناوین، پاڵێوراوی یەکەمە بۆ هەڵوەشانەوە و شکستهێنانی کۆتاییان. ئەمەش بەو واتایە دێت ئەو رژێمانەی ئێستا لەسەر بنەمای دەوڵەت – نەتەوە هەڵدەوەشێنەوە. هەڵوەشانەوەکەش سێ ئەگەر و شیمانە لەگەڵ خۆیدا دێنێت:

١. یان ئەوەتا وەك زلهێزەکان لەسەر بنەمای دابەشکردن و بەشکردن (التقسیم و التقاسم) پارچە پارچە دەکەن و لەنێوان خۆیاندا وەك چەند کۆلۆنییەکی پاوانکراوی دەستی ئەو زلهێزانەوە دەستبەسەر تەواوی سەرچاوەکانی وزە و خاك و سامانەکەیدا بگرن. ئەمەش مسۆگەر لەگەڵ خۆیدا قۆناخێکی دیکەی شەڕ و ململانێی خوێناوی گەلانی ناوچەکە لەگەڵ ئەو زلهێزانە و ئەو هێزەوابەستە لۆکالییانە دەستپێدەکات و بە دژواری بەردەوام دەبێت. رەنگبێ هەوڵبدەن لە بری سیستەمی دەوڵەت – نەتەوە، ئەمجارە مۆدێلی سیستەمی دەوڵەت – ئایین، یان دەوڵەت – ئایینزا، یاخود دەوڵەت – ئەتنیکە پەراوێزخراوەکان جێی بگرنەوە. بیرکردنەوە لە ئەلتەرناتیڤێکی بەمجۆرە ناتوانێت جێگیر ببێت. چونکە لەسەر بنەمای شەڕ و پێکدادان دروست دەبێت و ئەمەش دژی داخوازیی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوینە.

٢. یاخود ئەو ململانێیە بە خەستی و دژواری بەردەوام دەبێت و تا قۆناخێکی دیکە مۆدێلێکی تێکەڵە لە سیستەمە کۆنە قەوارەپارێزەکە، سیستەمی دیموکراتی، سیستەمی لیبراڵی هەژموونگەرایی سەرمایەی جیهانی بێتەکایەوە و لەناو ململانێ و ناکۆکی بەردەوامدا دروستبکرێت، هەڵبەتە ئەو قۆناخە کاتییە و ناتوانێت بەردەوام ببێت،

٣. یان لەسەر بنەمای ئازادی، دادپەروەری، ئاشتی و بەیەکەوە ژیانی ئازادانەی گەلان سیستەمێکی دیموکراتی خۆرهەڵاتی ناوینی سەرتاسەری سیستەمێکی کۆنفیدرالی دیموکراتی بێتە کایەوە، کە ئەمەش بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلان رێبەرێتی دەکات. ئەمرۆ جەمسەرگیری سێیەم لە هەردوو جەمسەرگیرییەکەی دیکە توانستی زیاتر و بەهێزترە و تا دێت لە هەڵکشان دایە و وزەی سەرکەوتنی بەهێزی لەدەست دا هەیە و سەردەکەوێت.


# میدیا وەك ئامرازێك بۆ سەركوتكردنی ئازادیی ڕادەربڕین



ئازادیی کۆمەڵگە
دیارعەزیزشەریف

میدیا خۆی ئامرازێكە بۆ گەیاندنی ڕاستییەكان و ئازادیی ڕادەربڕین، بەڵام چ كاتێك و لە چ شوێنێك میدیا خۆی دەبێتە ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و بێدەنگکردنی کۆمەڵگە؟ لە چ شوێنێکدا میدیا مەسخ دەکرێتەوە و لەبری ئەوەی ببێتە پردێک بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک، دەبێتە کۆسپێک لە بەردەم وشیاربوونەوەی خەڵک و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی هاونیشتیمانیان؟ ئەم ڕەوشەی ئێستا میدیا لە باشووری کوردستان تێیدایە ناچارمان دەکات بە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی وەڵامی چەندین پرسیاری لەم شێوەیە. لەبەرئەوەی وەک سەرجەم کایەکانی تری نێو کۆمەڵگە، ڕاگەیاندنیش لەلایەن ئەو دەسەڵاتە حیزبییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تەواو کۆنترۆڵ کراوە و دەستی بەسەرداگیراوە...

دەکرێ بڵێین دوا بەدوای دەست بەسەرداگرتنی سامانە ماددییەکانی نیشتیمان لەلایەن ئەم دەسەڵاتە حیزبییەوە، میدیا لە پێشەوەی ئەو پێکهاتە مەعنەوییە فەرهەنگی و



شەڕی دەروونی!

کولتووریانە دێت کە لەلایەن هەمان عەقڵیەت و کاراکتەرەکانییەوە قۆرخکراوە، چونکە لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی کاری ڕاگەیاندن بە یەکسانی بۆ ڕۆژنامەنووسان نەڕەخساوە. نەک هەر هەڵی کارو زەمینەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بە یەکسانی نەڕەخساوە، بەڵکو نابەرامبەری و کەلێنێکی ئێجگار گەورە لە ڕووی دارایی، یاسایی و سیاسی دروست بووە و بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی حیزبییەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو ناعەدالەتییە قووڵتر دەبێتەوە. لەمەشدا هەموو پێوەری زانستی و پرۆفیشناڵی و نیشتیمانییەکانی پەیوەست بە کاری میدیا خراوەتە ژێر پێیەوە... بۆ نموونە ئەگەر تۆ بخوازیت وەک ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد کار بکەیت، ئەوە لەم جێوگرافیایە زۆر بە زەحمەت جێگات دەبێتەوە، پاراستنی سەربەخۆیی شوناسی ڕۆژنامەنووسیت نەک هەر دووچاری کێشەی دارایی و ژیانی ڕۆژانەت دەکاتەوە، تەنانەت دەگاتە شوێنێک مەترسی دەخاتە سەر ڕۆحیشت. تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد لە مێژوویەکی هەرە نزیکی ڕابردووماندا گەواهی ئەم بۆچوونانەی ئێمەن. بەپێچەوانەوەش ڕۆژنامەنووسانی حیزب و ڕۆژنامەنووسانی سێبەر لەلایەنی ماددییەوە ژیانیان دابین کراوە، ئاسایشی کۆمەڵایەتیان پارێزراوە. بەمەش شەڕی ئەم دەسەڵاتە لە دژی میدیای ئازاد و ڕۆژنامەنووسانی ئازاد هەموو ئاستەکانی گرتووەتەوە.

سیاسەتی دووڕوویی ئەم دەسەڵاتە لە بەرامبەر ڕاگەیاندن لە بنەچەدا پەیوەستە بە دنیابینی سیاسی ئەم پارتە دەسەڵاتدارانە لە ئاست هونەری سیاسەتکردن و حوکمڕانیکردنی وڵات و تێڕوانینیان لە بەرامبەر کۆمەڵگە. تێڕوانینی ئەم عەقڵیەتە کلاسیک و چەقبەستووە بەرامبەر بە چەمکی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی.

گرتنەبەری هەڵوێستی دووفاق لەبەرامبەر راگەیاندن، ئەخلاق و پیشەی گشت سیستەم و دەسەڵاتە نادیموکراتی، ستەمکار و دیکتاتۆرەکانە. ئەم مۆدێلە لە دەسەڵات، میدیا لە پاڵ ئامرازەکانی دیکەی سیستەم بۆ چەواشەکاری و گەوجاندنی عەقڵی هاونیشتیمانیان بەکاردەهێنێت. لەبەرئەوە لێرەوە میدیا لە شوناسی خۆی دادەماڵدرێت و رێک دژ بە چەمک و پرەنسیپەکانی خۆی دەخرێتەگەڕ، لەبری بڵاوکردنەوەی راستییەکان و بوون بە چاودێر بەسەر دەسەڵات، دەبێتە چاوی دەسەڵات بەسەر هەموو هێز و لایەن و کەسە دیموکراتخوازو مەدەنییەکانی نێو کۆمەڵگە، دەکرێتە ئامرازێک بۆ بێدەنگکردنی کۆمەڵگە. لەمەدا نموونەی دوورو نزیک لە بەردەستدان، کە چۆن «جۆزیف گۆبڵز»ی وەزیری راگەیاندنەکەی رژێمی نازی بە ئاشکرا باس لە تێڕوانین و گۆشەنیگای سیستمێکی تۆتالیتار بۆ میدیا دەکات و دەڵێت: «ئەگەر درۆی گەورەت کرد و بەردەوام دووبارەت کردەوە، دواجار خەڵک باوەڕ بە درۆکەت دەکەن و وەک راستی وەریدەگرن. لەسەر دەوڵەت پێویستە سەرجەم هێز و دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ سەرکوتکردنی دەنگی ناڕەزایی بەکاربهێنێت، چونکە حەقیقەت دوژمنی سەرسەختی درۆیە، و بەمەش حەقیقەت گەورەترین دوژمنی دەوڵەتە.»

تێڕوانینەکەی گۆبڵز، بۆ میدیا ئەمڕۆش لە زۆر شوێنی دنیا کاری پێدەکرێت، بەڵام دەسەڵاتە ستەمکارەکان هاتوون جوانکارییان بۆ ئەو تێڕوانینەی گۆبڵز کردووە تاوەکو بەئاسانی نەناسرێتەوە. دەوڵەتی تورکیا لە ناوچەکەدا حەرف بە حەرف پەیڕەوی لە فەلسەفەکەی گۆبڵز بۆ میدیا و میدیاکاران دەکات. هەر لەبەرئەوە ئێستا تورکیا لەسەر ئاستی جیهان بە گەورەترین وڵات دادەنرێت بۆ زیندانی رۆژنامەنووسان.

**رای گشتی و شەقام هەمیشە ناکۆک بووە لەگەڵ دەسەڵاتە نادیموکرات و خۆسەپێن و گەندەڵەکان دا**

نزیکبوونەوەی دەسەڵاتی کوردیی لە راگەیاندن، بەشێکی دانەبڕاوە لە نزیکبوونەوەی ئەو عەقڵیەتە خێڵەکییە لە بەرامبەر کۆی کایەکانی تری کۆمەڵگە. لەبەرئەوە دەسەڵات دێت میدیا لە شوناسی خۆی دادەماڵێت و لە شوێنیدا ناسنامەی ساختەی پێدەدات... بەگشتیی مامەڵەیەکی پارادۆکسی و ئیزدیوازجیانە لە بەرامبەر راگەیاندن دەکات. کاتێک خۆی میدیا وەک ئامرازێک بۆ درێژەدان بە سیاسەتی نادیموکراتی و شکستخواردووانەی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەوە هەوڵدەدات ئەو جۆرە لە میدیا وەک روخسارێکی نیشتیمانیی و نەتەوەیی جوان پیشانی خەڵک بدات... لە بەرامبەریشدا ئەم عەقڵیەتە دەسەڵاتدارە هەوڵی داوە میدیای ئازاد وەک شتێکی نامۆ و تێکدەر لە زهنیەتی خەڵک بچەسپێنێت... ئەو راگەیاندنەی کە بە فاکت و زانیارییە راست و دروستەکان قسە لەسەر هەبوونی گەندەڵی ئیداری و دارایی دەکات، قسە لەسەر پێشێلکاریی ئازادییە سیاسیی و مەدەنییەکان دەکات، ئەوە هەمیشە راگەیاندنێک بووە لەلایەن ئەم دەسەڵاتە حیزبی و خێڵەکییەوە وەک دوژمن سەیر کراوە... لەمەشدا دەسەڵات لەرێی میدیا حیزبی و سێبەرەکانی خۆیەوە، لەرێی رۆژنامەنووسەکانی خۆیەوە درێغی نەکردووە لە هەوڵدان بۆ ناشیرینکردنی میدیا و دەنگ و رەنگی ئازاد لەم وڵاتە. عادەتەن لە وڵاتە نادیموکراتییەکانی وەک وڵاتی ئێمە دەسەڵات بۆ کپکردنی دەنگی ئازاد، زاراوەگەلێکی لاستیکیانەی وەک ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانیی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئایین و ژیانی تاکەکەسی بەکاردەهێنێت. لە کاتێکدا ئەوە شاردنەوەی گەندەڵی و ناهەق و زوڵم و ستەمەکانە وادەکات دواجار ئاسایشی نیشتیمانیی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ژیانی تاکەکەسیش بکەوێتە مەترسییەوە! نەوەکو باسکردنیان و ئاگادارکردنەوەی خەڵک لێی.

دواتر ئەوە مەسەلەیەکی زانراوە کە ئەرک و پەیامی سەرەکی میدیا ئەوەیە، دواجار رای گشتی دروست بکات، بەڵام هەبوونی رای گشتی و شەقام هەمیشە ناکۆک بووە لەگەڵ دەسەڵاتە نادیموکراتی و خۆسەپێن و گەندەڵەکان.

میدیای سێبەر یان وەک پێی دەوترێت پترۆ-میدیا، لە ئێستادا گەورەترین و کاریگەرترین ئامرازی دەستی ئەم

دەسەڵاتە حیزبییەیە بۆ بەجێگەیاندنی کۆمەڵێک ئامانج و بەرژەوەندی حیزبی، بنەماڵەیی و شەخسییەکان. هەر لەبەرئەوە داهاتێکی زۆری نەوت بۆ ئەم ماشێنە میدیاییە تەرخان کراوە، سەدان کارمەند و رۆژنامەنوسی ناوەخۆ و دەرەوەی بۆ دابین کراوە. ئەم جۆرە لە میدیا لە هەرێمی کوردستان ئەوەندەی بۆ جوانکردنی روخساری ئەم دەسەڵاتە حیزبییە شکستخواردووە خراوەتەگەڕ، ئەوەندە کار بۆ پیشاندانی راستییەکان ناکات. ئەم میدیایە هەر لە شوێنی خۆیدا میدیایەکی تەندروست نییە، بەهەموو پێوەرە نەتەوەیی، نیشتیمانی و دیموکراسییەکان بێت، چونکە خۆی لەسەر بنەمای قووڵکردنەوە و درێژەپێدانی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی دارایی دامەزراوە.

لە بەرامبەریشدا، دەبینین رەوشی میدیای ئازاد و رۆژنامەنووسانی ئازاد لەم وڵاتە لەوپەڕی خراپی دابووە، لە رووی باری داراییەوە بگرە تا دەگات بە هەبوونی هەڕەشە و مەترسییەکان و رووبەڕووبوونەوەی مەرگ. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی رابردوو ئەوەی سەلماندووە هەر کەسێک و دەزگایەکی میدیایی بخوازێت بەگوێرەی بنەما و پرەنسیپەکانی راگەیاندن مامەڵە لەگەڵ خودی راگەیاندن بکات و بجوڵێتەوە، ئەوە چارەنووسی باش نابێت. بەداخەوە ئێمە لە دوای راپەڕین و لە رۆژگاری حوکمڕانی کوردییدا شایەدحاڵی تیرۆرکردنی نووسەرو رۆژنامەنووسە ئازادەکان بووینە، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایی لەگەڵ دەرکەوتنی رۆژنامەی ئەهلی و هەڵکشانی دەنگی ئازاد لە کوردستاندا، قەڵەمە ئازادیخوازەکان زیاتر کەوتوونەتە بەر پیلانی تیرۆریستی گروپە جینایەتکارەکان، کەچی تائێستا یەک بکوژی رۆژنامەنووسان نەدۆزراوەتەوە و نەدراونەتە دادگا!

## ئەم دەسەڵاتە حیزبییە لەرێی میدیای سێبەرەوە هەوڵی درێژکردنەوەی تەمەنی دەدا

ئاشکرایە پەیامی پشت تیرۆرکردنی رۆژنامەنوسە ئازادەکانی وەک سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی و وەدات حوسێن، بریتییە بووە لە بێدەنگکردنی تەواوی دەنگە ئازادیخوازەکانی تر.

لە هەرێمی کوردستان تەنیا دەرفەت بۆ میدیای ئازاد نییە، ئەگینا تەواوی ئاسانکارییە مادی و مەعنەوی و یاساییەکان بۆ میدیاکانی دەرەوەی میدیای ئازاد لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە فەراهەم کراون. بێگومان لەنێویشیاندا میدیای بیانی، چونکە ئەم میدیایانە زۆر کەم نەبێت، کار لەسەر واقیعی سیاسی و ئیداری ئێرە ناکات. بەپێچەوانەوە بەشێکی زۆر لەم میدیایانە لە خزمەت ئەم دەسەڵاتە دان. خاڵێکی تریش لە گرنگیدان بە میدیای بیانی لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بۆ گرێی دەروونی خۆبەکەمزانینی ئەوان بەرامبەر بە بێگانە دەگەڕێتەوە. لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی کورد لەم باشوورە بەچاوێکی خراپ و سوک سەیری میدیاکارانی ناوەخۆ دەکەن، کەچی لەبەرامبەر میدیاکارانی بیانی موجامەلە دەکەن و دەچەمێنەوە.

مادام سیاسەتێکی نیشتیمانی بوونی نییە، کەواتە نابێت چاوەڕوانی هەبوونی راگەیاندنێکی نیشتیمانیش بکەین. کاتێک سیاسەتی حیزب، خێڵ، بنەماڵەکان قەڵەمڕەو بێت، چۆن جێگەی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی راگەیاندنێکی نیشتیمانی دەبێتەوە؟ دوای شکستهێنان و ئیفلاسبوونی راگەیاندنی حیزبی، ئەم دەسەڵاتە حیزبییە لەرێی راستکردنەوەی میدیای سێبەر هەوڵی دا تەمەنی میدیای حیزبی درێژبکاتەوە. لە سەرەتای دروستبوونی حکومەتی هەرێم لە ساڵانی نەوەدەکان، میدیای حکومی دروستکرا، بەڵام دواجار دەرکەوت لاوازترین و بێ کاریگەرترین و پەراوێزترین میدیا رۆژنامە و رادیۆو تەلەڤزیۆنە حکومییەکان بوون.

میدیا لە هەرێمی کوردستان خۆی لەنێو گێژاو و قەیرانێکی قووڵی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و مۆراڵی دایە. ئەم قەیرانە ئەخلاقییەی میدیاش بەدەستی ئەنقسەت لەلایەن دەسەڵاتەوە دروست کراوە و تا دێت زیاتر پەرەی پێدەدرێت. کردنەوەی دەیان کەناڵی تەلەڤزیۆنی ناوەخۆ بەناوی کەناڵی ئایینی، کەناڵی درامایی و میوزیک و گۆرانی ئەمانە بەشێکی هەرە زۆریان ژەهری کولتووری دەڕێژن، ئامرازێکی ناڕاستەوخۆی دەستی دەسەڵاتن بۆ شاردنەوەی روخساری راستەقینەی

سیستەم. ئامرازێکن بۆ گەوجاندن و دەبەنگکردن لەرێگەی پەخشکردنی بەرنامە چەواشەکارییەکانیان تاوەکو خەڵک لە ئەسڵی بابەتەکە دووربخەنەوە. پێشکەشکردنی دراما تورکییەکان لە کەناڵە ناوەخۆییەکان بەشێکە لەو ژەهرە کولتووری و سیاسییەی کە دەرژێنرێتە نێو ناخ و دەروونی ئینسانەکانی ئێمە. ئەم دراما تورکیانە جگە لەوەی بوونەتە هۆکارێکی بەهێز بۆ تێکدانی شیرازەی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ ئێمەی کورد زیانێکی تریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە چونکە لە شوێنی خۆیدا زۆربەی ئەو درامایانە بە دەستی ئەنقەست و بە پلان لە دژی نەتەوەی کورد دەرهێنراون، لە ناوەرۆکیاندا زۆرجاران مرۆڤ ئەوە بەدی دەکات کە ئامانج تێیدا لێدانە لە کولتووری کوردی، بۆیە لە رووی نەتەوەییەوەش بۆ ئێمە مەترسیەکی گەورەن.

لە ماوەی رابردوو بەشێک لە رۆژنامەنوسان و چالاکوانانی مەدەنی لەبارەی مەترسییەکانی پەخشکردنی ئەو دراما تورکیانە هاتنە دەنگ و کەمپەینیش کرا. ئایا ئەم حکومەتە هیچ وەڵامێکی بۆ رای گشتی هاونیشتیمانیەکانی هەبوو؟ بێگومان نەخێر!

لەلایەکی تر دەبینین بەشێک لە مەلاو پیاوە ئایینیەکان لە سکرینی تەلەڤزیۆنەکان بەئارەزووی خۆیان هێرش دەکەنە سەر ئازادییە مەدەنییەکان، هێرش دەکەنە سەر ژنان بەتایبەت، زمانی زبرو توندوتیژی بەکاردەهێنن، بەئاشکرا بازرگانی بە ئایینەوە دەکەن و خورافات بڵاودەکەنەوە...

هەر لەبارەی زمانی زبرەوە، میدیا لێرە وای لێهاتووە لێوان لێو بووە لە زمانی زبرو ناوزڕاندن و سوکایەتی پێکردن بە مرۆڤ، چونکە کەسانێکی خاوەن پارەو دەسەڵات، کەسانێکی گوماناوی بوونەتە خاوەن دەزگای راگەیاندن کە لە ئەلف و بێی میدیا نازانن. بەس گرنگ

**پیاوە ئایینییەکان لە تەلەڤزیۆنەکانەوە هێرش دەکەنە سەر ئازادییە مەدەنییەکان و بەتایبەت هێرش دەکەنە سەر ژنان، بەئاشکرا بازرگانی بە ئایینەوە دەکەن**

ئەوەیە وەک دەڵێن (زیانی بۆ پەزەکە نەبێت!). بەرنامەی تەلەڤزیۆنی وا هەیە بەناوی (بەرنامەی کۆمیدی) کەچی ناوەرۆکەکەی پڕیەتی لە سوکایەتیکردن بە ئینسان، بە بەها مرۆییەکان، بە بەها نیشتیمانی و نەتەوەییەکان. دەیان جنێوی هەر قێزەون لەنێو ئەو بەرنامانەدا بەدی دەکەیت.

بەگشتی لە هەرێمی کوردستان میدیا بەسەر دوو ئاراستە دابەش کراوە، ئاراستەیەک میدیای سیستەمە کە «میدیایەکی دەستکراوەیە، نەوەکو میدیایەکی ئازاد بێت. ئەوەی دووەمیشیان میدیای ئازادە کە زۆر سنووردارە، بەشێوەیەک لە میدیای ئەهلیشدا، ئێمە پەراوێزێک لە میدیای ئازاد بەدی دەکەین، نەوەکو ئەو میدیایە خۆی میدیایەکی ئازاد بێت. میدیای ئازاد لێرە جێگەی نابێتەوە و هەر زوو بەشێوەیەک لە شێوەکان لەناودەبردرێت. بەڕای من تاکە رووبەرێک کە بکرێت وەک میدیایەکی ئازاد سەیربکرێت، زیاتر سۆشیال میدیایە، لەمەدا پانتایی فەیسبوک میدیایەکی ئازادو کراوەیە کە مرۆڤ تاڕادەیەکی زۆر دەتوانێت پەیامەکانی خۆی بەئازادی بگەیەنێت، هەرچەندە لەوێشدا هێشتا ئازادییەکی تەواو بەدی ناکرێت. چونکە کێشەکە ئەوەیە لە وڵاتی ئێمە هاوشێوەی تورکیا، کێشەی (خودسانسۆری) مان هەیە. خودسانسۆری کێشەیەکی گەورەیە کە لە ئەنجامی نەبوونی ئازادی رادەربڕینەوە دێت، لە ئەنجامی ئەو سەرکوتکردن و پێشێلکاری و تیرۆرە فیزیکی و دەروونیانە دێن کە دەسەڵاتێکی ستەمکار لەبەرامبەر دەنگە ئازادیخوازەکاندا دەیگرێتە بەر. ئامرازەکانی دەسەڵات لە هێزی چەکداری، دادگا و راگەیاندنەکەیشی هۆکارێکی سەرەکی تۆخکردنەوەی ئەو خودسانسۆرییەن لای رۆژنامەنووسانی کورد ئینجا ئەو رۆژنامەنووسە لە میدیای تەقلیدی بنووسێت یانیش ئەوەتا لە سۆشیال میدیا.

# شۆڕش و رۆڵی رێبەرایەتییەکەی..!



ئازادیی کۆمەڵگە
دارا مەحمود

هەرچەندە لەزانستی سیاسەتدا چەندان پێناسەی جیاوازو جۆربەجۆر بۆ چەمکی شۆڕش کراوە، بەڵام تائاستێک هەمووان لەمەدا کۆکن کە شۆڕش بریتییە لە، بزووتنەوەیەکی گەورەی چەکداریی یان ناچەکداریی بەروپێشەوە کەلەئاکامدا گۆڕانکاریی ریشەیی لەسیستەمی سیاسییدا بەدیبهێنێت. هێشتاش ئەم پێناسەیە هەموو لایەن وجۆرەکانی شۆڕشمان بۆ روونناکاتەوە. چونکە هەروەک لەئەزموونە دیرۆکیەکانەوە دەردەکەوێت و چەندان نموونەی زیندووش لەبەردەستاندان، شۆڕش دەکرێ لەئاکامی نەخشەو پلانی وردوتۆکمەو بەپشتبەستن بەبیروباوەڕو لەئاکامی گەیشتن بەئاستێکی بەرز لەهۆشیارییەوە بێت. و دەشکرێ بەشێوازێکی عەفەویانە، ولەئاکامی پەنگخواردنەوەی زوڵم و زۆرو چەوساندنەوە لەدڵی خەڵکدا بەدیبێت. کە هەردوو شێوازەکەش دەتوانن بنەهۆی روخان و لابردنی سیستەمەکانی حوکم و دەسەڵات. بەڵام مەرج نییە ئەم گۆڕانکارییە هەمیشە ریشەیی و بەردەوام و لەچوارچێوەی ئەو خواستانەدابێت کە شۆڕش و راپەڕین لەپێناویدا بەرپاکراوە. ئەمەش بەم واتایە کەشۆڕش بەمەندە تەواو نابێت کە لەئاکامیدا گۆڕانکاریی لەپرۆسەو دۆخێکدا بهێنێتە کایەوە، تەنانەت ئەگەر ریشەییش بن. بەڵکو پێشمەرجێکی سەرەکی لەگەڵدایە کەدەبێ گۆڕانکارییەکان بەرەو پێش وئەرێنی بن. جگەلەمەش شۆڕش لانیکەم بۆ کۆمەڵگەی ئێمە ئەم پێویستییە بنەڕەتییەشی هەیە کە نابێ تەنیا بەگۆڕانکارییە سیاسییەکان تەواوبێت. بەڵکو لایەنە کۆمەڵایەتییەکەشی بەهەمان ئەندازە خاوەن گرنگی خۆیەتی. وئەگەر لەلایەنی کۆمەڵایەتیدا شۆڕش بەدینەیەت لایەنە سیاسییەکە، کاتی وگوزەرا، ناکام لەچارەسەریی کێشەوقەیرانەکان وبچوکبوونەوەی ئامانجەکان لەسنووری بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا کۆتایی دێت.

ئایا شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لەروسیا ئەم هەموو رەنج وخەباتەی لەپێناویدا پێشکەش کراو، ئەم هەموو بانگەشەو خەون و خەیاڵانەی لەسەری بنیاتنرابوون بۆ ئەمەبوو کە لەئاکامدا لەگەڵ مۆدێرنیتەدا ئاوێتە بێت..؟

ئایا شۆڕشی گەورەی فەرانسە بۆ ئەمەبوو تا خەڵک لەچەوسانەوە رزگاریان بێت، یان گیۆتین فریای ملپەڕاندنی نەیارانی دەسەڵاتدارانی نوێ نەکەوێت؟

ئایا شۆڕشی عومەر موختار، دژی کۆلۆنیالیزم، لەلیبیا بۆ ئەمەبوو کە رۆژگارێک بەوێرانی ودارمانی بەڕێوەبەرایەتی سیاسیی و ئابووریی وسیستەمی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە کۆتایی بێت..؟

**ئایا شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ لەعێراق دژی داگیرکاریی ئینگلیزبوو؟**

ئایا شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ لەعێراق دژی داگیرکاریی ئینگلیزو ئەم هەموو راپەڕین وتێکۆشانەی پاشانیش بۆ ئەمەبوو تارۆژگارێک چەقۆکێشێکی وەک سەدام حوسێن بێتە سەرکارو پاشان چارەنووسی ئەم وڵاتەو خەڵکەکەی بەم رۆژگارەی ئەمرۆی بگەیەنێت..؟

گومانێک لەمەدا نییە کەهەموو ئەم نموونانەی شۆڕش و ئەوانی تریش بوونە هۆی بەدیهێنانی گۆڕانکاریی لەسیستەمی حوکم و دەسەڵات، بارودۆخی سیاسیی. بەڵام مەرج نییە ئەم گۆڕانکاریانە لەچوارچوەی خواستەکاندا بووبن، وئەوانە بووبن کەخەڵک لەپێناویدا

قوربانییان داوە.

## شۆڕش هەمیشە بە ئامانج نەگەشتووە و تێکشکاوە!

ئیتر هەر لەشۆڕشی چینەوە بگرە تا شۆڕشی ئێران، هەر لە جەزایری ملیۆنێک شەهیدەوە تا شۆڕشی کوبا... بەهەمان شێوەو ئەگەر بشگەڕێینەوە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وئەم چەند ساڵەی دوایی ناسراو بە بەهاری عەرەبی بخەینە بەرتیشکی شرۆڤەو هەڵسەنگاندن دەپرسین ئایا میسرییەکان دژی دەسەڵاتەکەی حوسنی موبارەک شۆڕشیان کرد تا پاشان ئیخوان ئەلموسلمین بێنە سەرکار ودواتریش بەکودەتا کۆتایی بێت..؟ ئایا خەڵکی یەمەن دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی عەلی عەبدوڵلا ساڵح شۆڕشیان کرد تا حوسیەکان بێنە سەرکارو پاشانیش ڕووبەڕووی شەڕێکی بێ ئەمان لەلایەن عەرەبستانی سعودیەوە بن..؟ سوریاش کە بۆخۆی بارودۆخەکەی لەهەمووان ئاڵۆزترو کارەساتاوی ترە، گەلێک زۆرتر قسەو لێدوان هەڵدەگرێت..!

لەسەر ئاستی کوردستانیش هەر بەمجۆرەیەو لەگەڵ ئەوەدا کە ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعید ١٩٢٥و سەید ڕەزا ١٩٣٧ لەباکووری کوردستان، شێخ مەحمودی حەفید ساڵانی ١٩١٨-١٩٣٠ لەباشووری کوردستان، کۆماری کوردستان بەڕێبەرایەتی قازی محەممەد ١٩٤٦ لەمهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جوڵانەوەی ئەیلولی ١٩٦١ بەسەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی لەباشووری کوردستان، لە ڕووی نواندنی قارەمانێتی و قوربانیدانیدا شکۆمەندو مایەی شانازین، بەڵام هەموو بەشکەست کۆتایی هاتن و تەنانەت بۆ هەندێکیان هێشتاش نەبوونە مایەی ئەزموون، وپەندو عیبرەت، هێشتاش گەلێک لە ڕێبازو مێتۆدە شکەستخواردووەکان پەیڕەودەکرێنەوە.

ئەوەی لەم نموونانەی سەرەوە ئاماژەی پێکراو چەندان نموونەی تر لەشۆڕش و جوڵانەوەن لە دیرۆکی مرۆڤایەتی، ئەمە نییە کەشۆڕش هەمیشە بە ئامانجێکی نەخوازراو دەگات وتێکدەشکێت. بەڵکو ئەگەر بەو ئامانجە نەگەیشت لەڕێگای وانەکانییەوە، چ خودی ئەو شۆڕشەو چ شۆڕشەکانی تر بیکەنە ئەزموونێک کەهەڵەکانی دووبارەنەکەنەوە. ئەگەر شۆڕشە گەورەکانی مرۆڤایەتیی، بۆنموونە: شۆڕشی ئینگلستان (١٦٨٨)، شۆڕشی فەرانسە (١٧٨٩) و شۆڕشی ئەمەریکا(١٧٧٥-١٨٨٣) بەنموونە بگرین، دەبینین سەرەڕای هەموو هەورازو نشێوەکان، سەرەڕای تەواوی ئەو سەرنج وتێبینی و ڕەخنانەی لەسیستەمی حوکمی ئەم وڵاتانە لەئارادان، بەڵام لەئاکامیاندا بناغەکانی دیموکراسی بنیاتنران و بەجۆرێک چاو ومێشکی مرۆڤایەتیان کردەوە کە پاشان و هەتا ئەمڕۆش هێشتا شرۆڤەو هەڵسەنگاندن هەڵدەگرن.

بەگەڕانەوەمان بۆ لێدوان لەناوخۆی کوردستان، بەهەندێ بەراووردی سادەو ئاسایی، دەبینین، لەرۆژئاوای کوردستان کەهەرچەندە هێشتا نەگەیشتۆتە ترۆپکی سەرکەوتن، بەڵام ئەوەدەستکەوتانەی لەسەردەمی شەڕێکی بێئەمانی هەمەلایەنەو بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئاڵۆزو مەترسیداری سووریاو ناوچەکە، لەماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا، لەئاستێکدایە کەهێشتا بۆگەلێکان شیاوی تێگەیشتن وشرۆڤەکردن نییە، ناتوانن وەڵامی ئەم پرسانە بدەنەوە. کەچۆن کورد لەبچوکترین بەشی کوردساندا و بەکەمینەیەکی ژمارەییەوە وەها خێرا توانی ببێتە ئەو هێزە کاریگەرو بەتوانایەی ئەمڕۆ لەگۆڕەپانەکەدایە؟ کورد بەپشتبەستن بەچ ئەزموونێک توانی لەم ماوە کورتەدا ئەم هەموو پێکهاتە میللی و مەزهەبی وفەرهەنگییە جۆربەجۆرانە، لەژێر چەتری سیستەمێکی بەڕێوەبەرایەتی سیاسیی خڕکاتەوەو تائەم ئاستە پەرە بەهەستی برایەتی و پێکەوەژیان ویەکتر خۆشویستن بدات.؟ دەپرسن کورد لەناو ئەم ئاڵۆزییەی سوریاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن توانیویەتی لەیەک کاتدا هەم پرەنسیپە سیاسیی و ئەخلاقیەکانی خۆی بپارێزێت و هەمیش تائاستێکی باش دۆستایەتی ئەمەریکاو روسیاش بەدەستبخات.؟ دەپرسن لەکاتێکدا کورد ئەم قەوارە خۆسەرییە دیموکراسییەی بنیاتناوەو بەشێکی کاریگەریشە لەسیستەمی فیدرالیزمی باکوری سووریا چۆن توانیویەتی لەشەڕوپێکدادانی ڕاستەوڕاست لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم خۆی بپارێزێت.؟ چەندان پرسی ئاڵۆزی تر...

ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان وباکووری سووریا لەئاستێکدایە کە ئیتر قبوڵکردنی شکەستی تێدا نییە. بەڵام ئەگەر هەر بەگریمانەی مەحاڵ و لەبەر هەر هۆکارێکی چاوەڕواننەکراوی گەورە شکەست بخوات، پەندو عیبرەت و وانەکانی هێندە دەوڵەمەندن کە بەدڵنیاییەوە نەوەکانی داهاتوو دیسان هەردووبارەی دەکەنەوە.

هەرلەسەرەتای ڕاپەڕین لەسوریا، تورکیا کەوتەخۆی کە وەک ڕەوتی ڕووداوەکان و چەندان بەڵگەنامە دەیسەلمێنن، تۆوی کورد لەم وڵاتە

نەهێڵێت. کاتێک زانیان کار بەجێگایەک گەیشتووە کە ئەمە بەشێوازە نەریتییەکەی لەتوانادانییە، کەوتنە پەیڕەوکردنی ڕێبازی فێڵبازانەی پەردەپۆشکراو، و چەندان جار بەرپرسانی ڕۆژئاوای کوردستانیان بانگهێشتی تورکیا کردو بەڵێنی هەموو هاوکارییەکی مادی و مەعنەوی و دیپلۆماتیکیان پێدان، بەتاکە مەرجێک! دوورکەوتنەوە لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە). ئەمەش کرۆکی باسەکەیە. و نهێنی گشت سەرکەوتنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، نەئازایەتی ڕۆڵەی کورد، نەهێزی سەربازی، نەپشتیوانی دەرەکی، نەتایبەتمەندیی هەلومەرج... بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا کەهەموو ئەمانە لەشوێنی خۆیاندا گرنگن بەڵام گشتیان ئاکامن و لەشتێکی ترەوە بەدەستهاتوون، ئەویش پەیڕەوکردنی بیروباوەڕی ئوجالانە.

لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵگیرساندنی شۆڕش کارێکی زەحمەت وئاڵۆزە، بەڵام بەردەوامی وپاراستنەکەی چەندان جار زەحمەتترە، چونکە هەرکەسایەتیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مەزهەبی... کاتێک کۆمەڵێکی زۆر جەماوەری لەدەوری خۆی دیت، ڕەنگە بتوانێت شۆڕش هەڵگیرسێنێت. بەڵام دابینکردنی پێداویستیە مادی ومەعنەویەکانی ئەوشۆڕشە، لەپێناو بەردەوامی و زامنکردنی سەرکەوتنیداو لەبەرچاگرتنی ئەو بایەخە گیانی و ماڵیانەش کەلەپێناویدا پێشکەشدەکرێت، بناغەی کارەکەن، بەواتایەکی تریش دەتوانین بڵێین، بناغەییترین فاکتەری سەرکەوتنی هەرشۆڕشێک بریتییە لە تواناو ڕۆڵی ڕێبەرایەتییەکەی وتەواوی فاکتەرو میکانیزمەکانی تر لەپلەبەندیدا بەدوای ئەودا دێن.

پرسی ڕێبەرایەتی ولێدوان دەربارەی کارێکی هێندە ئاسان نییە. چونکە ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی بۆ ڕێبەرێک پێویستن، سنووری دەسەڵاتەکانی، پەیوەندی پرسی ڕێبەرایەتی بە چەمکەکانی ئازادیی ودیموکراسییەوە... ئەم بابەتانەن کە جیاوازیی بیروبۆچوونیان لەسەرە. هەر لەبەر ئەمەیە کەلە زانستی سیاسەتدا بەگشتیی چوار تیۆری لەئارادان:

## لەدیدی مۆدێرندا، گەرچی ڕێبەر دەبێ هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیی بێت، بەڵام دیسانیش هەر مرۆڤە

١- ڕێبەرایەتی وەک تایبەتمەندیی تاک: لەدیدی نەریتیدا، ڕێبەر ئەو کەسایەتییەیە کە بەشێوازێکی سروشتی و زکماکی هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت وتایبەتمەندی دەگمەنە. ئەرەستۆ لایەنگری ئەم دیدە بوو. وپێیوابوو کە مرۆڤە دەگمەنەکان لەوانەی شایستەیی ڕێبەرایەتییان هەیە، هەر لەکاتی لەدایکبوونیانەوە نیشانەکانیان پێوەدیاردەبێت، بەواتایەکی تر و لە دیدی ئەم تیۆرییەوە ڕێبەرایەتی تواناو لێهاتوویەکە کە شیاوی فێربوون وفێرکردن نییە، بەڵکو مرۆڤی سەرکردە و ڕێبەر بەشوازێکی فیتری هەر بەوجۆرە دەخوڵقێن. ئەمە تا ئاستێکی زۆر لەدیدی مەزهەبیشەوە نزیکە. بەوپێیەی مرۆڤی ڕێبەرو سەرکردە لەلایەن خواوە بەوجۆرە خوڵقاوەو هەر لەلایەن ئەویشەوە پشتیوانی لێدەکرێت. لەبەر ئەمە خاوەن پێگەی پیرۆزە و شیاوی هەڵەو کەموکوڕی ورەخنەلێگرتن نییە، بەڵام توندڕەوانەترین دیدێک سەبارەت ڕێبەرو کەسایەتییەکەی لە فاشیزمدا بەدیدەکرێت. کە لەسەر (بنەمای ڕێبەرایەتی-Fuhrerprinzip) دا بەرجەستەدەبێت. ڕێبەر بەشێوەیەکی ڕەها وەک تاکە کەسایەتییەکی پێشەوایی هەڵدەسەنگێنێت کە لەگەڵ چەمکی پیاوەتی و خەسڵەتە نەریتییەکانی پیاوانە وەکبلیمەتی، ئازایەتی، بەهێزی، نەترسی، قارەمانێتی، دڵڕەقی... تێکەڵدەکرێت ولەبەرئەمە ڕێبەر لەدیدی فاشستییەوە هەمیشە پیاوە.

لەدیدی مۆدێرندا، گەرچی ڕێبەر دەبێ هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیی بێت، بەڵام دیسانیش هەر مرۆڤە. شیاوی هەڵەو کەموکوڕییە. ڕەخنەش دەیگرێتەوە. دوای ساڵانی بیستی سەدەی بیستەم کۆمەڵێک توێژینەوەی دەروونناسانە لەلایەن زیگموند فروید(١٩٣٩-١٨٥٩)، وویلیام سی. بولیت ئەنجام دران کەپتر دەربارەی لێکۆڵینەوەی دەروونناسانە لەسەرکۆمارەکانی ئەمریکاو بەتایبەتیش ویلسۆن، بوو. لەو توێژینەوەیەدا فرۆید و بولێت، لایان وایە کە ئەوەی دەبێتە هۆی بەدیهێانی مۆتیف و پاڵنەر لە ڕێبەراندا کۆمەڵێک ناکۆکی دەروونی تایبەتن، ئەو مۆتیف و پاڵنەرانەش لەئاکامداو لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا عەقڵانی دەکرێن.

هەروا ساڵی ١٩٨٨ توێژەرێکی تر بە ناوی جیمس باربەر، شرۆڤەیەکی نوێی سەبارەت بەکەسیاتی سەرکۆمارەکانی ئەمریکاو جیاوازیی و تایبەتمەندیی هەریەکەیان پشکەش کردو ئەویش هەر

لەدیدی دەروونناسانەوە بوو، لەسەر بنەمای کۆمەڵە خەسڵەتێک دابەشیان دەکات بەسەر چوار گروپی جیاوازدا کەهەر یەک لەم گروپانە چەنددانە لەسەر کۆمارەکان دەگرێتەوە.

بەڵام هەروەک دەزانین ڕێبەران تەنیا بریتی نین لەسەرکۆمارەکان. بەڵکو ڕێبەری ڕاپەڕین و شۆڕشەکان، ڕێبەری پارتە سیاسیە جۆربەجۆرەکان، وسەندیکاییەکان...تد، لەئارادان کەرۆڵ وکاریگەریان لەسەر رەوتی رووداوەکان وئاست وجۆری گۆڕانکارییەکان بەئەندازەی جۆربەجۆر حاشا هەڵنەگرە. هەروا هەلومەرج و بارودۆخ، قۆناخ وسەردەم و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەو جیاوازی کولتوورەکان هەموو ئەو فاکتەرە گرنگانەن کە دەبێ لەکاتی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی پرسی ڕێبەرایەتیدا بەهەند لەبەر چاوبگیرێن.

٢- ڕێبەرایەتی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵناسی: لەم تیۆرییەدا ڕێبەرایەتی لەجیاتی دەروونناسی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵناسی هەڵدەسەنگێنێت، بەواتایەکی دیکەش ڕێبەران، لەئاکامی هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵگەوە، نەک لەئاکامی تایبەتمەندیی خۆیانەوە دەخولقێن، ئەمەش پتر لەدیدی مارکسیستییەوە نزیکە کە پێیوایە گۆڕانکاریە دیرۆکییەکان رەنگدانەوەی گۆڕانکارە ئابوورییەکانن. بەواتایەکی دیکەش کەسایەتی ڕێبەران لەمیانی ململانێ چینایەتییەکانەوە پەیدادەبن و لەبەرانبەر بەرژەوەندیە چینایەتیەکانیشدا خاوەن پێگەیەکی کەمتر گرنگە، بەگشتی لایەنگرانی ئەم دیدە لایان وایە ئەوەی ڕێبەران دەخولقێنێت جگە لەڕەفتاری گشتی کۆمەڵانی خەڵک شتێکی تر نییە.

لەهەڵسەنگاندنی ئەم دیدەدا دەتوانین بڵێین، گومانێک لەمەدا نییە، دادوەریی کۆتایی و بەخشینی پێگەی شایستە بە ڕێبەران لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە دەبێت. بێ پشتیوانی خەڵک ڕێبەر چەندە بلیمەت و لێهاتوو بێت ناتوانێت پلەی ڕێبەرایەتی بەدەست بخات، بەڵام ئەم پرسیارەش زێدە گرنگە کە ئاخۆ چی والەخەڵک دەکات کەسایەتییەک وەک ڕێبەر پەسەند بکات..؟ ئایا بۆچی گەلێک لەکەسایەتییەکان بێ هەبوونی هیچ شایستەییەک دەبن بەڕێبەر..؟ وەڵامی ئەم دوو پرسە ڕاماندەکێشێتە ناو بابەتێکی زێدە ئاڵۆزو درێژ کە لێرەدا جێگای نابێتەوە بەڵام هەوڵدەدەین لەدرێژەی ئەم باسەدا ئاماژەیان پێبکەین.

**ڕێبەرانی سیاسیی بەسوودوەرگرتن لەهێزی کاریزمایی خۆیان دەتوانن بەخراپترین شێواز دەسەڵاتی ڕێبەریی خۆیان بسەپێنن**

٣- ڕێبەرایەتی وەک پێویستیەکی ڕێکخستنی: ئەم تیۆرییە ڕێبەرایەتی پتر وەک پێویستییەکی بیروکراسی، واتا ڕێکخسن و هەماهەنگی و بەڕێوەبردن... هەڵدەسەنگێنێت. ولێرەدا باس لەدابەشکردنی کارو ئەرکەکان و دامەزراندنی دامودەزگای پێویست و بەرنامەو زنجیرەی پلەوپایەکانە.

ماکس وێبەر ئەمجۆرە ڕێبەرایەتییە بەدەسەڵاتی یاسایی وعەقڵانی ناودەبات، کەمتر پەیوەستەی کەسایەتی تاکەو لەسەر بنەمای پەیڕەو وپرۆگرام و بڕیارگەلی نووسراودەبێت. بنەمای ئەم تیۆرییە، دژی دوو تیۆریی پێشووترە. چونکە لەجیاتی هێزی کاریزمایی، رۆڵی کۆمەڵگەو چینەکان، باس لەدامودەزگایە کە بەدوور لەکەسایەتی تاک کاروبارەکان بەڕێوەدەبات.

٤- ڕێبەرایەتی وەک لێهاتوویی وشارەزایی سیاسیی: لێرەدا جارێکی تر باس لەشارەزایی ولێهاتوویی سیاسیی تاک دەکات. بەڵام لێرەدابەوجۆرەی لەرەوتی ژیاندا فێری دەبێت و لێیەوە فێردەبن. نەک بەشێوەی زکماک یان پێبەخشینی لەلایەن کۆمەڵگەوە. لەدیدی ئەم تیۆرییەوە سەرکردەو ڕێبەرانی سیاسیی بەسوودوەرگرتن لەهێزی کاریزمایی خۆیان دەتوانن بەخراپترین شێواز دەسەڵاتی ڕێبەریی خۆیان بسەپێنن. نموونەی ئەم جۆرە کەسایەتیانە: هێتلەر، ستالین، سەدام حوسێن، و لەم سەردەمەشدا ئەردۆگان دیارترین نموونەیەکە. بەڵام مەرج نییە هەمیشە هێزی کاریزمایی خراپ بەکاربێت. سەرکردەو ڕێبەری واش هەن کەبە هێزی کاریزمایی خۆیان لەخۆ بایی نابن، تەواوزوع و نەرمی و یانیش ئەو هێزە لەگەڵ بیروباوەڕ و ئەزموون و دووربینییەوە بەباشترین شێواز پەیڕەودەکەن. عەبدوڵڵا ئۆجالان، دەلایلاما، نێلسۆن ماندێلا، گاندی... لەم نموونانەن.

**جۆرەکانی ڕێبەرایەتی:**

ڕێبەرانی سیاسیی لەجیهاندا چ ئەوانەی سەرکردەی دەوڵەتانن یان ڕێبەری بزووتنەوەی چەکداریی یان ناچەکداریی وتەنانەت سەرکردەی پارت و سەندیکاو پێکهاتەی کولتووری جۆربەجۆرن. هەریەک بەجۆرێک و بەشێوازی جیاواز لەهیتر مێتۆدی ڕێبەرایەتی بۆخۆی

هەڵدەبژێرێت، بەوجۆرەی کە پێیوایە لەمیانییەوە ئامانجەکان بەدەستدەخرێن، لەگەڵ ئەوەدا کەفاکتەری جۆربەجۆر سەبارەت بەو شێوازو مێتۆدەی رێبەران پەیڕەوی دەکەن وەك: تایبەتمەندی خودی رێبەر، ئامانجەکانی رێبەر، ئەوچوارچێوە و دەزگاو رێکخراوەی رێبەر سەرکردایەتی دەکات، ئامرازو توانا مادی و مەعنەویە خودیەکان، هەلومورجی دەرەکی، بارودۆخی ئابووریی کۆمەڵایەتی، کولتووری کۆمەڵگە...تد، کاریگەریی دەنوێنن. بەڵام بەگشتی ئاماژە بەسێ جۆر رێبەرایەتی دەکرێت:

١- رێبەری پراکتیکی ئازاد: ئەمجۆرە رێبەرایەتییە بریتییە لە بواربەخشین بە دامودەزگاو کەسایەتییەکانی تر، کە بەشێوازێکی ئازاد چالاکی بنوێنن و کاروئەرکەکانی خۆیان راپەڕێنن. ئەمجۆرە رێبەرایەتییە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە. لایەنە ئەرێنییەکەی ئەمەیە کە لەبەر ئەوەی رێبەر بەشێک لەکاروبارەکان بە کەسانی تر دەسپێرێت و بواروگۆڕەپانی کاری ئازادیان بۆدەڕەخسێنێت، لەلایەکەوە ئەرکەکانی خۆی کەمتر دەبنەوەو باشتر دەتوانێت بەئەرکە گرنگەکانی خۆی رابگات. و لەلایەکی تریشەوە کەسانی تر لەرەوتی کاری ئازاددا ئەزموون بەدەستدەخەن و تواناو لێهاتوویی تایبەت بەخۆشیان نیشاندەدەن وبەکاردەهێنن. بەڵام لایەنە نەرێنییەکەی ئەمەیە ئەگەر ئەوکەسانەی رێبەر متمانەی پێکردوون و ئەرکی پێسپاردوون، لە ئاست چاوەڕوانیەکاندا نەبن ئەو ئەرکانە بەباشی رانەپەڕێنن ئەو ئەگەرە لەئارادایە کە کەلێن و گرفتی بچوک وگەورە سەرهەڵبدەن. کەواتە بۆ رێگرتن لەسەرهەڵدانی وەها دۆخێک، سەرەڕای پەیڕەوکردنی پرەنسیپی رەخنەو رەخنەلەخۆگرتن، دەزگایەکیش پێویستە بۆ چاوەدێری و لێپرسینەوەو بەدواداچوون.

٢- رێبەری دیالۆگ وسازش: ئەمجۆرە رێبەرانە پتر جەخت لەسەر کاری پراکتیکی دەکەنەوە، وەک رێبەری بەرژەوەندگەرا، یان پراگماتیست هەڵدەسەنگێنرێن.

> **رێبەری گۆڕانکار: لەمجۆرەدا رێبەر شارەزاو لێهاتوو، ووردبینە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەبەڕێوەبەرایەتیدا هێندە لێزان وسەرکەوتوو نییە**

زۆربەی جارەکان هەوڵدەدەن لەڕێگای سازش وگفتوگۆوە خواستەکان بەدەستبخەن و قەیران و گرفتەکان تێپەڕێنن، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمجۆرە لە رێبەرایەتی بۆ هەر کەسایەتییەکی سیاسیی لەشوێن و قۆناخی خۆیدا پێویستە، چونکە بوار بە هزر و ئەندێشەو راوتەگبیرو بیرکردنەوە دەبەخشێت تا رۆڵ لەچارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکاندا ببینن، بەڵام زۆرجاریش زیادەڕەوی لەپەیڕەوکردنی ئەم شێوازەدا ئەو ئەگەرەی تێدایە کە رێبەر بەرەو هەلپەرستی و وەلانانی پرەنسیپەکان ببات، حاڵی حازر لەسەر ئاستی نەتەوەیی گەلێک پارت ورێکخراو بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەناوی پاراستنی بەرژەوەندییەوە، تەواوی پرەنسیپەکانیان وەلاناوەو پارتێکی پراگماتیستی هەلپەرستی لێ درووست بووە، کەبەدوای درووشمە بچوکەکانی رۆژانەی خۆیەوەیەتی، بۆی گرنگ نییە کە ئەم رەفتارانە چ ئاکامێکی وێرانکەروزیانبەخشی لێدەکەوێتەوە.

٣- رێبەری گۆڕانکار: لەمجۆرەدا رێبەر شارەزاو لێهاتوو، ووردبینە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەبەڕێوەبەرایەتیدا هێندە لێزان وسەرکەوتوو نییە. ئەمجۆرە رێبەرانە خاوەن بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا و خواست و ئیرادەی زۆربەهێزن، لێرەدا رێبەر لەجیاتی سازشکاریی وهەلپەرستی وهەڵپەی گەیشتن بەخواستە بچوکەکانی رۆژانە، هەوڵدەدات لەناو خەڵک و بزووتنەوەکەیدا بیروباوەڕەکانی رەواج پەیدا بکەن و پشتیوان بەدەست بخەن، ئەمجۆرە رێبەرانە دەخوازن گۆڕانکاریی گەورەو ریشەیی لەشێوازی کاروچالاکیی و بیرکردنەوەی سیاسیی بهێننە ئاراوە، بەجۆرێک لەگەڵ شێوازەکانی پێشدان جیاواز بێت.

لەگەڵ ئەوەدا ئەم شێوازە بەگشتیی خوڵقێنەرانەو بەباری ئەرێنیدا هەڵدەسەنگێنرێت، بەڵام شێوازی نەرێنیشی هەیە بۆ نموونە وەک لەحاڵەتی پۆپۆلیستیدا. کەسەرکردەکان بەمەبەستی بەدەستخستنی هەرچی زۆروخێرای خەڵک، ئەو بەڵێنانە دەدەن وئەو درووشمانە بەرزدەکەنەوە کە خەمی خەڵکەو ئیتر خۆ لەوە نادەن داخۆ چ میکانیزمێنکیان بۆ گەیشتن بە ئامانج و دروشمەکانیان هەیە، زۆرجار دەرگایەک دەکەنەوە و چەندانی تر بەڕووی خەڵکدا دادەخەن، دەبینین ئەم رۆژانە پۆپۆلیزم لە خۆرئاوا بەئاستێکی رێژەیی پەرەی سەندووە. کەسایەتییەکانی وەک: دونالد ترامپ لەئەمەریکا، مارین لوپێن لە فەرەنسا، خێرد ویلدەرز لەهۆڵەندا...تد، نموونەی پۆپۆلیستانی ئەم

سەردەمەن.

بەڵام بەگشتیی مەرج نییە رێبەران لە جیهاندا حەتمەن و دەقاودەق لەناو یەکێک لەم سێ جۆری رێبەرایەتییەدا خۆیان ببیننەوە، جار هەیە رێبەر پتر لایەن و خەسڵەتە باشەکانی چەند جۆر لەخۆیدا خڕدەکاتەوە، ئەمجۆرە رێبەرانە، وەک سەرکەوتوو، لێهاتوو پێناسەدەکرێن. هەشە بەپێچەوانەوە لایەنەخراپەکانی چەند جۆر لەخۆیدا خڕدەکاتەوە و ئەمانەش وەک رێبەری ناشایست و شکەستخواردووهەڵدەسەنگێنرێن.

### کاریزماو بزووتنەوەی کاریزمایی

بزووتنەوەی کاریزمایی بەرهەمی رەهەندی عاتیفی و ئەفسانەیی زەینی مرۆڤە. هەرچەندە مرۆڤ بۆخۆی بوونەوەرێکی عەقڵانی و عاقڵترین بوونەوەری ئەم جیهانەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا رەهەندە عاتیفییەکەی کەلەهەمان کاتدا خەسڵەتێکی زەینیشییەتی، خاوەن کاریگەرییەکی وەهایە کەجار هەیە دەتوانێ بەسەر رەهەندە عەقڵانییەکەیدا زاڵ بێت و یانیش لاوازی بکات.

کاریزما وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی، بەواتای هەبوونی کۆمەڵە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی نائاسایی لەتاکدا کەجار هەیە ئەو تایبەتمەندیانە دەگێڕدرێتەوە بۆ هێزی یەزدان و سەرووی ئادەمیزادەوە. وەک: پەیامبەران و کەسایەتییە مەزهەبییەکان. لەدیرۆکی کلاسیکیشدا پادشاو سەرکردەکان لەلایەن خەڵکییەوە وادەناسران کەمرۆڤی نائاسایی و خاوەن عەقڵ و وزەو دانایی و زانایی سەرووی ئاستەکانی مرۆڤی ئاسایین، تەنانەت ئەم باوەڕە لەهەندێک کۆمەڵگەدا تا ئەمڕۆش بەتوندی رەواجی هەیە.

کاریزما وەک واژە، ریشەکەی دەگەڕێتەوە زمانی یۆنانی، کەبەواتای (ئاگاداریی خودایی)، یان ئەو کەسەی لەلایەن خوداوە دەپارێزرێ و بەپێی خواست و رێنوێنییەکانی ئەو هەڵس و کەوت دەکات و کاروبارەکان بەڕێوەدەبات.

لەکۆمەڵناسیی نوێشدا چەمکی کاریزما، شوێنێکی تایبەت لەبەرهەمی هزری کۆمەڵناسان و لێکۆڵەرەوان داگیردەکات و یەک لەو رووەوە هەرە دیارانەی لەم بارەیەوە مۆرک و جێگا پەنجەی هەرە دیارو بەرچاوی هەیە، کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس وێبەر (١٨٦٤-١٩٢٠)ە.

> بزووتنەوەی کاریزمایی لەخۆیەوە پەیدا نابێت و کەسایەتی کاریزماییش تەنها بە لێهاتوویی شەخسی، نابێتە جێگای متمانەو پەسەندی کۆمەڵگە

ماکس وێبەر، کاریزما وەک چلۆنایەتییەکی نائاسایی لەتاکدا دەبینێت. کە حاڵەتێکی سیحراوی و سەرنجڕاکێش و توانای لەڕادەبەدەری پێدەبەخشێت، وێبەر ئەم چەمکە تێکەڵاوی دەسەڵاتی سیاسی دەکات، بەوپێیەی یەکێک لەسێ جۆر مەشروعییەتی دەسەڵات، واتا: دەسەڵاتی نەریتی، دەسەڵاتی کاریزمایی، دەسەڵاتی یاسایی_عەقڵی، پێکدەهێنێت.

بزووتنەوە یان کەسایەتی کاریزمایی دەکرێ لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بەپێی قوناخێکی دیرۆکی گونجاو کەدوو فاکتەری کات و شوێنی بۆ دابین کرابێت بێتە ئاراوە. (کەسایەتی کاریزمایی، بەدرێژایی دیرۆکی ناعەقڵانی مرۆڤ بەردەوام پێناسەی نوێ لەجیهان و مرۆڤ پێشکەش دەکات، هەرکات پەیڕەوانێک پەیدا بکات کە خۆیان بەلایەنگری ئەو پێناسەیە بزانن، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەدیدێت.)

هەرکاتێکیش بزووتنەوەیەکی کاریزمایی دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەپێوان و بەراوردکردن لەگەڵ کۆمەڵگەو سیاسەتی نەریتیدا رووبەکی نوێتر پەیدا دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا دەکرێ بزووتنەوەی کاریزمایی خۆی زیندووکەرەوەی نەریتێکی کۆن و لەدەستچووش بێت.

بزووتنەوەی کاریزمایی لەخۆیەوە پەیدا نابێت و کەسایەتی کاریزماییش تەنها بە لێهاتوویی شەخسی، نابێتە جێگای متمانەو پەسەندی کۆمەڵگە، بەڵکو لەئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەر لەسەرووی هەمووبانەوە: قەیرانی گەورەی کۆمەڵایەتی_ سیاسیی، شکەست و زاڵبوونی بێهیوایی بەسەر مێشکی کۆمەڵگەدا، لاوازی و لێنەهاتوویی نێوەندو رێبەرە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان. بەگشتی لەقۆناخەکانی گوشارو شێواوی دەروونی، فیزیکی، ئابووریی، ئەخلاقی، مەزهەبی، سیاسییدا...تد، پەیدا دەبێت. بەواتایەکی دیکە، کاریزما لە هەلومەرجی قۆناخێکی دیاریکراوەوە دێتە ئاراوە و هەر بۆیەش دەکرێ پەیدابوونی شتێکی نامۆو نائاسایی نەبێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگەو جێگای هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیە، ئەو ئاکامە باش و خراپانەن کە لێی دەکەوێتەوە و هەروا چۆنییەتی بەکارهێنانی هێزی کاریزمایی لەلایەن ئەو کەسایەتییانەوە.

بواری دەرکەوتنی کەسایەتی کاریزمایی مەرج نییە هەمیشە بزووتنەوەیەکی کاریزمایی بەدوادابێت، هەروا مەرجیش نییە کەسایەتییەکی کاریزمایی، وەک کەسایەتییەکی موعجیزەئاسا لەلایەن کۆمەڵگەو خەڵکەوە هەڵسەنگێنرێ.

لەدیرۆکی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا و تا ئەمڕۆش، لەهەرکۆمەڵگەیەکدا کەسایەتی کاریزمایی هەبوون و دەبن، بەڵام بەجیاوازی زۆرەوە.

لەو کۆمەڵگەیانەی خاوەن دامودەزگای دیموکراسیوبارودۆخێکی‌سیاسی-ئابووری سەقامگیرو نیمچە سەقامگیرن، کەسایەتی کاریزمایی کەسێکی موعجیزەئاسا نییە، بەڵکو تەنیا ئەوەی رێبەرێکی لێهاتوویەو ئەرکەکانی خۆی بەباشی رادەپەڕێنێ و لێهاتوویی و تایبەتمەندییەکەشی لە بەراووردکردن لەگەڵ رێبەرانی تری دەورو بەری خۆی و پێش خۆی و توانای دەستەبەرکردنی داخوازییەکانی خەڵکیدا بەدیار دەکەوێت، جاری واشە تەنیا بەرووالەتی دەرەوەیی و شێوازی ئاخاوتنی سنووردارەدەبێت، بەڵام لەکۆمەڵگە ناسەقامگیرو پڕ قەیران و کێشە گەورە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکاندا، وەک کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات، کەسایەتی کاریزمایی، ئەو کەسایەتییەیە کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی میکانیزمەکان، سەرکەوتن بەدەست دێنێت و موعجیزە دەخوڵقێنێت و بە هیمەتی ئەو کەسایەتییە، هەموو گومانەکان دەبنە یەقین، نەشیاوەکان دەبنە شیاو، مەحاڵەکان دەبنە مسۆگەر... تد، ئیتر بەرەبەرە نێوەندێک و تەنانەت چەندان نێوەند درووست دەبن کە لەرووی هزرییەوە تەواوی نێوەندەکانی تری وەک راگەیاندن، پارت، سانديکاو، مزگەوت، قووتابخانە، زانستگاو بازاڕ...تد، لەناو خۆیدا دەتوێنێتەوە و هەموو ئەمانە دەکاتە ئامرازی دەستی کاریزماو دەبن بەچەند ئەڵقە کە دەوری ئەو کەسایەتییە دەدەن و دووری و نزیکی هەریەک لەو ئەڵقانەش پەیوەستەی ئاستی ملکەچی و گوێڕایەڵییە بۆ رێبەری کاریزمایی.

> **کەسایەتی کاریزماییە شایستەکان، نەبەخۆیان سەرسام دەبن، نەخولیای خڕکردنەوەی خەڵکیان لەدەوری کەسایەتییەکەیان لەسەردایە!**

لەدیرۆکی نوێ و تەنیا لە یەک- دوو سەدەی رابردوودا و لەسەر ئاستی جیهان چەندان کەسایەتی کاریزمایی لەبوارو ئاستی جۆربەجۆردا هەبوون کە مۆرکیان بەدیرۆکی مرۆڤایەتییەوە ناوە. بەشێکییان بەخراپترین شێواز سوودیان لەهەلومەرجی کاریزمایی خۆیان وەرگرتووەو رەشترین لاپەڕەیان خستۆتە سەر دیرۆکی مرۆڤایەتی: هێتلەر، ستالین، سەدام حوسێن، خومەینی...تد، هەموو بەهێزی کاریزمایی و پشتیوانی بنکەی فراوانی خەڵک دەستیان پێکردو مەزن بوون، لەحاڵێکدا بۆ لایەنگرانی خۆیان سیمبۆلی ئازادی و رزگاری و دڵنەرمی و مرۆڤبوون بوون، بۆ بەرهەڵستکارانیان و یانیش راستتر بڵێین لەواقیعدا سیمبۆلی ستەم و دڵڕەقی و خوێنمژی و نامرۆڤبوون بوون.

بەڵام کەسایەتی کاریزمایی تریش هەبوون کەتەنانەت لە لایەن بەرهەڵستکارانیانەوە جێگای ریزو ستایش بوون: لەناو بزووتنەوەی کوردا لەرابردوو، وئێستادا کەسایەتی کاریزمایی کاتی یان درێژخایەن وەک: شێخ مەحمودی نەمر، پێشەوا قازی محەمەد، شەهید عەبدولرەحمانی قاسملو، مەلا مستەفای بارزانی، مام جەلال تاڵەبانی هەبوون. بەڵام هێزی کاریزمایی هیچکامیان لەرووی چەندایەتی و چلۆنایەتیەوە هێندەی عەبدوڵا ئۆجالان کاریگەری لەسەر بیرومێشک وعاتیفەی خەڵک و رەوتی رووداوەکان دانەناوە، هێندەی ئەو نەبۆتە جێگای رێزو باوەڕو متمانەی زۆرترین خەڵک. لەسەر ئاستی دەرەکیش نموونەکانی وەک: کارل مارکس، گاندی، هوشی مینە، نێلسۆن ماندێلا، دەلایلاما، جێگای باسن.

جێگای سەرنجە کە کەسایەتی کاریزماییە شایستەکان، نەبەخۆیان سەرسام دەبن، نەخولیای خڕکردنەوەی خەڵکیان لەدەوری کەسایەتییەکەیان لەسەردایە، نەچاوەڕوانی چەپڵەو کڕنۆش بۆبردنیشن. هەربۆیە کەسایەتییەکی وەک کارل مارکس دەڵێت:(ئەم خاڵە بڕاوەتەوە کە من مارکسیست نیم) . مەبەستەکەشی لەم وتەیەی ئاشکرایە، کە ناخوازێ رەهەندی تاکخوازی بە بیروبۆچوونەکانی ئەوەوە بلکێنرێ، بەڵکو مەبەستی بوو رەهەندێکی زانستی پێ ببەخشرێ و لەدەرەوەی کەسایەتی تاکی ئەو هەڵسەنگێنرێت، بەواتایەکی تریش دەیخواست خەڵک بیروباوەڕەکانی ئەو لەرووی قەناعەتەوە پەیڕەوبکەن، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی هی مارکسن.

**ئەگەرە باش و خراپەکان:**

رۆڵی باش یان خراپی کاسایەتی کاریزمایی، پەیوەستەی زۆر فاکتەرە، لەمانە:

١- ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگەو بەتایبەتی تاکەکانی ناو ئەو بزووتنەوەی کاریزما رێبەرایەتی دەکات.

٢- ئاستی بوون و نەبوونی دامودەزگای جۆربەجۆری بڕیاردان و راپەڕاندن.

٣- کەسایەتی خودی کاریزماو ئاستی خوێندەواریی و توانای فکری و ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی ژیان و پەروەردەبوونی ئەو کەسایەتییە.

٤- ئەو قۆناخ و سەردەمەی کەسایەتی کاریزمایی تیایدا دێتە ئاراوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەندێک قۆناخی دیرۆکی هەن کە پێویستبوونی کەسایەتییەکی کاریزمایی دەبێتە شتێکی حەتمی. رۆڵی تاکی کاریزما لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەدیرۆکدا بەنموونەی لەژماردن نەهاتووەوە سەلماوە.

کەسایەتی کاریزمایی لە هەل و مەرجی دیاریکراوو گونجاودا دەتوانێ ببێتە فاکتەری یەکبوونی کۆمەڵگە، خستنەگەڕی زۆربەی وزەو تواناکان و تەرخانکردنیان لە پێناوی ئامانجەکاندا. بەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی قەیرانە جۆربەجۆرەکان و بچووککردنەوەی کۆسپەکان.

بەڵام کەسایەتی کاریزمایی کە گەیشتە ئاستی ئەفسانەیی و خوڵقاندنی موعجیزە، یانیش قۆناخی پێویستبوونی خۆی دەربازکرد، لەکاریگەرەییەکی پۆزەتیڤانەوە وەردەگەڕێتە کاریگەریی نێگەتیڤانە. ئەمەش لەبەر چەند هۆکاری گرنگ. لەمانە:

١- هەبوونی کەسایەتییەکی کاریزمایی لەسەرەوەی دەزگای رێبەرایەتی سیاسی، زۆربەی هەرەزۆری جارەکان ئەو باوەڕە لەمێشکی پەیڕەوانیدا درووست دەکات کە ئەو کەسایەتییە لە جیاتی ئەوان و هەمووان بیردەکاتەوەو کاردەکات، بڕیاردەدات، بەمەش رێگا لەبەردەم بواری داهێنان و خوڵقاندن و رەخنەگرتن و درووستبوونی بیروڕای جیاواز دەبەسترێت، تەواوی بڕیارەکان بەشێوەیەکی رەها دەکەونە دەست ئەو کەسایەتییە. ئیتر وەک پێویستییەک کەسایەتییەکی دیکتاتۆری لێدەردەچێت، بەمردنی ئەو کەسایەتیەش، یان نەمانی لەگۆڕەپانەکەدا، لەبەرهەر هۆیەک بووبێت، دەبێتە هۆی روودانی کارەسات و درووستبوونی بۆشایی لەرێبەرایەتیدا، چونکە لەسەردەمی ژیان، رێبەرایەتی ئەودا هەموو هیواکان گرێدراوی ئەو کەسایەتییە بوون، بەنەمانی ئەو، ئەگەری بێهیوایی و ورەبەردان شتێکی یەکجار چاوەڕوانکراوە.

> **ئەگەر وردترو دیاریکراوتر دیرۆکی کاریزماو بزووتنەوەی کاریزمایی کورد هەڵسەنگێنین، بەئاکامێکی سەیر دەگەین!**

٢- کەسایەتی کاریزمایی کاتێک لە بیرو خەیاڵی خەڵکدا، سنووری مرۆڤبوونی بەزاندو بوو بە بوونەوەرێکی ئەفسانەیی، ئەو ئەگەرە لەئارادا نامێنێت کە ئەو هەڵە بکات و شکەست بهێنێت، ئیتر کاتێک ئەو هەڵەکردن و شکەستهێنانە لەبەر هەر هۆیەک بێت روویدا، تەنیا ئەفسانەی رێبەری کاریزمایی تێک ناشکێت، بەڵکو بزووتنەوەیەک تێک دەشکێت و پرۆسەیەک کە بە وزە و قوربانی زۆر هاتۆتە ژیانەوە، لەباردەچێت و دەمرێت، هیواکانی نەخشێک دەبن بە بڵقی سەرئاو.

٣- هەتا هێزی کاریزما و کاریگەرییەکانی زۆرتربن، عەقڵانیەت لە هەموو ئاستەکاندا پتر پاشەکشە دەکات، خەون و خەیاڵ و عاتیفە، جێگای بیرکردنەوەی زانستی و لۆژیکمەندانە دەگرنەوە و رۆڵی دامودەزگاو بیری بەکۆمەڵ، دەگەنە ئاستی هەرە نزمی خۆیان.

**کاریزماو بزووتنەوەی کورد:**

بزووتنەوەی سیاسی کورد بە حوکمی ئەوەی لە رابردوودا عەفەویانە وەک وەڵامدەرەوەیەکی سروشتی ستەم و چەوسانەوە، خۆپاراستن لە لەناوچوونی رۆحی وجەستەیی بووە. واتا لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا و بەرنامەیەکی زانستی نەبووە، هەمیشە زەمینەیەکی لەباری بۆ سەرهەڵدان و درووستبوونی کەسایەتی کاریزمایی رەخساندووە، هەروا جیوگرافیاو قۆناخی دیرۆکیش دوو فاکتەری دیکەی یارمەتیدەر بۆ درووستبوونی کاریزما بوون.

کاریزما لەدیرۆکی سیاسی کوردا رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبووە، کە جار هەبوو ئەو رۆڵە هێجگار باش و پۆزەتیڤانە، جاری تریش پڕ کارەسات و دراماتیک بووە، ئەگەر وردترو دیاریکراوتر دیرۆکی کاریزماو بزووتنەوەی کاریزمایی کورد هەڵسەنگێنین، بەئاکامێکی سەیر دەگەین، ئەویش ئەوەیە کەلە تەواوی بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد کە لەسەر ئاستی هەرچوار پارچەی کوردستان لەرابردوودا و تا ئەمڕۆش روویانداوە، رۆڵی کەسایەتی کاریزمایی لەسەرهەڵدان و قۆناخەکانی دەستپێک و فۆرمگرتنی بزووتنەوەکاندا یەکلاکەرەوە بووە. بەڵام دوای بەسەرچوونی ئەو قۆناخە دەستپێکە، گوڕوتینی بزووتنەوەکە دامرکاوەتەوە و

ڕۆڵی کەسایەتی کاریزمایی لەوەی ببێتە فاکتەری سەرکەوتن، بۆتە فاکتەری تێشکان.

بەواتایەکی تر، ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی کەسایەتی کاریزمایی تەنیا بەقۆناخی دەستپێک سنووردار بووە. ئیتر لەوە بەدوا هیچ تواناو میکانیزمێکی نەبووە بەردەوامی بەبزووتنەوەکە ببەخشێت و بیگەیەنێتە قۆناخی سەرکەوتن و لەمەش خراپتر بۆتە ڕێگر لەبەردەم تەواوی فاکتەرەکانی تری سەرکەوتندا. ئیتر ئەو ڕێگرتنە چ وەک مردن (گەرچی مردنێکی قارەمانانەش بووبێ)، کەلە ئاکامدا بۆتە ئاشبەتاڵ و بڵاوەپێکردن، یانیش بە هۆی پشتگوێ خستنی هەر فاکتەرێکی تری جگە لەخودی ڕێبەری کاریزمایی، دیارترین نموونەی ئەمەش لەجوڵانەوەی ئەیلول، بەسەرکردایەتی مەلامستەفای بارزانیدا دەبینین، کە ڕۆڵی ئەو لەدرووستبوونی ئەوجوڵانەوەو مەزنبوونیدا نکوڵی ناکرێت، بەڵام هەر ئەویش بوو کە هیچ وەڵام و ئامادەکارییەکی بۆ ڕووداوە لەناکاوەکان نەبوو، هەموو هیواکانی لەسەر هێزی دەرەکی بنیاتنابوو، لەئاکامدا لەدەرەوەی چاوەڕوانی ومتمانەکانی خەڵک، بەبڕیارێک کۆتایی بەهەموو شتێک هێنا.

**پەکەکە، وەک ئەزموونێکی نوێی ڕێبەرایەتی**

لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نوێی گەلەکەماندا لەچوارچێوەی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕێبەرایەتی عەبدوڵڵا ئۆجالان، وەرچەرخانێکی گەورە و بێوێنەی دیرۆکی بەسەرگشت ئاستەکانی بیرکردنەوەی سیاسی کوردا هات کە هاوکات پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی قوڵ وشیکارییەکی هەمەلایەنەی دیرۆکی سیاسی کورد و پێناسەیەکی نوێی چەمکەکان ئەنجامدرا و کۆمەڵێک نەریتی کلاسیک و شکەستخواردو وەلانران و بەبیرێکی هاوچەرخانەی دینامیکی پایە بنەڕەتیەکانی بزوونەوەیەکی نوێ داکوتران، کەدەکرێ بەمجۆرەی خوارەوە ناویان ببەین:

١- خۆدەربازکردن لە خەباتی هەرەمەکیانەی بێ نەخشەو پلان: خەسڵەتی تەواوی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت لەسەر ئاستی پارت و ڕێکخراوە سیاسسەکان تائەمڕۆش ئەمەیە کەخۆیان دەدەنە بەر ڕەشەبای ڕۆژگار کەبۆ کوێیان فڕێدەدات و یانیش خۆ بە هێزی دەرەکی دەبەستن و یان گرەو لەسەر ئەم یان ئەو ڕوداوی سیاسی جیهانی یان ناوچەیی دەکەن و هەرچی بەرنامەو پلان و پرۆژەی خودیش هەیە چەند ڕستەو دەستەواژەی ئامادە، دووبارەکراو دەربازناکەن، بزووتنەوەی پەکەکە بە دەستپێخەریی و ئەندازیاریی ئۆجالان بۆ یەکەمینجار لەدیرۆکی کوردا خەباتی ڕێکخراوەیی لەسەر بنەمای، نەخشەی تۆکمە، لەبەرچاوگرتن و پێشبینی ئەگەرەکان، بیروباوەڕ، دابینکردنی پێویستییەکانی خەبات دامەزراند و بەڕێوەچوو.

٢- بەدامودەزگاییکردن: لەدیرۆکی کورداندا خەباتی ڕێکخراوەیی لەئاستی هەرەنزمی خۆیدا بووە، ئەو ئەگەرە لەکۆماری کوردستان لە مهابادەوە دەستپێبکەین، دەبینین ئەو خەباتە لەسەردەمی کۆماردا، لەچوارچێوەی ڕێکخستنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێکهات، پاشانیش لەباشووری کوردستان و لەجوڵانەوەی ئەیلول، بەڕێبەرایەتی مەلامستەفای بارزانی کۆپی کرایەوە، دواتریش هەربەهەمان شێوە ولەسەرئاستی چوارپارچەی کوردستان درێژەی پێدرایەوە، جگە لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان کەدوای ساڵانی ١٩٧٦ هەندێک گۆڕانکاریی لەمڕووەوە هێنایەکایەوە دەنا ئەوانی تر هەر ناویان ڕێکخستن بوو وکارەکەیان تەنیا بریتی بوو لەخڕکردنەوەی خەڵک کەتەنیا لەرووی ژمارەوە حسابی لەسەردەکرا، هیچ پێگەیەکی تری بۆ دیاریی نەکرابوو، لەبەرانبەر لوتکەی ڕێبەرایەتیدا خاوەن هیچ سەلاحیەتێک نەبوو، بەتایبەتی لە مەلا مستەفای بارزانی دەگێڕنەوە کە هیچ باوەڕی بە ڕێکخستن و حزبایەتی نەبوو، پاشانیش ئەمە سەلما کاتێک شۆڕش شکەستی هێنا ئەو پارتە بەرواڵەت زەبەلاحە، لە ماوەی شەو ورۆژێکدا توایەوە و بوو بەهەڵم. بەڵام لەبزووتنەوەی پەکەکەدا هەرلەسەرەتاوە پرسی ڕێکخستن و بەدامودەزگایی کردن وەها بەهەند وەرگیراو کاری لەسەرکرا کە تەواوی ئەو دامودەزگایانەی کە دەوڵەتان هەیانە کوردیش ببێتە خاوەنی، هەرچەند لەسەرەتادا والێکدەدرایەوە، دوژمنان و نەیارانیش، تەواوی هێزە ناوخۆییەکانیش کە تەنیا بەیەک مێتۆدی شۆڕش و ڕێبەرایەتی ڕاهاتبوون، پروپاگەندەیان بۆدەکرد، کە ئۆجالان بۆخۆی هەمووشتێکەو لەپەکەکەدا شتێکی تر بوونی نییەو ئەگەر ئەو بۆخۆی ئامادە نەبێت هەموو شتێک لەناودەچێت، بەڵام پاشان ودوای ئەوەی لەئاکامی پلانی چەپەڵی نێودەوڵەتی ڕفێندرا و خرایە زیندان، دەرکەوت کە ئەو چ کارێکی بەرهەمداری ئەنجامداوە. ڕێخراوەکەو شۆڕش نەک هەر تێکنەشکا، بەڵکو دەبینین چەندان جار پێشکەوت وگەشەی کردو سەرکەوتنی مەزنی بەدەستهێنا، دەرکەوت

کە خەباتی ڕێکخراوەیی و دیسپلینی پۆڵاین، بەدامودەزگاییکردنی بزووتنەوەکە ئاستی گشت چاوەڕوانیەکانی بەزاند، دەرکەوت کە ڕۆڵی ڕێبەرایەتی بیروباوڕو ئەزموون و فێربوون و هۆشیارکردنەوە وخەلاقیەتە، نەک دەرکردنی فەرمان وبڕیاری عەفەویانەو عاتیفیانە. دەرکەوت کە پشتیوانی وئەوینداریی خەڵک بۆکەسایەتی ئۆجالان وهێزە کاریزماییەکەی هەرگیز ئەویان نەکردە سەرکردەیەکی خۆپەرست و دیکتاتۆر، چونکە دیکتاتۆرەکان کەسایەتی گشت ئەوانەی لەخوارخۆیانەوە دێن لەناودەبەن و جگەلەخۆیان ئەوانی تر هەموو بچوک و بێ ناوەرۆک و دەستەوەستان دەبینن، بەڵام ئۆجالان مرۆڤی کوردی لەبچوک و بێدەسەڵات و خۆبێکەمەوە، کردە داهێنەرو خوڵقێنەرو مەزن.

٣- گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی: شۆڕشی پەکەکە بەپشتبەستن بەبیروباوەڕی ڕێبەرەکەی، وەک شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی تری کورد، تەنیا بەئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانکاریی لە ڕەهەندی سیاسییدا نەبوو. بەڵکو گۆڕانکاریی وەها مەزنیشی لەڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکە بەدیهێنا، کەلە گرنگیدان بەژن و هەنگاونانی بەهەندوکاریگەر بۆگێڕانەوەی ڕۆڵ شایستەییەکەیدا بەرجەستەبوو، لەنموونە جیهانییەکانیشدا بێوێنەیە. لە هەڵسەنگاندنی شۆڕشە جیهانییەکان لەلایەن توێژەران ولێکۆڵەرانەوە، شۆڕش تەنیا بەو بزووتنەوەیە دەگوترێت کە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت.دەنا گۆڕانکاریی سیاسیی لەئاکامی کودەتاشەوە دەبێت. کە لەمڕووەوە شۆڕشی پەکەکە تاکە بزووتنەوەیەکی کوردە کە لەدیرۆکدا ئەم ئامانجەی لەبەرچاوگرتووە، بەهەندەوە کاری بەردەوامی بۆدەکات.

٤- هێزی خەڵک: ئەوەی لەبزووتنەوەی پەکەکەدا سەبارەت بە هێزی خەڵک شرۆڤەو لێکدانەوەی بۆکراو پاشان کاری لەسەرکرا، خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی هزریی بێوێنە بوو. پێشتر لەتەواوی ئەزموونە سیاسییەکاندا، پشتبەستن و باوەڕ بەخەڵکی خودی چوارچێوەداربوو بەوەی جەنگاوەرو تفەنگ لەشانی بۆ مەیسەر بکات. ئیتر بۆتەواوی پێداویستییەکانی تر هەمیشە بەدوای پشتیوان وفریادڕەسێکی دەرەکیدا گەڕاون کە بەحوکمی جیوگرافیای سیاسیی زۆربەی جارەکان ئەو بەناو فریادڕەسانە هەرخودی دەوڵەتانی داگیرکەربوون، بەڵام بزووتنەوەی پەکەکە گێڕانەوەی باوەڕی و متمانە بۆ یەکیەکی تاکی کوردو لەئاکامیشدا بۆ کۆمەڵگەو بزووتنەوە سیاسییەکەی کە هێزی خەڵک بەهێزترین فاکتەری سەرکەوتنەو لەهەمان کاتدا فاکتەرێکی هەمیشەیی و جێگای متمانەی پشت پێبەستنە کە هیچکات ناکەوێتە ژێر گەمەسیاسەکان و دەبێ ئەم فاکتەرە شوێنی ئەو بیرکردنەوە کلاسیکییە شکەستخواردوویە بگەڕێتەوە کە کورد لاوازەو بەتەنیا هیچی پێناکرێت و پشت بەبێگانە ببەستێت، کردە ئامانجی هەرەگەورە. سەلماندی ئەگەر پارتێکی سیاسیی کە بانگەشەی ڕێبەرایەتی دەکات نەتوانێت ئەوخەڵکەی کە بەگریمانە پشتیوانی ئەوون توانا مادی و مەعنەویەکانی بۆ دابین بکەن ئەوە دیارە نەئەو خەڵکە لایەنگریی هۆشیارو ڕاستەقینەو هەمیشەیی ئەوون و نەئەویش شایستەیی ڕێبەرایەتی هەیە، ئەوەی بەسەر پەکەکەدا هات، بەتایبەتیش دوای دەستگیرکردنی ڕێبەرەکەی ئۆجالان بەسەر هەر هێزێکی تری کورد و غەیری کوردا هاتبایە تەفروتونادەبوو، ئێستا تەنیا وەک بیرەوەری باسی لێوەدەکرا. پەکەکە قۆناخی وەهای بەسەر برد کە چواردەوڵەتی داگیرکەر، بەپاڵپشتی زلهێزانی جیهان و زۆربەی هێزەکانی ناوخۆش وەک داردەستی داگیرکەران، تەواوی تواناکانی خۆیان خستەگەڕ، تا پەکەکە، ڕێبەرایەتییەکەی و بزووتنەوەکەی بەچۆکدا بهێنن، پەکەکەش لەبەرانبەردا تەنیاو تەنیا بەپشتبەستن بەهێزی خودی و سەرچاوە مادی ومەعنەوییە هەمیشەییەکەی، واتا، خەڵکی خۆی، نەک هەر لەناونەچوو، بەڵکو وەک ڕوبارێک کە بەربەستەکانی تێکشکاندبێ. بەهەر زەویەکدا ڕۆیشت بەراوی کرد ودرەختی ئازادی، ڕاپەڕین، بیروباوەڕی چاند و بەرهەمی ئەو درەختانەش نەک تەنیا لەچوارپارچەی کوردستاندا بەڵکو لەدوورترین شوێنی جیهانەوە، ئازادیخوازان تامی شیرینی دەچێژن.

شۆڕشی پەکەکە بریتیی نییە لەیاخیبوونێکی لەحزەیی یان کورتخایەن لەزوڵموزۆر وستەم و هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی ئەمڕۆ سواری شەپۆلی ڕۆژگاربن وسبەینێش لەگەڵ دامرکانەوەی ئەو شەپۆلەدا دابەزن، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوام ودرێژخایەنە، ئەگەر ئاستی گۆڕانکارییە گەورەکان کەتائێستالەسایەی ئەم شۆڕشەوە لەهزری مرۆڤی کوردو پەرەسەندنی ئاستی هۆشیارییەکەی و گێڕانەوەی هیواو باوەڕ بەئایندەی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدیهاتوون، هەڵسەنگێنین ئەوە بەدڵنیاییەکی تەواوە هەر ئێستا دەتوانرێ ئەم شۆڕشە بەسەرکەوتوو دابنرێت.

# دەرئەنجامەکانی ریفراندۆمی تورکیا و سیاسەتی ئەردۆغان



ئازادیی کۆمەڵگە
شیلان ئەمین ئۆغلۆ

پێش ڕیفراندۆم ئەردۆغان بۆ ئەوەی سەربکەوێت دەستی بە ئۆپەراسیۆنێکی قڕکردنی سیاسی کرد، بە شێوەیەک هاوسەرۆکانی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە دەستگیرکران، زیاتر لە ٨٦ هاوسەرۆک شارەوانی لەکاردوورخرانەوە، چەندین هاوسەرۆک شارەوانی خرانە زیندانەوە، هەزاران مامۆستای کورد لە کار دوورخرانەوە و یان خرانە زیندان، بە شێوەیەکی تیرۆریستیانە هێرشیان کردە سەرگەلی کورد، ویستیان ترس و تۆقاندێکی گەورە لە کۆمەڵگەدا بڵاوبکەنەوە، بۆئەوەی پارتی دیموکراتی گەلان لە ریفراندۆمدا کاریگەری نەمێنێت و سەرنەکەوێت.

بەو شێوەیە لە ریفراندۆمی ١٦ی نیسانی ٢٠١٧ بۆ ئەوەی دەنگی نا سەرنەکەوێت، هێرشێکی فراوانیان کردە سەر کوردستان و چەندین شار و گوندیان وێران کرد، ویستیان کوردستان بێ کورد بهێڵن، هەموو بۆ ئەوەی کورد ڕۆڵ و کاریگەری لە دەنگدان بۆ ڕیفراندۆم نەبێت، بۆئەوەی بتوانن ڕەوایەتی سەرکەوتنی ڕیفراندۆم مسۆگەر بکەن ڕەوایەتی بە دەسەڵاتداریتی خۆیان بدەن و لەسەر ئەوە پڕوپاگەندە بکەن.

هەروەها فشارێکی زۆریان لەسەر پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە دروست کرد، ١٤٦ بارەگای ئێمەیان لە باکوری کوردستان و تورکیا سوتاند، زیاتر لە ١٢ هەزار ئەندام و بەڕێوەبەر و خەباتکاری ئێمەیان گرت و خستیانە زیندان، کاتێکیش چوینە ڕیفراندۆم، ئێمە بە دیکتاتۆریەت و فاشیزمی ئەردۆغانمان وت نا، لە کوردستان نا سەرکەوت، سەرەڕای ئەو هەموو زەخت و فشار و ئاستەنگیانە، بەڵام گەلی کورد وتیان نا، بە تایبەتیش ئەو شارۆچکە و شارانەی کە خۆسەری دیموکراتیان پەسەند کردبوو، سەدا ٧٠ بۆ ٨٠ وتیان نا، نا سەرکەوت.

لە ئامەد لە نەورۆزدا بە سەدان هەزار کەس کۆبوونەوە و دژی ئەو سیاسەتە وەستانەوە، هەروەها لە شارە گەورەکانی دیکەی تورکیاش، وەکو ئەستەنبوڵ و ئەنتالیا و مێرسین و ئەدەنە و ئیزمیر و چەندین شاری دیکە بۆ دەسەڵاتداری ئەردۆغان وتیان نا، لە تورکیا شتێکی وا هەیە کە ئەگەر کەسێک لە ئەستەنبوڵ سەربکەوێت، ئەوا لە تەواوی تورکیا و کوردستان سەردەکەوێت، چونکە دڵی تورکیا ئەستەنبوڵە، واتا کێ لە ئەستەنبوڵ سەربکەوێت، ئەوا لە هەڵبژاردندا سەردەکەوێت، بەڵام لە ڕیفراندۆم ئەستەنبوڵ وتی نا، کەچی دەنگی بەڵێ سەردەکەوێت، ئەوەش شتێکی سەرەنجڕاکێش و گوماناوییە.

**دوای ڕیفراندۆم چی ڕوودەدات**

پێشتریش ئێمە دەمانوت ئەگەر ڕیفراندۆم سەربکەوێت ڕەوشەکە خراپتر دەبێت، ئێستا سایکۆلۆژیای ئەردۆغان باش نییە، دیار نییە هەر وەختێک چی بکات و بڕیاری چی بدات، چونکە ئازاری دەسەڵاتداریتی بەسەر ئەو هاتووە، لە ڕووی دەرونیەوە باش نییە، بۆیە دوای ڕیفراندۆم ڕەوش خراپتر دەبێت، بۆچوونی ئێمە پێش ڕیفراندۆم وابوو، ئێستاش ئەوانە ڕوون بوونەتەوە.

ئەردۆغان دوای ڕیفراندۆم هێرشی کردە سەر شەنگال، هێرش دەکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، کەسێکی ئاقڵ بەو شێوەیە هێرش ناکات و خۆی ناخاتە ناو شەڕەوە، لە مێشکی ئەودا تەنها شەڕ هەیە و لەناوبردنی بزووتنەوەی ئازادی کورد هەیە، لەناوبردنی هەدەپە هەیە، نەک تەنها لەناو سنوری تورکیاش، بەڵکو لە دەرەوەی سنووریش، ئێستا باشوری کوردستانی داگیرکردوە، دەیەوێت ڕۆژئاواش داگیر بکات، لە

هەرکوێیەک کوردێت هەبێت هێرشی دەکەنە سەر، ئەگەر کورد لە ئەفریقاش هەبێ و باسی ئازادی و دیموکراسی بکەن ئەوا هێرش دەکەنە سەر ئەفریقا.

**ئەگەری دووبارەبوونەوەی پرۆسەی ئاشتی**

ڕێبەر ئاپۆ بە سەبرێکی مەزنەوە ویستی پرۆسەی ئاشتی و گفتوگۆ و دیالۆگ بەڕێوەببات، داواکاریەکانی کورد داواکاری ئینسانی بوون داواکاری بنچینەیی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراتی بوون، بەڵام ئەردۆغان پرۆسەی ئاشتی تێکدا و شەڕی دەستپێکرد، ئەردۆغان توانای ئاشتی نیە، قودرەتێکی وەهای نییە کە لەگەڵ گەلان ئاشتی بکات. هەربۆیە ئەردۆغان هەر هەڕەشەی شەڕ و توندوتیژی دەکات، ئێستا ئەردۆغان لاواز بووە و تێکچووە، لە سیاسەتی جیهانیدا تێکچووە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکچووە.

لە ئێستادا هیچ دانوستاندن و گفتوگۆیەک لەنێوان ئێمە و ئەکەپە نییە، چۆن گفتوگۆمان هەبێت؟! هاوسەرۆکانی ئێمە لە زیندانن، وەکو دەزانن فیگەن یوکسەکداغ هەم لە ئەندامێتی پەرلەمان دوورخرایەوە هەم لە هاوسەرۆکی هەدەپە، هەموو ڕۆژێک پەرلەمانتارانی ئێمە دەگرن و دەیانخەنە زیندان، سیاسەتی قڕکردن دژی کورد بەڕێوەدەبەن، هەربۆیە لەگەڵ ئەردۆغان و ئەکەپە دیالۆگ و گفتوگۆی ئێمە نییە و دروستیش نابێت بەو شێوەیە و بەم سیاسەتەی ئێستای حکەمەتی ئاکەپەوە، ئەردۆغان دەستی بە خوێنی کورد سورە، هەروەها هیچ نیەتێکی حکومەتی ئەردۆغان نییە، تەنانەت لەگەڵ گەلی تورکیاش لەناو شەڕدایە، ئێستا ئەوانەی دیموکراتی دەخوازن، ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆ هەموویانی لەکار دوورخستوەتەوە و فشاری خستوەتە سەریان.

تورکیا لە ئێستادا لەگەڵ هەموو لایەکدا لەناو شەڕدایە، نەک تەنها لەگەڵ کوردا، دەوڵەتی تورکیا زهنیەتی قڕکردنی هەیە، هەدەپە تەنها دەنگی کورد نییە، بەڵکو دەنگی گەلانە، هەدەپە خەباتی خۆی لە بواری دیموکراسی و ئاشتی و بەرنامەی سیاسی خۆی بەردەوام دەکات و درێژەی پێدەدات، کاری ئێمە کاری ئاشتی و دیموکراسییە، لە ئەنجامدا چەندێک شەڕ گەورە ببێت، با ببێت، چەندێک شەڕ بەردەوام بێت با بیێت، بەڵام لە ئەنجامدا ئاشتی هەیە، بەڵام ئەوە لە ئەردۆغاندا نییە، کە هزری ئاشتیخوازی هەبێت، ئەگەر تروسکاییەک بۆ ئاشتی هەبێت، ئێمە وەکو هەدەپە ئامادەین، ڕێگەی دیالۆگ هەبێت ئێمە ئامادەین، بە هەزاران کەس کە دیموکرسی و ئاشتی دەخوازن ئەمڕۆ پەنابەرن، لە دەرەوەی تورکیان.

**پەیوەندی هەدەپە لەگەڵ ئەمریکا**

ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتیش لە شۆڕشی سوریا و تێکۆشان دژی داعش، هێزی هەرە چالاک و زیرەک لەوێ کوردە، لەناو هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا جێگەی خۆیان هەیە، کەسێک کە بە جدی شەڕی داعشی دژی مرۆڤایەتی دەکات، کوردە، ئێمەش وەکو هەدەپە، لە کاتێکدا کوردستان کراوەتە چوار پارچە و لەیەکتر دابڕێنراوە و داگیرکراوە، بەڵام ئێمە وەکو هەدەپە هەمیشە لەگەڵ کورد دەبین و پشتگیری داخوازییەکانیان دەکەین لە ڕۆژئاوا بێت یان لە باشور یان لە ڕۆژهەڵات. لەبارەی پەیوەندی ئێمە و ئەمریکا، ئێمە پشتی خۆمان نابەستین نە بە ئەمریکا نە بە ڕوسیا و نە هیچ وڵاتێکی دیکە، باشترین هێز کە هەرگیز خیانەتت لێ ناکات و بەجێت ناهێڵێت گەلە، گەل خاوەنداریت لێ دەکات، گەل شۆڕش بەڕێوەدەبات، بۆ ئەوەش ئێمە پشتمان بە گەلی خۆمان بەستوە، بەڵام دەرگای هەر وڵاتێکیش بۆ ئێمە کراوە بێت، چۆن ئەوان لە هێزی ئێمە سود وەردەگرن، ئێمەش لە هێزی ئەوان سود وەردەگرین. ئێمە وەکو هەدەپە لە ڕووی دیبلۆماسییەوە لەگەڵ زۆر وڵات پەیوەندیمان هەیە لەگەڵ ئەمریکاش بە هەمان شێوەیە پەیوەندیمان هەیە.

**کەشتی ئەردۆغان کون بووە**

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەردۆغان لە سیاسەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە جیهانیشدا تێکچووە، هەربۆیە هەرکەسێک وەکو ئەردۆغان بیر بکاتەوە و لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا بێت، سواری کەشتی ئەردۆغان بێت ئەوا چارەنوسی وەکو چارەنوسی ئەردۆغان دەبێ، ئێستا ئەو کەشتیەی ئەردۆغانی تیدایە کوون بووە، بۆیە پێویستە چاوی هێزە سیاسییەکان لەناوخۆی کوردستان بێت لە گەڵ بێت، نەک پشت بەستن بە ئەردۆغان، لە سەدەی ٢١ دا کورد هێزێکی زۆر چالاکن ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە، هەربۆیە پێویستی و دەرمانی دەردی کورد یەکێتی نێوان کورد خۆیەتی، هەتا ڕۆژێک زووتر دەست لە ناکۆکی ناوخۆیی بەردەن و بتوانن یەکێتی خۆیان ئاوا بکەن و بتوانن کۆنگرەی نەتەوەیی ئاوا بکەن و لەسەر خاڵی هاوبەش و کاری نەتەوەیی و دبلۆماسی کاری خۆیان بکەن بە یەک و سیاسەتێکی هاوبەش بەڕێوەببەن ئەوا زووتر دەگەین بە ئامانج، پێویستی کورد بە یەکێتی نەتەوەیی هەیە و بانگی ئێمەش بۆ تەواوی کورد یەکێتی و یەکگرتنە، سەرکەوتنیش لەوەدایە نەک لە شوێنێکی تر.

# ئایین و باوەڕی یارسان و پاراستنی کلتور



ئازادیی کۆمەڵگە
سیروان کاکەیی


جوانی و مانەوەی گەلان ئەناسرێتەوە بە رووداوە مێژویە نوسراوەکان و کلتورە پارێزراوەکانی لە روی فکری و فەلسەفی و ئەدەب و هونەرو ئایین زمانی ئاخاوتن و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە. بەداخەوە مێژوی گەلی ئێمە وەک کورد سەرچاوەی نوسراوی مێژویی کەممان هەیە لەو بارەوە, زۆربەی ئەوانەش کەهەن لەلایەن ناحەزانی گەلەکەمانەوە نوسراونەتەوە ئەوانیش لەبەرژەوەندی خۆیان دایان ڕشتوە لەگەڵ ئەوەشدا بەهەوڵی بەردەوامیان نەیان توانیوە بەشیکی مێژوو کلتوری نەتەوەکەمان لەناو بەرن یان بشێوێنن. بۆیە ئەتوانم بڵێم بەشێکی مێژوو کلتوری نەتەوایەتیمان ئێستە لەلایەن یارسانیەکان و ئێزدیەکانەوە پارێزراوون. من لەم بەشەدا باس لە هەندێک لەو کلتورە نیشتمانی نەتەوەییانە ئەکەم کە تائێستە لەلایەن شوێن کەوتوانی ئاین و باوەڕی یارسانەوە پارێزراون.

**(کلتوری ڕۆڵی ژن و پێگەی ژن لە ئایین و باوەڕی یارساندا):**

پێگەی ژن لەئایین و باوەڕی یارساندا پێگەیەکی کاریگەری هەیە لەبەشداری



وێنەیەکی تەمبوور نەوازانی یارسان

کردنیان شان بەشانی پیاو لەهەموو بوارەکانی (کۆمەڵایەتی –کشت وکاڵ – مۆسیقا – تێکۆشان و بەرخودان و روبەڕو بونەوەی نەیارەکان – بڕیاردان و لێپرسینەوە – پەروەردەیی) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەقە ئایینیە نوسراوەکانی ناو پەوتوکی پیرۆزی سەرەنجام (کە پەڕتوکی پیرۆزی شوێن کەوتوانی ئەم ئایینەیە. لەم ئایینەدا مافی ژن بەشێوەیەک پارێزراوە کە بتوانن خاوەن دارێتی لەخۆیان و کۆمەڵگە بکەن و بەگژ کلتورە سەپێنراوەکانی ژن بەژن و دووژنی گەورە بەبچوک بچنەوە و بە دێردەیەکی ناشیرینی بزانن بۆیە تائیستەش ئەم دیاردانە لەناو

شوێن کەوتوانی ئەم ئایینەدا یان بونی نیە یان بونێکی زۆر دەگمەنیان هەیە.

لەم بارەوە لەپەڕتوکی پیرۆزی سەرەنجامی یارساندا دەربارەی نەبوونی جیاوازی لەنێوان کوڕو کچدا هاتوە : سان سەهاکی بەرزنجی ساڵی (٧٠٠) کۆچی دەڵێت :

**کناچەو کوڕی -- تەوفیرشان نیەن**

**کناچەو کوڕی**

**هەرکەس بواچۆ -- کناچەو کوڕی**

**مەوەزیش وە دەم مەودای کەیبری.**

ئەمە فەرمانی رابەری یارسانیانە کەپێمان دەڵێت هیچ جیاوازیەک لەنێوان کوڕ و کچدا نیە هەرکەسێک

بڵێت جیاوازی لەنێوان کوڕ و کچدا هەیە هەرگیز ناتوانێت بگاتە بازنەی خۆشەویستی خوداوەند.

هەر لەهەمان سەردەمی سان سەهاکدا(نێرگزە)خاتون کەیەکێک بوە لەژنە فەرماندە و تەمبور ژەنەکانی یارسان و خێزانی عابەدینی جاف بوە دەربارەی دانانی ژن بەکۆتا بۆ هەندێک کار لەهەندێ بواردا روبەڕویان دەبێتەوە و بەم شێوە لەپەڕتوکی پیرۆزی سەرەنجامدا دەڵێت :

مەڵێن زەعیفە دامنێن بەکۆتا نیە ڕیشم

بۆ بەستەی شەرت سەد (میرم )نیە هاملۆ

ئەمن سەری خۆم داناوە لەمەیدانی هەق

سەرسپاردن بۆ ژن واجبە لەشنۆ

لێرەدا (نێرگزە خاتون )روبەڕوی ئەوکلتورە دەبێتەوە کە ژن بەزەعیفە ناوزەد دەکات و هێزی پیاویش لەڕیشا بەرجەستە دەکات و دەڵێت بۆ بەرخودان و خەبات کردن سەد میر بەهاوتای خۆم نازانم من کە ئامادەم سەری خۆم دانانێم لەپێناوی راستیدا کە ئەمە ئەرکی ژنە ئەوباوەڕەی هەبێت، هەرگیز رازی نابم ژن بۆ هیچ کارێک بەکۆتا دابنرێت. لێرەدا ئەوە رون دەبێتەوە ژن خۆی دەبێت خاوەنی ئیرادەی خۆی بێت و بەرگری لەمافەکانی خۆی بکات لە بوارەکانی ژیاندا.

ئەم کەڵە ژنە یارسانیانەی تریش رۆڵی بەرچاویان هەبووە شان بەشانی پیاو لەبوارە جیاجیاکاندا.

١---- (لیزا خاتون نسێ خاتون) دوو فەرماندەو تەمبور ژەن بوون لەسەردەمی شاخۆشێنی لوڕستانیدا(ساڵی ٤٠٥ کۆچی) وەک فەرماندە بەشدار بون لەلەشکری نۆسەدی شاخۆشێندا، کە شۆڕشێکی بەناو بانگە بۆ گێڕانەوەی شکۆمەندی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ رزگارکردنی کورد لەکاریگەری مادی و مەعنەوی شۆڤینیەتی عەرەب و لەم بارەوە بەتێکستی دورو درێژ لەسەرەنجامی پیرۆزدا لەسەر ئەم شۆڕشە زانیاری تەواو خراوەتە ڕوو.

> **نەورۆز رۆژێکی پیرۆزی یارسانیانە و گرنگی و پێگەیەکی فراوانی ئاینی هەیە**

٢---( دایە خەزانی سەرگەتی) فەرماندەو تەمبور ژەن بووە، لەسەردەمی شۆڕشی باوە سەرهەنگ دا لەساڵەکانی ٥٠٠کۆچیدا، لەو بارەوە لە پەڕتوکی پیرۆزی سەرەنجامدا باوە سەرهەنگ دەفەرموێت (سەرهەنگی دەودان – سەرهەنگی دەودان --- من کەنامیمەن سەرهەنگی دەودان – هەنی مەگێڵۆ یەک یەکی شاران – پەی زیندە کەری ئایین کوردان.

٣--- (دایەتەورێزی هەورامی ) فەرماندەو تەمبور ژەن بووە، لەسەردەمی شۆڕشی باوە ناوسدا.

ئەمە بێجگە لەم ژنە فەرماندانە(ئاونگ خاتون—-رۆچیار خاتون –گوڵێ خاتون )دەوری کاریگەری خۆیان هەبووە، لە بوارە جیا جیا کاندا.

(کلتوری پاراستنی سروشت و کشت و کاڵ کردن):

وابەستەبوون بە پاراستنی سروشت و کشتوکاڵ کردن لە کۆمەڵگەی یارساندا ئەرکێکی ئایینیە، هەربۆیە لەهەموو ئەوناوچانەی کە یارسانیەکانی تێدا ئەژی سروشت بەجوانی ماوەتەوە و درەختە خۆڕسکەکان جوانیاکانیان نەشێوێنراوە. لەسەرەنجامی پیرۆزدا خەڵکانی یارسانی هانئەدرێن وابەستەبن بەکشتوکاڵ کردن بۆ بەردەوامی ژیانیان، لەم پەڕتوکەی سەرەنجامی یارساندا سەرنجی تاکەکانی یارسان رائەکێشرێت چۆن چێژ لە ئاوازی خوڕەی ئاوو دەنگی شەقەی بێڵ بگرن، هەروەها پێیان دەڵێت کشت و کاڵ وەک خەزنەیەک وایە ئەتوانن لێی سودمەند بن بەکارکردن لەو بوارەدا، (پیر روکنەدینی پێنجوێینی ساڵی ٨٠٠کۆچی) دەربارەی کشت و کاڵ لە پەڕتوکی سەرەنجامدا دەفەرموێت.

وا شەقەی بێڵە --- ئاو جاری مەبۆ واشەقەی بێڵە.

هورموزدێ مەیۆ چەی کشت و کێڵە.

یعنی ئێ بستان خەزنەی سەر ئێڵە.

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەرئەخات پێشەوایانی ئەم ئاینە خەڵکانی خۆیان هانداوە بۆ بەردەوامی ژیانیان پشت بەخۆیان ببەستن لە دەست کەوتنی پێویستیەکانیان.

(پیرۆزی ئاگر لای شوێن کەوتوانی ئایین و باوەڕی یارسان):

ئاگر پێگەیەکی گرنگ و پیرۆزی هەیە، لەم ئایینەدا؛ لەم بۆنانەی خوارەوەدا هەمیشە بەکاری دەهێنن:

١---(ئاگری نەورۆز) : ئاگری

نەورۆز و رۆژی نەورۆز رۆژێکی پیرۆزی یارسانیانە و گرنگی و پێگەیەکی فراوانی ئاینی هەیە لای یارسانیان، لەم بارەوە شاخۆشێنی لورستانی دەربارەی رۆژی نەورۆز لەپەڕتوکی پیرۆزی سەرەنجامدا دەفەرموێت:

**بە رژانی گەنم بۆ باڵندە و گیانەوەرە خشۆکەکان خاوێنی ئەو رۆژە ئەپارێزن و بەرەو نوێ بوونەوە، راستی ، پاکی لێبووردن و بەخشندەیی رەوانی خۆیان بەرەو ئارامی دەبەن**

مەستیم و کەریم دوڕی هەمە لالان ----
نەورۆز ماهێ هەستیم باڵای هەمی ماهان.

بەوشێوەیە ئەوفەرماندەی یارسانی واباسی مانگی نەورۆز دەکات کە مانگی نەورۆز لەسەروی هەموو مانگەکانەوەیە.

٢ــــلە هەموو جەمێکی یارساندا (کۆبونەوە لە جەم خانەدا بۆ ئەنجامدانی جەمی یارسان)

واتە خێرکردن، بەبێ بونی ئاگر ئەو جەمەی یارسان هیچ رەواجێکی نابێت بۆیە ئەرکێکی ئاینیە لەهەموو جەمێکی یارساندا ئاگر هەبێت لەشێوەی چرادا.

٣ـــــئاگر لەکاتی کۆچکردنی ئازیزەکانیاندا لەیەکەم رۆژی کۆچکردنی ئەو تاکەی کۆمەڵگەی یارسان ئاگر دەبێت لەبەردەمی ماڵی کۆچکردوەکەدا بێ کوژانەوە بونی هەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لای یارسانیان پێگەی ئاگر پێگەیەکی نزیکە لە پێگەی خوداوەندەوە و یەکێکە لەچوار رەگەزەکەی بەردەوامی ژیان لەسەرگۆی زەوی ئەوانیش (ئاگر، ئاو، هەوا و خۆڵ)ن، هەروەها لەم کۆچکردنەشدا مۆسیقا پیرۆزی خۆی هەیە، هەربۆیە بەپرۆسەی (چەمەرانە) واتە (تەمور – دەف – شمشاڵ) جەستەی مردوەکانیان بەرێ ئەکەن بۆ گۆڕستان، باوەڕی تەواویان بەوە هەیە کەلەرێگەی مۆسیقاوە رەوانەکان ئارام دەبنەوە و کۆچکردوەکەش رەوانی شادو ئارام دەبێت، تارەوانی دەچێتە جەستەیەکی ترەوە و خولی نوێی و ژیانی نوێ لەسەر زەوەی دەست پێدەکاتەوە بەم پرۆسەیەش دەوترێت دۆنای دۆن.

**(کلتوری زمان):**

زمان هۆکاری ئاخاوتن و لێک تێگەشتنێکی تاکەکانی هەرکۆمەڵگەیەکە، ئەمەش بەیەکێک لەکۆڵەکەکانی خەسڵەتی نەتەوە دادەنرێت، بەداخەوە گەلی کورد بەهۆی ژێردەستەیی نەتەوە جیاجیاکان بەتایبەتی تورک و عەرەب و فارس ئەونەتەوانە هەوڵیان داوە زمانەکانی خۆیان بەسەر گەلی ژێردەستیاندا بسەپێنن، کورد بەگشتی یارسانیان بەتایبەتی ئەمەیان بۆقبوڵ نەکراوە، بۆئەمەش شۆڕشیان کردووە لەپێناوی پاراستن و شکۆمەندی زمان و خاک و نەتەوەکەیان و خۆڕزگار کردن لەکاریگەری کلتوری زمانەکانی بێگانە.

هەربۆیە لە پەڕتوکی پیرۆزی سەرەنجامی یارساندا لە لاپەڕە ٥٩٣ دا لەم بارەوە هاتوە:

لەوز عەرەبیمان گێلا نەدەوران -----
کردمان کەلام وە لەوز گۆران.

(ماسی قەڵاتێ): ئەم پرۆسەیە هاوتایە لەگەڵ چوار شەمەسورەی ئێزدیان بەجیاوازی دوو ڕۆژ، کەلە ٠٤/٢١/ هەموساڵێکدا لەلایەن یارسانیانەوە ئەنجام دەدرێت و ئەرکێکی ئاینیە لای یارسانیان، لەم ڕۆژەدا خەڵکانی یارسان هەموو پێکەوە رودەکەنە شوێنێکی پیرۆز کە پێی دەوترێت(قەڵاتێ) لە گوندی هاواری سەربە پارێزگای هەڵەبجە. خواردن و خواردنەوەی ئەو رۆژەیان بریتی دەبێت لە بەشەماسی ئەو رۆژەی بەروبوومی مەڕوماڵاتەکەیان بە سرودی ئاینی و تەمبور لێدان و بەسەرکردنەوەی مەزارگە پیرۆزەکانیان پرۆسەکە دەست پێدەکەن، هەروەها بە رژانی گەنم بۆ باڵندە و گیانەوەرە خشۆکەکان خاوێنی ئەو رۆژە ئەپارێزن و بەرەو نوێ بونەوەو راستی و پاکی لێبوردن و بەخشندەیی رەوانی خۆیان بەرەو ئارامی دەبەن.

تێبینی لە ٠٤/٢١/ئەمساڵدا ئەویادە کرایەوە و بەئامادەبونی بەشێکی زۆر لەیارسانیان پرۆسەکە بەئەنجام گەیەندرا.

# ژنۆلۆژی بە ئەقڵی ژن گەشە دەکات

ئازادیی کۆمەڵگە

زۆزان سیما
لە تورکیەوە : نەجیبە قەرەداغی

ژنۆلۆژی ئامانجێتی کە مێژووی شاراوەی کۆیلایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوین و دینامیزمیکی ئازادی ژن و بەرخودانەکانیان ئاشکرا بکات. باوەڕیشمان وایە کە پۆتانسێلی شۆرشی ژن لە ئاستێکدایە کە کاریگەری لەسەر هەموو بزوتنەوەکانی ژنانی جیهان دا بکات. بۆ ئەوەش دەروازەیەکمان بە ژنۆلۆژی کردەوە و دەستمان پێکرد و دەکرێ بڵێین کە هەنگاوی یەکەممان ناوە. ژنانی کورد بە هەنگاوی گوڕ و تینئاسا گفتوگۆ لەسەر ژنۆلۆژی دەکەن. ژنۆلۆژی لە فراوانترین واتای دا « زانستی ژن»ە و لەسەر ئاماژەکانی رێبەری گەلی کورد عەبدوڵا ئۆجالان لەسەر پرسی ئازادی، پەرەدەسەنێت. ئەو گفتوگۆیە هەردەچێت زیاتر لە تێکۆشانی ئازادی ژن دا جێی خۆی دەگرێت. ژنان لە زۆر وڵاتی جیهانەوە، بە پێشەنگی ژنانی کورد کار لەسەر بونیادنان و پەرەسەندنی « زانستی ژن» دەکەن و گوێیان بۆ هەڵخستووە، لەو جێیانەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت لێزیادکردن، مشتومڕ، پێشنیار و بۆچونەکانیان دەخەنە ڕوو.

ئەندامی ئاکادیمیای ژنۆلۆژی زۆزان سیما لەسەر زانستی ژن، بۆ ئەوانەی بەپەرۆشی زانین و مەعریفەن، لەسەر واتا، ناوەرۆک، بوارەکان و کاروبارە کورتخایەن، مامناوەند و درێژخایەنەکانیان وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

**پ. ژنۆلۆژی کە وەک زانستی ژن دەناسرێت، لە چ قۆناغێکی پەرەسەندن و هاتنە ئارایدایە؟**

زۆزان سیما : کاتێک کە لە پێشهات، دەستکەوت و هەم لەو هێرشانە بڕوانین کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، دەکرێ بڵێین تێکۆشانی ئازادی ژن کارێکتەری پێشکەوتنەکانی ئەم سەدەیە دەست نیشان دەکات. بۆ ئەوەش هەر کرانەوەیەک چ تیۆری یان چالاکی و کردەیی بێ، هەر زوو بە زوو کاریگەری خۆی نیشان دەدات. لە لایەن بزوتنەوەی ئازادی ژنی کوردەوە وەک ئەوە وایە کە هەموو ئەو شتانەی گوتووە کە دەبوو بگوترێن. هەر بۆ ئەوەش هەر چەمکێک کە بەرهەمی دێنێت لە ڕووی هزریەوە دەبێتە مایەی مشتومڕ و گفتوگۆی فراوان. لە چیاکانی کوردستانەوە تا ئەمەریکای لاتین، لە رۆژئاڤاوە تا شارە گەورەکانی تورکیا و باکوری کوردستان، تا ئەوروپا بە فراوانی گفتوگۆ لەسەر ژنۆلۆژی دەکرێت و دەنگ دانەوەی بووە.

ژنۆلۆژی تا ئێستاش لە قۆناغی پێناسەکردن و ناساندن دایە. بەڵام بزوتنەوەی ئازادی ژنی کوردستان بە قۆناغی سوپابوونی، پارتبوونی ژن و دامەزراندنی چەتری کۆنفیدرالی ژن هەم لە ڕووی تیۆری و هزری و هەم لە رووی دەزگابونەوە قۆناغێکی بڕیوە. ئیتر ئامانجی خوڵقاندنی پێهەڵگرتنی نوێیە. ژنۆلۆژی بۆتە ناوی ئەو پێهەڵگرتنە. بەو پێهەڵگرتنە ئەزمونە کەڵکەبووەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە و ژنانی جیهان دەخاتە گفتوگۆ و مشتومڕەوە. ژنۆلۆژی کۆی بۆچونەکان هەڵدەسەنگێنێت.

جیهان تەنیا لە بەرەکانی شەڕدا ژنانی کوردی بینی و بیست، بەڵام بەپێی پێویست لە بواری ئاکادیمی و تیۆری دا لێکۆڵینەوەی لەو هزر و کردەیە نەکردووە کە ئەوانی هێنایە ئەو ئاستە. ژمارەیەکی کەمی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون و هەروەها گفتوگۆکانیش، بەهۆی کاریگەری دیدی ئۆرێنتالیست و پۆزەتیڤیستەوە و بەزۆریش بەهۆی پێشداوەریەوە، لە ئاستێکدا نیە کە شایان بەو ئەزمونانە بێت. هەر چۆن فێمینیزم هزرێکە کە پێهەڵگرتنێکی سەردەمی شۆرشی فەرەنسا و تێکۆشان لە پێناوی ماف لە بەریتانیا و ئەمەریکاوەیە، ژنۆلۆژیش هەڵگری چەمکێکی نوێی کۆمەڵناسیە لەئەنجامی تێکۆشانی دەیان ساڵەی ژنانی کورد بەرهەمهاتووە. کاتێ ئەوە دەکات پشت بە ئەزمونەکانی تێکۆشانی ژنان، میراسی

دەوڵەمەندی بەرخودانەکانی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیان دا، دەبەستێت. ژنۆلۆژی ئامانجی ئاشکراکردنی مێژووی کۆیلایەتیە کە لەرۆژهەڵاتی ناوین دا شاراوەیە و نیشاندانی هێزی بزوێنەری بەرخودان و تێکۆشانی ئازادی ژنانە. لەو باوەڕەشداین کە پۆتانسێلی شۆڕشی ژن لە ئاستێکدایە کە کاریگەری لەسەر هەموو بزوتنەوەکانی ژنان لە جیهان دا بکات. بۆ ئەوەش دەروازەیەکمان بە ژنۆلۆژی کردەوە و دەستمان پێکرد و دەکرێ بڵێین کە هەنگاوی یەکەممان ناوە.

**پ.ئەگەر زانین و مەعریفە یەکەمین بەرهەمی هەبوونی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەبوونە کەواتە ژنۆلۆژی بنەما مەعریفیەکانی چین؟ بۆ خۆبونیادنان و درێژەپێدانی پەرەسەندنی پشت بە کامە راستی دەبەستێت؟**

زۆزان سیما : زانست و زانیاری، لە پەیوەندیی بە ژیان و مرۆڤەوە خاوەن ئەتمۆلۆژیەکی مێینەیە. نزیکەی لە هەموو زانستەکان دا کارێکتەرێکی مێینەی هەیە. لە کوردی دا وشەکانی زایین، ئەو وشانە پێک دێنێت کە پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە. وشەکانی زانست، زانیار، زانین سەرچاوەکانیان وشەی « زا» – زایینە. بۆ نمونە لە کاتێکدا کە هەبوونی ژن لە رووی مێژوویەوە پەیوەندی بە ژیان و ئازادیەوە هەیە، هەرچی ئێستایە ئەو وەرچەرخێنراوەتە ناسنامەی « مردن، سێکس-کۆیلایەتی». دەبێ ئەو ناسنامەیە هەروەک قۆناغی سەرەتایی وەرچەرخێنینە چوارچێوەی ناسنامەیەک کە کوردیەکەی کراوەتە دروشمی « ژن، ژیان، ئازادی». ژنۆلۆژی ئەو وشیاریە فەراهەم دەکات و دەبێتە بوارێکی زانست کە بەو وشیاریە؛ ئامانجێتی شێوە بە هەبوونی ژن بدات. کاتێ ئەوە پێک دێنێت نەک تەنیا بۆ ژن بەڵکو پێمان وایە بۆ پیاو، پەیوەندیەکانی ژن-پیاو و هەروەها بۆ ئەو بەهایانەی کە لە دەوری ئەو پەیوەندیانە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی تێدا ئەنجام دەدرێت، وەک بوارەکانی سیاسەت، ئابوری، دیمۆگرافی(دانیشتوانناسی)، ئەتیک-ئەستاتیک.

واتە ژنۆلۆژی نیگاکانی وەردەگێڕێت بۆ سروشتی ئەو ژنەی کە ژیانی بە دەوری خۆی دا خولقاند. ژیان، ئابوری، ئەتیک –ئەستاتیک و دیموکراسیەک کەلە چوارچێوەی سروشتی ژن دا گەشە بکات تەنیا بۆ ژنان نا، بەڵکو بۆ هەموو کۆمەڵگە پێویستیەکە. ژنۆلۆژی خاوەن ئەو دەرفەتەیە کە لەو خاڵەوە گەشە بکات. ئەو واتا جەوهەریە تەنیا هەڵوێستێک نیە، هزر و پارادایمی عەبدوڵا ئۆجالان، پارادایمی ژنە. لە ئەکۆلۆژیەوە بگرە هەتا ئابوری لە سیاسەتەوە بگرە تا فەلسەفە و لە هەموو بوارێکەوە ئەگەر لە رووی بیۆلۆژیشەوە پیاویش بێت، ئەگەر بەپێی سروشتی ژن هزر و کردەی ئەنجام بدات، دەکرێت مامەڵەی لەگەڵ بکەین.

ژنۆلۆژی لەبەرامبەر ئەو زانستگەرایيەی لەلایەن پیاوسالاری دەسەڵاتدارەوە لە بینا بەرزەکان دا قەتیسکراوە، ئامانجی بە دیدی ژن هێزی واتا بەدەست بێنێ لە پەیوەندی زانست بە کۆمەڵگە، ژیان و سروشتەوە. هەروەها رێهەڤاڵی ئازادیمان عەبدوڵا ئۆجالان دەڵێ کە واتا بە پۆتانسێلی حەقیقەت و زانست بە شرۆڤەی واتا بگات، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین بە ژنۆلۆژی گەیشتنە مەعریفەی حەقیقەت پێویست و لە کارە یەکەمەکانە.

**پ.ئاماژە بەوە دەکەن کە زانستە کۆمەڵایەتیە باوەکان لەسەر نکوڵی لە ژن و ناوەندکردنی پیاو سەریهەڵداوە. داخۆ بە پێچەوانەوە ژنۆلۆژی زانستێکە کە ژن دەکاتە ناوەند؟ چۆن دەبێت؟ چی لە خۆدەگرێت؟**

زۆزان سیما : ژنۆلۆژی رێبازێکی لێکۆڵینەوەیە کە ناسنامەی ژن دەخاتە ناوەندی ناسنامەیەکەوە کە هەم گوزارە لە ژیان بکات و هەم پیاویش لە خۆدەگرێت. تەوەربوونی ژن؛ وەک هاوتەریبی لەگەڵ تەوەربوونی ژیان لەقەڵەم دەدەین. پێناسەیەکی تری ژنۆلۆژی ئەوەیە کە وەک زانستی هاوژیانی ئازاد پێناسەی دەکەین. بۆ ئەوەش ئەو گفتوگۆیەی بە ژنۆلۆژی دەستی پێکردووە، گوزارەیە لە سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی بوارە فەلسەفی، ئابوری، کەلتوری و مێژوویەکانی پەیوندی نێوان ژن و پیاو. پەرەسەندنی بوارێکی زانستی کۆمەڵایەتیە، کە نەک بە ناوەندکردنی ژن بەڵکو بە دیدی ژن گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە پیاوێتی دا دەخاتە ڕۆژەڤی خۆیەوە.

لەو باوەڕەداین دەبێ هەموو زانستەکان خزمەت بە هاوژیانی ئازاد بکەن لە پەیوەندی نێوان ژن-پیاو دا. هاوسەرێتی لەبەرئەوەی کە سەردەمێکی درێژە لە خزمەت ئابوری، دەوڵەت، سیاسەت، فەلسەفە و ئایینەکان دا بووە، رۆڵی لە باڵادەستی لە هەموو بوارەکانی ژیانمان دا بینیوە و ڕەوای کردووە. لە راستی ئەوەی دەیکەین تاقیکردنەوەی رێبازێکی پێچەوانەیە. لە جێی ئەوەی بە پێی چەمکی سیاسەتی باو دا داکۆکی لە مافەکانی ژن بکرێت، پەرە بە تیۆری سیاسەتێک دەدەین کە یەکسانی نێوان ژن و پیاو فەراهەم بکات. بەو تیۆری سیاسی و کردەیە، زەمینەی سیاسەتی دیموکراتیانە دەرەخسێنێت. لە هەڵسەنگاندنی دۆخی ژن لە زانستی ئابوری واوەتر، بە تیۆری ئابوریەک لەسەر

بنەمای رەنجی ژن، چەمکی ئابوری لەسەر بنەمای یەکسانی ژن و پیاو دادەڕێژێت و بە دەزگایی دەکات. بەو پێیە زەمینەی ئابوری کۆمیناڵ فەراهەم دەبێت.

لەبەرئەوەی پەراوێزکردنی ژن لە مێژوودا لە بواری ئابوری، بۆ ڕوونکردنەوەی مێژوو، دەستنیشانکردنی رێ و رێباز و کەرەستەکانی بەلاڕێدانی ئابوری لە راستینەی خۆی و داگیرکردنی رەنجی کرێکاران و رەنجدەران دا دەبینین. کاریگەری رەنجی ژن لە پێشخستنی تیۆری رەنج-بەهادا یان ئەو زانیاریانەی کە ژن وەک یەکەم و دوا داگیرکراو دەبینێ، تەنیا شتێک نیە لەسەر ژن بێت، بەڵکو هەڵوێستێکە واوەتر لە ئازادی ژن لە بواری ئابوری یان بینینی رەنجی ژنان لە بواری ئابوری دا، لەوە زیاتر رێ لەسەر وەرچەرخانێکی ریشەیی لە بوارە زانستیانەدا دەکاتەوە. لە چوارچێوەی ژنۆلۆژی دا دەکرێت بەهەمان شێوە پەرە بە بوارەکانی تریش بدەین. لە دیمۆگرافیاوە بۆ پەروەردە، لە ئەتیک-ئەستاتیک بگرە تا تەندروستی لە ڕووی چۆنایەتی دەتوانێ بەو رێبازە وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانە ئەنجام بدات. هەروەها بزوتنەوەیەکین لە ڕووی کردەییەوە کاری لەسەردەکەین. بۆ ئەوەش لە بوارەکانی ژنۆلۆژی بەهەمان فراوانیەوە مامەڵە لەگەڵ هەر بوارێک دەکەین، کە پەیوەندی بە ژن و ژیانەوە هەبێت.

سێ ئەرک و کاروباری دەزگایی هەیە کە ژنۆلۆژی و بزوتنەوەی ئازادی ژن لە فراوانکردنی و پەرەپێدانی دا بەرپرسیارە:

**یەکەم**، لەو رێنماییەی کە مێژووی کۆیلەکردنی ژن لە رۆژهەلاتی ناوین دا شاراوەیە، ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ژن لەسەر ئەم خاکە چۆن پەرەبە کۆیلەکردنی دراوە و ئەو بەرخودانانە چین کە لەبەرامبەر کۆیلایەتی ئەنجام دراوە.

**دووەم**، لەسەر بنەمای ئەو مێژووە، پەرەدان بە دووەمین شۆڕشی ژن و بەدەزگاکردنی هێزی بزوێنەر، رێ و ریباز و کەرەستەکانی، ئەڵبەتە ئەزمونی بزوتنەوەی ئازادی ژنی کورد، لەگەڵ میراس و ئەزمونی فێمنیستەکان و بزوتنەوەکانی رزگاری ژنان رێنیشاندەر دەبن.

هەرچی **سێیەمە** لەسەر بنەمای ئەو شۆڕشە، بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە، فەراهەم کردنی زەمینە بۆ جێبەجێکردنی هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی ژن.

**پ.لە دەستبردن بۆ پرسە کۆمەڵایەتیەکان، ژنۆلۆژی ریزبەندییەکی بۆ کارە یەکەمینەکان چیە؟**

زۆزان سیما: هەڵوێستی پۆزەتیڤیست وای کردووە کە هەر شت پارچەبکرێت و دابەشی بکات بەسەر سەرەکی و لاوەکی دا. ژنۆلۆژی لەلێکۆڵینەوەکانی دا ئامانجێتی پەرە بە رێبازێکی لێکۆڵینەوە بدات، کە یەکانگیری حەقیقەت بە بنەما دەگرێت. ژنۆلۆژی راوەستە لەسەر ئەو بابەتانە دەکات کە وەڵامی پێویست بە پرسەکانی ژنان دەداتەوە. ئەو بابەتانەی کە ژنۆلۆژی، لە ئەوروپا و تورکیا-باکوری کوردستان باسی دەکات، دەکرێت جیاواز بێ لەگەڵ ئەوانەی ئەمەریکای لاتین. لە جێی خۆی دا نیە کە بڵێین» کاری یەکەم یان ئەولەویەت» ریزبەند دەکات. ئەو بابەتانەی لە رۆژئاڤا یان باشور لەگەڵ ئەوەی کە لە هەرێمەکانی پاراستنی میدیا گفتوگۆی لەسەر دەکات جیاوازی هەیە. وەک رێبەرمان ئاماژەی پێکردووە واتای هاوژیانی لە پەیوەندی ژن-پیاو لەڕاستی دا هەموو بابەتەکانی تر دەگرێتەوە لە هەندێ جێگە فەلسەفە زەق دەکرێتەوە؛ هەندێ جێگە قورسایی دەخرێتە سەر گفتوگۆ کردن لەسەر مەسەلە ئابوریەکان. ئێمە ئەو گفتوگۆیانە وەک دەوڵەمەندی و فرەڕەنگی لێک دەدەینەوە. جاری وا هەیە کە هەموو بابەتەکانیش دەبنە بابەتی باسمان. ناڵێین ئەولەویەت، بەڵکو نەخشەڕێیەک دادەڕێژین، ئەو نەخشەڕێیەش لە ڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتیەوە فرەڕەنگیەک لە خۆوەدەگرێت.

**پ.کێشەی توند و تیژی و ئیستغلالکردنی جنسی لەبەرامبەر ژنان کێشەیەکی جیهانییە. ژنۆلۆژی لەسەر ئەو بابەتە رێنمایی چیە و هەڵوێستی لەسەر خۆپاراستن، چیە؟**

زۆزان سیما : ژنۆلۆژی زانستێک نیە؛ کە رەچەتەی چارەسەری بۆ هەموو کێشەیەک هەبێت. لەسەر بەرگری لە خۆکردن یان خۆپاراستن بزوتنەوەی ئازادی ژنی کورد ئەزمونێکی دەوڵەمەندی هەیە. هەم دید و رێنمایی فراوانی لەسەر خۆپاراستن و هەم ئەزمونی دەیان ساڵەی لە سوپابوونی ژن هەیە. سوپای ژن پێکهاتەیەکی رووکەشانە نیە. هەندێ هێز و کەسیش هەیە کە کاتێ کاریگەری یەپەژە دەبینن، دەچن وێنە لەگەڵ ئەو کچە گەنجانە دەگرن کە چەکیان بەدەستەوەیە و دەیکەینە کەرەستەیەکی میدیایی، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر زانیاری تر هەیە دەکرێت بە دەستی بێنن لە سەر هزر، رێکخستن، بەهاکانی ئەتیک-ئەستاتیک و بە ئیرادەبوونی ژن لە مەیدانی شەڕدا. دیارە کە تا ئێستا لەو بارەیەوە کاروباری پێویست نەکراوە بۆ نیشاندانی ئەو کاریگەریە هەمەلایەنەیە.

ئەوەی کە ئەزمونەکانی خۆپاراستن لە ژن دا بەدەستی هێناوە تەنیا فێربونی بەکارهێنانی چەک، یان پاراستنی وڵاتەکەی، خۆی و بەهاکانی نیە، بەڵکو لەو وانانەی کە وەریدەگرن لە سیاسەتەوە بگرە تا ئابوری،

لە گفتوگۆکردن لەسەر پەیوەندیەکانی ژن-پیاو و زۆر بواری دیکە، کاریگەری وەرچەرخێنەرانەی لە کەسایەتی دا هەیە. بە سوپابوونی ژن، گوڕی بە پرۆسەی بە

**ئەگەر دوو چۆلەکە بەیەکەوە ببەستنەوە، دەکرێ چوار باڵیان هەبێ، بەڵام هەردووکیشیان ناتوانن بفڕن**

بەپارتبوونی بزوتنەوەی ئازادی ژنی کورد و ڕێکخستنی کۆنفیدرالیانەی ڕێکخراوەکانی ژنان و دەرفەتی نوێنەرایەتی یەکسان لە هەموو دەزگاکاندا دا. لامان وایە پێویست بە زەمینەیەکە کە کەرەستە و پەیڕەو، ئاکادیمیا و ڕێکخستنەکانی خۆپاراستنی ژنان لە هەموو بوارێکەوە پێشبخات. توند و تیژی و ئیستغلالکردنی جنسی ئەنجامە. بێگومان دەبێ ڕێکخستنکردن و ڕێ و شوێن لەبەرامبەر ئەو ئەنجامە بگیرێتەبەر. ژنان ناچارن کە بە ڕێ و ڕێبازی دەوڵەمەند پەرە بە خۆپاراستن و ڕێکخستبونیان بدەن. ئاسایشی ژن لە ڕۆژئاڤا، ماڵی ژنان و دەزگاکانی ژنان وەک ئەزمونێک پەرەدەسەنێت. تا دێت زیاتر دەبنە خاوەن ئەزموونی کارکردن لەم بوارەدا. پێمان وایە کە ئەو کارانە ڕێگرن لەتوند و تیژی و گرنگن. بەڵام کاتێ پەیوەندی توند و تیژی بە بوارەکانی سیاسی، ئابوری، ڕۆڵەکانی ژنێتی-پیاوێتی نەبینرێت ئەوە لە چەمکی پاراستن و سزادان بە پێی یاساکانی دەوڵەت تێپەڕناکات. هۆکاری سەرەکی توند و تیژی لە چۆنێتی پەیوەندیەکانی ژن-پیاودا شاراوەیە.

لەسەر هاوسەرگیری مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی قسەیەکی هەیە دەڵێ» ئەگەر دوو چۆلەکە بەیەکەوە ببەستنەوە، دەکرێ چوار باڵیان هەبێ، بەڵام هەردووکیشیان ناتوانن بفڕن«، ئەو دوو چۆلەکەیەی ناتوانن بفڕن، ڕادەوەستن و یەکتر دەروشێنن، دەکەونە حاڵێکەوە بەرپرسیارێتی نەفڕینیشیان دەخەنە ئەستۆی یەک. ڕێبەرمان ئەوەی وەک « کەوتنە قەفەسی شێر»ەوە چواند. فڕێدانە قەفەسی شێرەوە... دەسەڵاتدارێتی پیاوسالار وەک تەڵەیەک هەرپیاوێکی کردووە بەو شێرە برسیە. دەسەڵاتدارێتی ئەو پڵنگە فڕێدراوەی نێو قەفەسی شێری هارکراوی برسی، یان بەدەستی خۆی پارچە دەکات، یان وەک ئەوی لێدێت یان ماڵی دەکات و لەگەڵی دا ڕایدێنێ. لە ئەنجام دا شێوازێکی پەیوەندیە کە پیاو دەکاتە کوژەر و ژنیش کوژراو. ئەو پەیوەندیە پێویستی بە گۆڕانکاریە. ئەو گۆڕانکاریەش بە زیادکردنی ڕەگەزەکان پێک نایەت، ئەو ڕێبازە تاقیکراوەتەوە، بەڵام شێوەی پەیوەندیەکانی ژنێتی و پیاوێتی بەرهەم دێنرێتەوە. لەوانەیە شێوە بگۆڕدرێت، بەڵام ناوەڕۆکی و چۆنێتی پەیوەندیەکان ناگۆڕدرێن. پێویست بە گۆڕانکاریەکی چۆنێتی هەیە لە پەیوەندیەکانی ژن و پیاودا. دەبێ پەیوەندیەکانی ژن و پیاو لە بواری زایەندییەوە بگۆڕدرێت بۆ بواری سیاسی و فەلسەفی. چەمکی هاوژیانی ئازاد گوزارەیە لەو گۆڕانکاریە لە ڕووی چۆنایەتیەوە. لەو باوەڕەداین کردەیی کردنی چەمکی نەتەوەی دیموکراتی، باشترین میکانیزمای خۆپاراستن دەبێت لە بەرامبەر توند و تیژی و ئیستغلالکردنی جنسی.

**پ.ژنۆلۆژی وەک پرۆژە لە ٢٠١٠ ەوە کەوتۆتە ڕۆژەڤەوە.لەو کاتەوە لە رووی کردەیی و دەزگابوونەوە چ مەودایەکی بەرچاوی بڕیوە؟**

زۆزان سیما : تا ئێستا بە پێی داخوازی و پێویست پەرە بە ژنۆلۆژی و دەزگابوونی نەدراوە. ئەڵبەتە ئەوەش پاساوی خۆی هەیە، بەڵام ژنۆلۆژی بە خێرایی لەهەموو دەڤەرەکان بووەڕۆژەڤ و بەرەنگی خۆیەوە ناسرا و بە پێی توانا و لەو جێیەی پێویستە، هەوڵ بە دەزگابوون و ڕێکخستنکردنی دراوە. بەپێی پلانسازی و ڕێکخستنکراو کاروبار بەڕێوەبراوە، بەڵام لە هەمان کات داخۆڕسکانەش پەرەدەسەنێت و ئاراستەی خۆی دەگرێت. لە بارودۆخی ئێستادا لە هەموو ئەو جێیانەی کە بەرگرینامەکانی ڕێبەر ئۆجالانیان خوێندۆتەوە، یان لە ژێر کاریگەری بزوتنەوەی ئازادی ژنی کورد دایە، یان لەو جێیانەی بزوتنەوەی ئازادی گەلی کورد ڕێکخراوە، ژنۆلۆژی بۆتە بابەتی باس. لە زیندانەکانەوە تا چیاکان، لە هەر چوارلای جیهان ژنانێکی کە لێکۆڵینەوە و لێگەڕینیان لەسەر بابەتەکانی ژن، یان بە ڕێنمایی هاوژیانی ئازادلە پەیوەندی ژن-پیاو دەڕوانن کاروبارەکانیان لە چوارچێوەی ژنۆلۆژی دا لەقەڵەم دەدرێت. پێویست نیە کە کاروبارەکانی دەزگابوون هەر دەبێ لە سەرناوی ژنۆلۆژی بێت، بەڵکو گرنگە کە پەرە بە کاروباری ژنۆلۆژی بدرێت، ئەوەش وەک پێشکەوتنێکی گرنگ دەبینین. ئەڵبەتە کاریش دەکرێت بۆ دەزگاگەلێکی کە وەڵامی ئەو هەموو لێگەڕین و چاوەڕوانیانە بداتەوە. تا ئێستا هەموو کاروبارەکانی ژنۆلۆژی بە دەستپێشخەری هەرێمی بەڕێوەچووە، هەندێ جار کاروباری هاوبەش هەیە، بەڵام دەستپێشخەری هەرێمی زیاترە. لە ڕێی میدیاوە چاودێری هەندێ پێشکەوتنمان کرد و ئەوەش ئاسۆی

ئێمە ڕووناک دەکاتەوە. کۆنفرانسەکانی ژنۆلۆژی، گفتوگۆکان، گۆڤار و ماڵپەڕ، وتار، نوسینی کتێب، ئاکادیمیا، وانەی ژنۆلۆژی لە زانکۆکان، جێگیرکردنی وانەی ژنۆلۆژی لە پەیڕەوی خوێندنی ئامادەیی، هەندێ لەو کاروبارانەن. هەندێ لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیش دەستی پێکردووە.

**پ.کاتێ باس دێتە سەر لقێکی نوێی زانست، بەتایبەتی لە ژنان و کۆمەڵگەش بە گشتی چی کاریگەری و کاردانەوەیەکی هەیە؟ بزوتنەوە و ڕێکخراوەکانی ژنان کاردانەوەیان چیە؟**

زۆزان سیما : دەبێ بڵێم کە ژنۆلۆژی زانستێکی نوێ نیە، بەڵکو چەمکێکی نوێیە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان کە ئامانجێتی بە دیدی ژن شۆڕش لە زانستی کۆمەڵناسی دا بکات. بۆ نمونە زۆر جار پرسیارکراوە کە ژنۆلۆژی چۆن لە پەروەردە دەڕوانێت، چۆن بیر لە ئابووری دەکاتەوە، چۆن باس لە تیۆری سیاسەت و زانستە سروشتیەکان دەکات. دیارە کە پێویستی بە ڕاستکردنەوەی دیدوزهنیەتی پیاوسالاریە لە هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان دا. بەرپرسیارێتیمان لە ڕاستکردنەوەیە بۆ هەموو بوارەکانی زانست دا بگوازینەوە. زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئەو دەرفەتەمان بۆ دەرخسێنێت. پێمان وایە کە ژنۆلۆژی دەتوانێ ڕۆڵی دیار و بەرچاو ببێنێ لە پێشخستنی بواری سۆسیۆلۆژیای ئازادی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان دا. ئەوەی دەبینرێت، هەوڵی تیگەیشتنە لەوەی کە ئەم چەمک و زانستە دەیەوێ چی بکات. زیاتر ئەو هەڵوێستەیان هەیە کە چاودێری ئاراستەی گفتوگۆکان و بە دەزگابوونی دەکەن، بەڵام تا ئێستا بە گشتی کاردانەوە و هەڵوێستی ئەرێنی هەبووە. بە تایبەتی ژنانی ئەمەریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوین چاوەڕوانیەکان و هەڵوێستیان زیاتر ئەرێنی بووە. لەبەر ئەوەی لەو جێیانە، ژنان لە تێکۆشانی ئازادی دا، وەڵامیان لە لێگەڕینەکان و ڕێنماییەکانی فێمینیست دا نەبینیوەتەوە. بابەتەکانی وەک کۆمەڵایەتیبوون، وەرچەرخانی پیاوێتی، شۆڕشی ژن، ئایین، کەلتور، ....هتد. لە ژنۆلۆژی دا، سەرنجیان ڕادەکێشێت. بەشێکیش هەیە کە زانست لە دەستڕۆیی و بژاری دەسەڵات دا دەبینیت و دەڵێن کە پێویست بە زانستی ژن نیە و لەجێی زانستی ژن دەکرێت بە چەمکێکی جیاواز گوزارەی لێ بکرێت. هەندێکیش هەیە وا بیر دەکەنەوە ئەو بابەتانەی لە چوارچێوەی ژنۆلۆژی دا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و ڕەخنەی لێدەگرێت دەکرێت لە فێمینیزم دا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و ژنۆلۆژی وەک «فێمینیزمی کورد» دەبینن و هەندێکی تریش دەڵێن ئەو بابەتانە دەکرێت لە ڕەوتی فێمینیستی پۆست-کۆلۆنیال دا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. تەنانەت هەندێک هەیە کە دەڵێن، دەکرێت ژنۆلۆژی وەک مەسەلەی ئەتیکی نوێ لە فێمینیزم دا گوزارەی لێ بکرێت. هەندێکیش هەن کە بە پێویست دەبینن کە گفتوگۆکانی ژنۆلۆژی ببەستنەوە بە پێوەری نوێی ئەتیکی فێمنیست. نەک تەنیا بزوتنەوەکانی ژنان، بەڵکو چاوەڕوانیەکی زۆر هەیە کە لێکۆڵینەوە لەسەر پیاو بکرێت. هەر کە ژنۆلۆژی پەرەدەسەنێت، زەمینەی گەیشتنمان بە دەوروبەرێکی فراوان فەراهەم دەبێت، کاردانەوەکان بە دڵنیاییەوە دەبنە ڕێنیشاندەرێک بۆ کارەکانمان.

**پ.چ پرۆژە و کاروبارێکتان هەیە لە مەودا کورت، ناوین و درێژخایەن دا؟**

زۆزان سیما : تا ئێستا زیاتر کاروبارەکانمان، پەروەردە لەسەر ناساندنی ژنۆلۆژی بووە، وەک گروپی کار، کۆنفرانس، کۆبونەوە، سیمینار و خولی پەروەردە بەڕێوەبراوە. لامان وایە ئیتر کارەکانمان گەیشتۆتە قۆناخێک، لە مەودایەکی نزیکدا بیر لەوە دەکەینەوە کە ئاکادیمیاکانی ژنۆلۆژی دامەزرێنین. ئەو ئاکادیمیانە لە ڕووی ڕێنمایی تیۆری و کردەییەوە لە پەیوەندیەکی توند و تۆڵدا دەبێت و دەبێتە بواری کردەیی کردنی ژنۆلۆژی. هەم ئەزموونی بزوتنەوەی ئازادیی ژن هەڵدەسەنگێنرێت و هەم جێگە بە هەموو کاروبارێک دەدات کە ژنان تێدا چالاک و خۆبەڕێکخستن بکەن. لە ئاکادیمیاکان دا لە تەندروستیەوە تا ئابوری، لە وێژەوە تا فەلسەفە لە دیمۆگرافیاوە تا سیاسەت لە ئەکۆلۆژیەوە تا زۆر بواری تر ڕاوەستەی لەسەر دەکرێت و زەمینەی وەرچەرخانیان بۆ سیاسەت، چالاکی و ڕێکخستن دەرەخسێنێت. ئەڵبەتە لەو بوارانەدا زۆر کاروبار هەن، بەڵام زەمینەی بە ئاکادیمیبوونی، کۆکردنەوەی ئەنجامەکانی و هەڵسەنگاندنی ئەو کاوبارانە نەکراوە. بەو تێزانەی لە ئاکادیمیاکانی ژنۆلۆژی دا بەرهەم دەهێنرێت، بەو پرۆژانەی کە کردەیی دەکرێت و ئەو کارانەی کە ڕێ لەسەر شۆڕشی ژن و پێکهێنانی هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، ئامانجمانە کە زەمینەی کاری هاوبەش فەراهەم بکات، هەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەم لە ئاستی جیهان دا. پرۆژەمان هەیە لەسەر مێژووناسی، هەروەها لێکۆڵینەوەی سیۆسیۆلۆژی لەو تیکۆشانەی تا ئێستا بەڕێوەبراوە. هەروەها پرۆژەمان هەیە لەسەر بڵاوبونەوەی ژیانی کۆمیناڵی ژنان و هەڵسەنگاندنی ئەو ئەنجامانەی کە تا ئێستا ژنان لەو پرۆژانەوە بەدەستیان هێناوە.

# کوردێن شەبەك دناڤبەرا گێژەڤانکا کوردایەتی و عەرەب کرنێ دا



ئازادیی کۆمەڵگە
ئەکرەم خالد ئەبدولکەریم(سەید ئەکرەم)/ دهوک

**بەشا دوو**

لێ قزلباشیەت لدەست پێکا دروست بونا وێ دا، دگوتنێ(صوفییەتی)، ناڤنان بو دانەرێ وێ (قوتب الاقتاب صفی الدین اسحاق الاردبیلی) یێ وەفات کری، ل سالا ٧٣٠ە، ئەو باپیرێ شەشێ یێ شاه ئیسماعیلێ صەفەویە، ئەو ژ ناڤدارێن زوهد و زانست و رەفتار چاکیێ بویە، ئەو لسەر دەستێ شێخ زاهد ئەلگەیلانی فێربویە، پشتی شێخ زاهد مری، ئەو خەلیفە بویە دهیدایەت و پێگەهاندنێ دا، قەبرێ وی یێ پیروزە ل ئەردەبیل، خەلک ژ زور جهێن دونیایێ دچنە سەردانا وی، ئەو یێ جوانکریە بفوسەیفسات و قەنادیلێن زێر و زیڤا، ئەوی تەبەلەیەکا هەی لدەمێ گازیێ لێددەن بو گوە لێبونا مێڤانان، هەردیسان لئەردەبیل گورێ کورێ وی(شێخ موسی) هەیە، ئەو دبیتن پیروزترینێ شەیخێ عەجەما، ئەو ژ زانایێن خودان زانستە، ئەو بفێرکرنێ(ارشاد) رادبیتن ل سالا٧٣٥ە دژیانا بابێ خودا، دیارە وەصیێن پەرتوکا مەناقب هاتینە ڤەگوهاستن ژ سەر زارێ وی و مریدێن وی، هاتیە گوتن د( اسار الشیعه)دا یا عەبدالعزیز الجواهری دا.

هەر لوێ گورستانێ گورا (حەیدەر کورێ جونەید) و(شاه ئیسماعیل) و(شاه تەهماسپ) و (خمره میرزا) و (شاه عەباس) دهێتن دیتن. گوتنە رێکا صەفەوی قزلباشیە ل سەردەمێ شاه ئیسماعیلێ صەفەوی، پشتی خێلێن ئیستاجلوا، شاملو، بنکلوا، بهارلو، زولقەدرە، فەجر، ئەفشار، هاتین سەر رێکا وان، پاشی کولاڤێن سور کرینە سەرێ خوو، گوتنێ قزالباش، بتورکی(قزل) سور و (باش) یانی سەر، یانی خودانێ کولاڤێن سور، پاشی پشتی دەمەک بسەردا بورین گوتنێ قزلباش، چونکی دانەرێ وا شێخ صەفی دین بویە، یێ کو مری ل سالا ٧٣٠ە، پاش دوو چاخ بسەردا بوین شاه ئیسماعیل دبیتن جهگرێ وی، ل سەر هەلامەتێ مەلەکی ل سالا٩٠٦ە، ئەو ژی سالا ٩٣٠ە دمریتن، لڤێرە دەم لناڤبەرا دانەری و نەڤیێ وی دووسەد سال ڤەدکێشن... لڤێرە شاه ئیسماعل دروشمێ قزلباش هەلدگریتن، کولاڤێن سور دکەتن سەرێ لەشکەرێ خو، ئەڤ دروشمە دهێتن وەرگرتن ژ (تاجێ حەیدەر یێ سور) وەکی ناڤلینانا دوازدە ئیماما. قزلباش فرقەیەکا دینی بویە، بەلاڤ بوی ل ئەنادولێ، ئەو وەکی نەصیریێ سورینە و ئەوان دگوتنە خو عەلەوی، یانی هێزا عەلیێ کورێ ئەباتالبی، لناڤ قزلباشا کورد و تورک ژی هەبوینە، ئەوان هندەک عادات و تەقالیدێن هاڤی هەبوینە... لدرێسم و مەلاتیە، ترجان، ئەزوربیجان، سیواس، تەبلیس و سیواس و ئەنقەرە هاتنە بەلاڤ کرن.

لئەڤغانستانێ دگوتنە قزلباشا مهاجر، ژ رەگەزێ وان یێ تورکومانی، تاجیکی و نەهدیکی تویخا ناڤینا جامو تاکو فارسا(ئیرانی) پاش نادر شاهی، یێن کو ئەو خوجە کرین، ل کابول و هندەک ویلایەتێن دی، دا بو وان ببنە پەرجان و وان بپارێزن.... شەبەک گرێدانێن وان زورترینە دگەل بەکتاشیێ ژ قزلباشیێ، چونکی لبن کارتیکرنا پەرتوکا(المناقب) تێگەهشتینە، دلاپەرەیێن ڤێ پەرتوکێدا(ل ٤٨_٤٩)، گرنگیەکا زور ددەتن ژمارا، دکومبونێن واندا ئەڤ ژمارە دهێنە گوتن، کوپیروزیا وان هەیە، ژمارێن وان یێن زور دهێنە گوتن ناگەهنە حەفتا(سێ، پێنج، حەفت، دوازدە، چاردە، چل)، سێ(خودی، مەحەمەد،

عەلی)، پێنج(مەحەمەد، عەلی، فاتیمە، حەسەن، حوسێن)، دبێژنێ ئەصحابێن کسأ، حەفت(پلەیێن رێکا صوفیەتیێ (المونتەسب، المرید، الدروێش، المرشد، الپیر، البابا، القەلەندەر، الرەند، القوتب)، دووازدە( دوازدە ئیمام، عەلی المرتەزا، حسن المجتبی، حسێن الشهید، علی بن حسێن، زین العابدین، محمدباقر، جعفرالصادق، موسی الکاظم، علی النقی(هادی)، حسن العسکری، محمد المهدی))، چل دگەل ڤان ئیماما پێغەمبەر و فاتیمە و ئیمامێن دی یێن بهێن و غائیب، ناهێن زانینێ هەمی چونکی هێشتا هندەک نەهاتینە... ددیارکرنا (غلووالغلات) دئیسلامێ دا، صەواف ددەتن دیار کرن، رێکێن صوفیگەریێ د ئیسلامێ دا وەکی( قادریە، رەفاعیە، سەهرەوەردیە، شازلیە، نەقشەبەندیە، خەلوەتیە، میرغەنیە، غەنیمیە... )، تیمێن بها وەکی(بکتاشیە، المولەویە، البارامیە، الملاحیە، القزلباشیە، العلەویە، الابراهیمیە، الجمالیە، الزەهەبیە، النوربەخشیە، النعمەالهیە، الکونابادیە، الصەفائیە، الاوجاخیە، القەلندەریە، الخالسکریە، الشیخیە، الکشفیە)، هەردیسانێ مەعنا غەلوێ یەعنی زەلالی و دهزبەرزەبونا عەلی و خەلکێ مالا وی دا...

د دەرگەهێ(عادات و تەقالیدێن) شەبەکادا، صەراف دبێژیتن: شەبەک نڤێژێن خو وەکی خەلکێ دی ناکەن، ئەو نڤێژەکێ بتنێ دکەن لشەڤا ئەینیێ دا،ئەو وەکی بازنەیی دروینن و بکوم نڤێژا خو لمالا پیرێ خودیکەن، ئەو لسەر دلێن خو پەیڤا(گلبنک) دبێژن، گل= یانی گول، بنک= یانی دەنگ، پاشی پیر دێ ئەمری دەتن سجودێ ببەن و دێ خو چەمینن... هەردیسان روژیا هەیڤا رەمەزانێ ناگرن، ئەو نەە روژێن ئێکێ ژ هەیڤا مەحەرمێ روژیێن خو دگرن، هەردیسان ئەو زکاتا مالێ خو نادەن، ئەو ژبەرهەمێ خو یێ کشتوکالی پێنجێکیێ ددەنە ربیشتا پێغەمبەری(سەیدا)، ئەو بو حەجێ ناچن مەکە و مەدینا، بەلکی ئەو دچن بو سەردانا جهێن پیروز ل کوفە و نەجەف و، حەج لدەڤ وان تەمام نابیتن، بتنێ ئەگەر حەفت جارا سەردانا کوفە و نەجەف بکەن... لێ ئەوا راستی بیتن پرانیا شەبەکا(سنە، شیعە) رێورەسمێن دینێ ئیسلامی بتەمامی برێڤەدبەن.

گرنگترینێ رێورەسمێن وان، وەکی صەواف دبێژیتن : گرنگترینێن رێورەسمێن وان یێن پیروز و بیرهاتنا وان دکەن، وەکی لخارێ دیارە:

١- رۆژا سەرێ سالێ، شەڤا ئێکێ سەرسالێ (ئێکی کانونێ) لدەڤ وان یاپیروزە و بیرهاتنا وێ دکەن، هەردیسان سەرسالا وان دروستە بهێتە کرن لدەە روژێن ئێکێ یان دەە روژێن دووێ ژ هەیڤا کانونا ئێکێ، کودبیتن هەیڤا سەرسالا زاینی.

٢- شەڤا لێبورینێ(التعازر او الغافر)، شەبەک لڤێ شەڤێ(ئەینیێ) کومبەستێن تایبەتی دکەن، ئەو لڤێ شەڤێ دلێن خو یێن بکەربوکین و ژخرابیا درێژن و داخازیا لێبورینێ دکەن، راستیا خو ددەنە دیار کرن، بەرامبەری پیرێ خو، رێورەسمێن تایبەتی هەنە بو ڤێ شەڤێ، دووازدە کەس دێ بسەروکاتیا بابای، پیرێ مەزن دێ راوەستن، کومبون لشەڤا لێبورینێ کومبەستەکا پیرۆزە، راستیانا دوازدە کەسا، نیشانا دوازدە ئیمامێن بێ گونەهن ژ ئیمامێن شیعی، پیرو بابا ئەو شێخە و سەروکانیە لدەڤ شیعەیا، ئەوان(رەهر) هەیە و ئەڤە دەلیلەکە و مەنزلگەها وی کێمترێە ژ یا پیری، ئەو مروڤە یێ فانوسێ یان چرای هەلدگریتن، ئێک ژی جەریفکی هەلدگریتن لبەر دەرگەهێ پیری و یێ کو بوکومبونێ ئامادەکری و ئەو بەرپرسیارە ژئاڤدانا جەماعەتێ، چار خادم و دوو دەرگەهڤان ژی دێ لبەر دەرگەهێ پیری راوەستن.

٣- شەڤا دانپێنانێ، ئەڤە ئەو شەڤە یا گونەهبارێن شەبەک دچنە دەڤ پیری و دانپێدانا گونەهباریا خودکەن...

٤- رێورەسمێن هتانا ناڤ رێکێ(هەلبژارتنا دەروێشا)... ئەڤە رێورەسمێن تایبەتینە، بابا و هاریکارێ وی(رەهبەر)صوفیا دهەلبژێرن بو ناڤ رێکا صوفیگەریێ، ئەڤ دوو کەسە دگەل کەسەکێ دی و ژنکا کەسێ دی بودەمێ چل یا حەڤێ روژا دێ کەڤن خەلوەتێ.

٥- سەردانێن گورێن دوازدەئیماما.

٦- رێورەسمێن دەهروژکیا محەرمێ. ل ڤان روژا خوڤەدقوتن، زنجیرا ل خوددەن، دکەنە گری، خەمام ئیمام حوسێن هەل دگرن.

شەبەکا رێورەسمێن ب حێبەتی هەنە، لڤێرە دەرفەت نینە، ئەم ل سەر باخڤێن، هەردیسان وان عادت و تەقالیدێن زور جوان بوان ڤە گرێدای هەنە، هەمی خەلکێ دەردورێ وان ل بن کارتێکرنا کریارێن وان یێن باش و مشتی مروڤایەتی ماینە و رێز و قەدرگرتنێن باش لێ دگرن.

ل دوماهێکێ صەواف ئیشارەتێ بپەرتوکا وان یا پیروز(البرخ = بوریوق) دکەتن، ئەڤە دەستنڤێسەکە، پێکهاتیە ژ دان و ستاندنەکا ل ناڤبەرا شەهابەدین کورێ ئەحمەد کورێ یەحیای، یێ ناڤدار ب(فەزلولاە ئەلعومەری) دپەرتوکا

(مسالک الابصار من ممالک الامصار)، لسەر بابەتێن شەبەکا، لپشکا سیێ دبێژیتن (الشوک او الشول)، ژ زاردەڤێ مستەفا جەواد، ئەڤانا حاکمداریا وان ژلایێ(شوانکارا = شبنکارا)هاتیە کرن، ددەتن خویا کرن، عەقیدا وان عەقیدەیا بەکتاشیە(بککاشیسە = قزلباشیە) دگەل هندەک گورین و پێشداچونا، پەرتوکا وان یا پیروز(مەناقب) و (البویوروق)... ئەڤە دکەڤتنە خەلوێ، زور رێکێن خەلوێ هەنە، گرنگترینێ وان( البیانیە، المغیریە، الحربیە، المنصوریە، الجناحیە، الخیتابیە، الشریعیە، النصیریە، البکتاشیە و قزلباشیە)، یامەپێ مەرەم رێکا بەکتاشی و قزلباشیەیە، چونکی بسلمانێن شەبەک ڤێ رێکا صوفیگەریێ(خەلوێ) برێدا دبەن. یائێکێ رێکاتورکیەلئەنادولێ دروست بویە ژ لایێ حاج بەکتاشی، ل نیشاپور سالا ٧٣٨ه، لدیڤدا رێکەک دیار دبیتن ل ئەردەبیل، باکورێ ئیرانێ، دبێژێ رێکا صوفیگەری یان رێکا ئەلسرخریە(القزلباشیە العلویە).

بنیاتێ خەلوێ ل دەستپێکی بو ئیمام عەلی دهاتە کرن، پاشی بو زوریەتا وی و دوازدە ئیمان دهاتە کرن، ئەو شیعێن خەلوێ بو عەلی دکەن چار پشکن، تائیفائێکێ دبێژیتن عەلی ئیمامە و حەز ژ عەلی دکەن و بو دکەڤن خەلوێ و ئەڤە زورن، یێن دوو وێ(موعتەدلە)، یێن سیێ عەلی بهایەکێ بلندوپیروز دژمێرن، یێن چارێ دبێژن عەلی خودایە و ئەڤە لعێراقێ نەماینە، ئەڤە لئیرانێ ل دەڤەرا(شاە ئاباد) هەنە.

## دەڤەرا شەبەکایەتی دروست بویە ژچل و نەە گوندا

دراستی دا شەبەک ژ رۆژهەلاتێ عێراقێ(ئیرانێ) هاتینە ل سەردەمێ دەولەتا ساسانێ، هاتنە ل دەوروبەرێن میسل خوجە بوینە، ئبن ئەسیر د پەرتوکا خودا(الکامل فی التاریخ) دبێژیتن: ل دەمێ ساسانیا دەستێ خو دانایە سەر میسل، شویرها وێ ئاڤا کری، ل دەوروبەرا هندەک گوند هاتن ئاڤا کرن، ئەڤ گوندە ئەون یێن نوکە شەبەک لێ خوجە، ئەڤێ دیتنێ نڤێسەر (کامل الصائیغ) تەئید دکەتن دپەرتوکا خودا( تاریخ الموصل)، ئەڤێ دیتنێ پشتەڤانی هەیە، چونکی شەبەک ل سالا(٥٥٧ه) هاتینە گوندێ(باشبیسە) یێ مەسیحیا ل سەردەمێ ساسانیا، خانیێن وان قوچەکی هاتنە ئاڤا کرن. حوکمەتا عێراقێ دیراسەک دروست کریە، ل سەر گوندێن دەوروبەرێن میسل ب ژمارە(٥٤١) سالا١٩٥٢ز، دبێژیتن ل حەمدانیێ(دەردورێن میسل) تێکەلەیەکی نەژادی هەیە، پرانیا وان شەبەکن، پاشی عەرەب، کورد، تورکومان، ئەڤە دانپێدانە ژ لایێ دەولەتا عێراقێ ب سەربخویا شەبەکان.

دەڤەرا شەبەکایەتی دروست بویە ژ (٤٩) چل و نەە گوندا، هاتنە دابەش کرن، ل سەر قەزا میسل، حەمدانیە، تلکێف، ل خاریا قەزا شێخان و ئاکرێ، ل دیڤ سەرژمێریا سالا١٩٧٧ز، ل ناڤبەرا(٧٥ – ٨٠) هزار مروڤان، سەرژمێریا وان دایە دیار کرن، لێ دبیتن لوی دەمی ئەڤە ژمارەیەکا زور کێمکری بیتن، هندەک سەرچاوە ژمارا وان ب(١٥٠) سەدو پێنجی هزار مروڤا دایە دیار کرن، دبیتن نوکە سەرژمێراوان ببیتن زێدەی(٢٠٠) دووسە هزار مروڤان.

سەرچاوە: «الشبک فی العیراق» ژ نڤێسینا زوهێر کازم عەبود.



وێنەی چەند کەسێکی شەبەک

# ئۆجالان بۆتە هیوا بۆ مرۆڤایەتی

ئازادیی کۆمەڵگە
ئا/ ئازادیی کۆمەڵگە-هامبورگ

« نەهاتوین لێرە باسی ئەردۆغان و ترامپ بکەین، بەڵکو هاتوین باس لە چۆنێتی بونیادنانی نوێ بکەین»

کۆنفرانسی» ئالەنگاری لەبەرامبەر مۆدێرنیتەی سەرمایەداری: هێنانە ئارای مۆدێرنیتەی دیموکراتی، بەرخودان، یاخیبوون و بونیادنانی نوێ»لە رۆژانی ١٤-١٦ی نیسانی ٢٠١٧ لە زانکۆی هامبۆرگ بەسترا. کۆنفرانسەکە لە چوارچێوەی پارادایمی مۆدێرنیتەی دیموکراتی و دیدی رێبەری گەلی کورد عەبدوڵلا ئۆجالان دا، لەلایەن « تەونی لێگەڕینی ئەلتەرناتیف Network for an Alternative Quest - » رێک خرا. یەکەمین جار لە ساڵی ٢٠١٢ بەسترا، کۆنفرانسی دووەمین لە ساڵی ٢٠١٥ و بۆ جاری سێیەمیش لە رۆژانی ١٤-١٦ی نیسانی ٢٠١٧ بەسترا. لە زۆر وڵاتی جیهان ئاکادیمیسیان، زانا، مامۆستای زانکۆ، ژینگەپارێز، فێمینیست، نوێنەری بزوتنەوەکانی کۆمەڵایەتی، چەپ، سۆسیالیست، ئەنارشیست و لێگەرانی ژیانێکی ئەلتەرناتیف لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و کوردستانەوە بەشداریان کرد. بابەتەکانی وەک ئابوری، ژنۆلۆژی، ئەکۆلۆژی، فەلسەفە، سەرمایەداری، بەرخودان و بونیادنانی ژیانێکی نوێ پێشکەشکران.

هەر سێ رۆژی کۆنفرانسەکە لە حەوت ژووری بچوکی داخراودا بابەتەکان لە لایەن تیمێکی ٢١ کەسیەوە بە حەوت زمانی کوردی، تورکی، ئینگلیزی، ئەلمانی، فەرەنسی، ئیتالی و ئیسپانی وەگەڕی راستەوخۆ کران، لەسەر ماڵپەڕی تەونی لێگەڕینی ئەلتەرناتیف بەشێوەیەکی راستەوخۆ بڵاو کرایەوە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان سەدان هەزار کەس بە دوای دانیشتنەکانی کۆنفرانسەکەدا چوون.

« نەهاتوین لێرە باسی ئەردۆغان و ترامپ بکەین» ئەم سەردرێرە سەرنج راکێشترین رستە بوو لە نێو وتەی کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا ئەی باشە چی ئەوانی کۆکردەوە، لە جیهان دا لە کاتێکدا کە هەرکەس باسی قەیران دەکات دەکرێت باسی چی بکرێت. ئەم دوو ناوە رۆڵیان هەیە و دەبێ لە قوڵکردنەوەی قەیران و یان لەسەردەمێکدا لەسەر کارن کە قەیرانی سیستەم و سەرمایەداری لە لوتکە دایە، بەڵام لە کۆنفرانسدا سێ سەردێر گرنگترین بوون یەکەم: سەرمایەداری و دەرهاویشتەکانی، دووەم: هزری ئەلتەنارتیف و رێبازەکان، سێیەم : پێکهێنان و خۆپاراستن بوون. سێ پرسی گرنگ پرۆژە و تێکۆشانێکی گەورەی پێویستە.

نوێ چۆن بونیادبنرێت، ئەو پرۆژەیە چیە کە نوێ بونیاد دەنرێت، کێ بەشداری لە بونیادنان دا دەکات، بۆ بونیادنان چۆن و لەبەرامبەر کێ تێکۆشان بەڕێوەدەبرێت؟ ئەو بابەتانە بوون کە لە کۆنفرانسەکەدا هەم پێشکەشکران و هەم گفتوگۆی لەسەرکران.

ئەوەی هەزاران کەسی لە ئەمەریکا، ئەمەریکای لاتین و رۆژهەڵاتی ناوین و وڵاتانی ئەوروپاوە گەیاندبووە لای یەک ئەو جانەوەرەیە کە پێی دەڵێن : سەرمایەداری. سەدان ساڵە مرۆڤایەتی و رۆژهەڵاتی ناوین داگیردەکات و دەمژێت کە دەبوو لێی رزگار بین بەڵام بۆچی لەناونەبرا، لە گفتوگۆکانی کۆنفرانسەکەدا دەرکەوت کە تەنیا دژە سەرمایەداربوون بەس نیە، دەبوو شتێک بکرێت، ئەوەی لە دوای سەرمایەداری بونیاد دەنرێت دەبوو روون بێت و دید و پرۆژەیەک هەبێ و کۆمەڵگەش بەشدار بێت. لێرەدا باس لە «مۆدێرنیتەی دیموکراتی » کرا کە پارادایم و پرۆژەی ئۆجالانە. هزر، تێکۆشان و پێشنیارەکانی چارەسەری و رێبازی ئۆجالان بۆ چارەسەری هێزی بزوێنەر بوو بەڵام لە جێی دیکەی دونیاوە لێکۆڵەران، کۆمەڵناسان، نوسەر،

چالاکڤانانی دژە-سەرمایەداری لەدەوری یەک کۆکردبۆوە. دژە سەرمایەداری، مۆدێرنیتەی دیموکراتی و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی وەک ئەلتەرناتیڤێک ناوەکانی ئۆجالان، براودل، باکۆنین، مارکس، فانۆن و بوکچین گەیاندە یەک.

ئەکتەر و چالاکیی سەندیکا رۆلف بەکەر لە سەرەتای کۆنفرانسەکە لە وتەی کردنەوەدا سەرنجی بۆ سەر کۆمەلکوژیەکانی دەولەتی تورکیا لە باکوری کوردستان راکێشا کاتێ وتی « دایکان جەستەی رۆڵەکانیان لە شەقامەکان کۆکردەوە، ئێستا ئێمە چی بەو دایکانە بڵێین؟ من رۆڵەی دوایین شەڕم. شەڕی جیهانیی دووەمین. ئەم قەیرانەی جیهان قەیرانی سەرمایەدارییە و قەیرانێکە بە ئاگاییەوە هەڵگیرسێنراوە. بە هەڵگیرسانی قەیران دەیانەوێ بازاڕی نوێ دامەزرێنن. قەیرانی یۆنان یان ئەو قەیرانەی لە رۆژهەڵاتی ناوینە بۆ دۆزینەوەی بازاڕی نوێیە. شەڕی روسیا و ئەمەریکایە. ئەو دۆخەی هاتۆتە ئاراوە بەربەریەتە، بۆ درێژەدانە بە موڵکایەتی و پێویست بە ئەشکەنجە دەبینن. دەبێ سەردەمی بەهێز و دەسەڵاتدارەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت. گەورەکان هەمیشە بە گەورەیی نەمێننەوە، بچوکەکەکانیش هەمیشە بچوک نەبن. دوای ١٢ سەعات شەو کۆتایی دێت و رۆژ هەڵدێت».

پرۆفیسۆری سۆسیۆلۆژی بەشی ئابوری زانکۆی هامبۆرگ فرانک ئەدۆلف خۆشحاڵی خۆی دەربری کە زانکۆکەیان میوانداری لەو کۆنفرانسە کردووە، لەسەر بەستنی کۆنفرانسەکە وتی:» خۆشحاڵین کە گفتوگۆی لەسەر ئەلتەرناتیف دەکرێت، سەرمایەداری هیچ شتێک نادات بەڵکو هەر دەسەنێت. گفتوگۆکانمان لێرەدا لەسەر دژە-سەرمایەداری و لێگەڕینی ئەلتەرناتیف گرنگن».

## بە داگیرکردنی کۆمەڵگەی سروشتی و دەربازبوون بۆ کۆمەڵگەی چینایەتی، سەرمایەداریی بناغەی خۆی دانا

پرۆفیسۆر جۆن هالۆوەی مەکسیکی بەرێی ڤیدیۆ بەشداری کۆنفرانسەکەی کرد و پوختەی بابەتەکەی وەها بوو: « غەمگینم کە لەوێ نیم، بەڵام خۆشحاڵم کە بەم رێیەش بێت لەگەڵتانم. لێرە هەتاوە، هەوا خۆشە و ئیسراحەتم. بەڵام مرۆڤەکان بۆ خەیاڵی خۆیان و دونیایەکی نوێ شەڕ دەکەن. من هەواداری ئەو هەوڵانەی ئەوانم. نازانم بلێم چی؟ ئێوە بە تەنیا نین. ئەوانەی لەوێن و ئەوانەی لە کوردستانیشن بە تەنیا نین. هەرچۆن لەگەڵ ئێشەکانتان تەنیا نین لە توڕەییەکانیشتان دا تەنیا نین. ئەم سیستەمە (سیستەمی سەرمایەداری) دەیەوێ دونیاکەمان و مرۆڤایەتی لە ناوبەرێت. تاکە رێیەک ئەوەیە کە ئەو توڕەییە وەچەرخێت بۆ کردە. سەرمایەداری بەر لەوەی لەناومان بەرێت دەبوو لە ناوی ببەین. دەبێ تەنیا گفتوگۆ نەکەین بەڵکو خۆرێکخستن بکەین. رۆژئاڤا و زاپاتیستەکان دەدرەوشێنەوە. لە ئاسمانی تاریک دا دەدرەوشێنەوە، بۆ ئەوەش لە توڕەیی و گۆڕانکاری لە دونیادا بە تەنیا نین. دەڵێین کە شۆڕش لە ئایندەدا نیە بەڵکو هەر ئێستایە و لێرەیە. سڵاو لە شۆڕشی رۆژئاڤا دەکەم».

دانیشتنی یەکەمی کۆنفرانسەکە لەسەر ئەو مەترسیانە بوون کە سیستەمی سەرمایەداری رێی لەسەر کردۆتەوە و ئەو زیانانەی کە لە مرۆڤایەتی داوە و چۆن تێپەڕێندرێت و وەلاوەنرێت. پارێزەری ئۆجالان ئەبرۆ گوینەی سەرنجی بۆ سەر گۆشەگیرکردنی وەکیلەکەیان ئۆجالان و ئەو بوارانەی سەرمایەداری راکیشا کە دەبینرێن و ئەوانەشی نابینرێن. بە داگیرکردنی کۆمەڵگەی سروشتی و دەربازبوون بۆ کۆمەڵگەی چینایەتی، سەرمایەداری بناغەی خۆی دانا. کوشتن و لەناوبردن وەک کەلتورێک پەرەی سەند و کۆمەڵگە و سروشت رووبەڕووی لەناوچوون کرانەوە. ئۆجالان هەم بە بەرگرینامەکانی و هەم بە رێی بزوتنەوەکەی چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشە درێژخایەنەکانی مێژوو خستەڕوو و لە رووی پارادایمەوە گۆڕانکاری ئەنجام دا. ئەبرۆ گوینەی باسی لە هێرشەکانی سەر ژن کرد کە هێرشی نوێ نین، بەڵکو بە داگیرکاری رەنج، جەستە و پێگەی ژن پایە مەترسیدارەکانی سەرمایە قایم کرا. سەرمایەداری لەسەر دژایەتی ژن و کۆمەڵگە دامەزراوە، بۆ هێشتنەوەی خۆشی هەمیشە شەڕ وەک بژارێکی بەردەوام رادەگرێت. ئۆجالان بە پێشخستنی تیۆریەکانی ئازادی ژن و کۆمەڵگە هەڵوێستی خۆی یەکلاکردەوە و گۆڕانکاری بنەڕەتی ئەنجام دا، بۆ ئەوەش زیاترین هێرش لەسەر خودی ئۆجالانە وهۆکاری سەرەکی پلانگێڕی سەری و گۆشەگیرکردنیتی.

رۆژنامەوان فەردا چەتین بە سەردێڕی» کۆمەڵگەی نمایشی: هونەر، وەرزش

و سێکس « وتی: « ئەم سەردێڕە خۆی ناچارمان دەکات کە قسە لەسەر ئازادی بکەین، جیاوازی و وشیاری خۆی لە خۆی دا ئازادیە. بۆ جیاوازی و وشیاریش زانست و هزر پێویستە. ئۆجالان زۆر گرنگی بەو بابەتە داوە، ئاماژەکانی ئەو کە دەڵێ (کۆمەڵگە چەند ئازاد بێت ئەوە تاکیش بە شێوەیەکی ئازاد بیر دەکاتەوە) گرنگە. ئەگەر مرۆڤ لە درکی ئەوەدا نەبێت کە چی دەکات ئەوە خوەکانی سیستەم دەگرێت و لەگەڵی دا رادەهێنرێت و بەوەش دەکەوێتە کەوتووترین دۆخەوە. هۆکاری سەرکەوتنی ئەو ئاستەی سەرمایەداریش پەیوەستە بە زەوتکردنی بوارەکانی وەک میدیا، سینەما، وەرزش و سێکس. ئەو دەستنیشانی دەکات کە مرۆڤ پێویستی بە چیە. بەر لە هەر شتێک دەبێ پاوانەکانی مەعریفە بشکێنرێت، دەبێ مرۆڤ ئازادانە توانستی هزر، ئافراندن و کردەی هەبێت».

لێکۆڵەری ئەمەریکای لاتین کارلۆس پازمینۆ لە بابەتەکەی دا کە بە سەردێڕی» ئۆجالان و باکونین : گفتوگۆیەکی کە کۆتایی نەهاتووە» وتی: « ئۆجالان بۆتە سەنتێری تێکۆشانی هەموو جیهان. هزرەکانی ئەو زۆر بەهێزن. بە تایبەتی لە مەسەلەی ئازادی ژن دا. دیدی باکۆنین زیاتر لەسەر ئایدۆلۆژی کردەییە. ئەو شۆرشگێرێک بوو، هەوڵی دەدا کە تێکۆشەرێتی گەل زەق بکاتەوە. هەرچی ئۆجالانە ئەزمونەکانی چەپ سەنتێز دەکات، ئۆجالان کەموکوریەکانی باکۆنینی پڕکردۆتەوە، بۆ ئۆجالان دەوڵەت بە واتای لەناوبردنە و کاری لەسەر کۆمەڵگە کردووە».

فەرمانداری یەکینەکانی ژنانی شەنگال زەینەب جودی لە چیای شەنگالەوە بە رێی سکایپ بەشداری کۆنفرانسەکەی کرد و پوختەی وتارەکەی وەهابوو « بەشداریمان لە کۆنفرانسێکی وەها گرنگە، ئەم کۆنفرانسە هەنگاوێکی گرنگە بۆ کۆمەڵگە کە خۆی و ئیرادەی بناسێت، لەبەرئەوەی کە سەرمایەداری بۆ نامۆکردنی کۆمەلگە لە خۆی هەرچی لە دەست هاتووە کردوویەتی. فەلسەفەی سەرمایەداری لەناوبردنی کۆمەڵگەیە،

**”دەبێ پلەداری لەسەر کۆمەڵگە نەمێنێت و رێبازەکانی یەکسانی فەراهەم بکرێت**

ئێستا لە نێو کۆمەڵگەی ئێزیدی دا لە شەنگال فەلسەفەی ئۆجالان پەرەی سەندووە و بڵاو بۆتەوە. کۆمەڵگەی ئێزیدی فەلسەفەی ئۆجالانی قبوڵکردووە و بەو پێیەش خۆی رێکخستن کردووە. پەرە بە خۆرێکخستنی بواری پاراستن دراوە. ئەو خۆپاراستنە خۆرسکانە لە باوەرمەندی ئێزیدایەتی دا هەیە. دەبێ کۆمەڵگەی ئێزیدی خۆی بڕیاری شێوەی ژیانی خۆی بدات. مافی چ کەسێک نیە کە دەربارەی ئێزیدیەکان دا بڕیار بدات. ئەو کەسانە ناتوانن بڕیاری بۆ ئێزیدیەکان بدەن کە رۆژێک بەجێیان هێشتن و هەڵهاتن. دەبێ ئێزیدیەکان خۆیان بڕیار لەسەر ژیانی خۆیان بدەن. یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال YJŞ لەسەر ئەو بنەمایە بەرەو سوپابوون دەچێت و خۆی رێکخستن کردووە. ژنانی ئێزیدی بە فەلسەفەی ئۆجالان خۆیان رێکخستن دەکەن. بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژی رونەداتەوە رێکخستبوونی ژنان پێویستە. هەزاران ژن و منداڵی ئیزیدی کۆمەڵکوژکران. سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم لەسەر شەنگال مایەی قبوڵ نیە».

لە بەشی دووەمی دانیشتەکان دا بە سەردێڕی « رێبازەکانی ئەلتەرناتیف و سەرلەنوێ بونیادنانەوە» بەرێوەبرا. رۆژنامەوان و نوسەر دێبی بوکچین قسەی کرد و دانشتنەکەشی بەرێوەبرد. دێبی بوکچین وتی: « دەبێ پلەداری لەسەر کۆمەڵگە نەمێنێت و رێبازەکانی یەکسانی فەراهەم بکرێت. دەبێ لەگەڵ کۆمەڵگە وەک یەک بژین. لە کۆمەڵگەدا ژنان زیاترین رووبەڕووی چەوسانەوە و سەرکوت دەبنەوە. دەبێ کۆمەڵگە یەکانگیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئۆجالان لە سەر بنەمای ئەو دۆزە کەوتە رێ و مۆدێلێکی بونیادنا. رۆژئاڤا لە ئاستی نێونەتەوەیی دا گەیشتۆتە قۆناغێک. من وەک رۆژنامەوانێک لە درکی ئەوەدام کە پێشێلکاریەکانی دەوڵەتی تورک لە بەرامبەر گەلی کورد لە باکور کەم بایەخی پێدرا لە راگەیاندنی نێونەتەوەیی دا. دەبێ دان بەوەدا بنرێت کە توند و تیژیەکی بێ ئەمان لە دژی گەلی کورد بەرێوەدەبرێت. بەردەوام دەیانەوێ پەکەکە وەک رێخکراوەیەکی تیرۆریست لە قەڵەم بدەن. بزوتنەوەی کورد کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی بۆ کۆمەڵگە خستە ڕوو. لە رۆژئاڤا و باکوری کوردستان ئەزمونگەلێک هەن. دەبێ داواکانی گەلی کورد بەرز بکەینەوە. باوکم لە پێناوی ئەو هزرە تێکۆشا بەڵام نەیبینی. ئەمرۆ ئەو هزرە لە رۆژئاڤا شێوە دەگرێت. ئایدۆلۆژیا و کردەیی کردنی کاری ئێمەیە»

شوێنەوارناس ئوزلەم ئەکینباش بابەتەکەی کە بە سەردێڕی» بۆ بینینی مێژووی ئەمرۆ و تێگەیشتن لێی،

ئاینده بونیاد بنێ « وتی : « ئۆجالان وەک چەمکێکی گەردوونی مامەلەی لەگەڵ مێژوو کردووە، جەختی لەسەر شوێنەوارەکانی مێزپۆتامیای باکور بە تایبەتی کەلتوری تەل خەلەف کردووە کە دەکەوێتە نزیک روحا، ئەو مێژووە و شوێنەوارەکانی لە ئاستێکدایە کە زانست و کۆمەڵناسی سەردەم سەر و ژێر دەکات، چونکە زانست و کۆمەڵناسی ئێستا گوزارە لە راستی ئەو مێژوو و شوێنەوارانە ناکات. کۆمەڵگەیەکی مێژووی نەبێت، ئایندەشی نابێت، دەبێ کەلتوری تەل خەلەف و ئەو پاشماوانەی کە بۆمان بەجێماوە راست لێکۆڵینەوەی لێ بکەین و بینوسینەوە بەتایبەتی لە کەلتوری ژن-دایک دا».

هاسکار قرمزیگویل لە بابەتەکەی دا بە سەردێڕی « ژنۆلۆژی: رۆحی مۆدێرنیتەی دیموکراتی « وتی: « ژنۆلۆژی رۆحی مۆدێرنیتەی دیموکراتیە. بۆ ئەوەی مۆدێرنیتە تێبگەین دەبێ سەیری بوارەکان و چوارچێوەکەی بکەین. ئۆجالان لەسەر ڕەخنەکردن لە سەنتێزەکانی مۆدێرنیتە کەوتنە و ئەلتەرناتیڤیەکانی خۆی بونیادنا. بۆ ئێمەش ژنۆلۆژی کە بەرهەمی تێکۆشانی ٤٠ ساڵە و میراسی ڕووباری مۆدێرنیتەی دیموکراتی مێژووی مرۆڤایەتیە لە تێکۆشانی ژنان دا هیوایەکی خولڤاندووە. بە ژنۆلۆژی سەرلەنوێ مێژوو هەڵدەسەنگێنرێتەوە».

خانم ئەنگیزاک ئەندامی تەڤگەری ژنی کورد لە ئەوروپا لە بابەتەکەی دا بە سەردێڕی « کۆمەڵگە چۆن لە پاراستن بێ بەشکران و چارەسەری « وتی : « هەموو بونەوەرێک لەم گەردوونەدا میکانیزمایەکی خۆپاراستنی هەیە، وەک دەزانن تیۆری گوڵ هەیە، گوڵێکیش بێ پاراستن نیە، درکی هەیە. سوچەڕ درکی هەیە لە کاتی مەترسی دا بەکاری دێنێ. حەربا هەیە لە کاتی مەترسی دا بە پێی هەلومەجی دەوروبەری رەنگی دەگۆڕێت بەڵام بە دامەزراندنی پلەداری، دەسەڵات و دەولەت بە هاتنە ئارای کۆمەڵگەی چینایەتی، کۆمەڵگە لە پاراستن بێ بەشکرا. دەوڵەت خۆی لە خۆی دا دەزگایەکی هێرشە بۆ سەر بەهاکانی کۆمەڵگە و زەوتکردن و داگیرکردنێتی.

> **ئەوەی لە خوار بۆ سەرەوە خۆرێکخستن دەکات لە چوارچیوەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی دایە**

ئۆجالان مۆدێلی نەتەوەیی دیموکراتی لە جێی دەولەت نەتەوە وەک ئەلتەرناتیڤێک خستە ڕوو. گەرەنتیەکەشی بە خۆپاراستن دەبێت. ئەوە تەنیا بۆ نەک بۆ ئەم قۆناغە بە درێژایی مرۆڤایەتی بەهەمان شێوە بوو».

یەک لە رێکخەرانی کۆنفرانسەکە پارێزەری مافی مرۆڤ رایمەر هایدەر وتی « ئەو ئاماژەی ئۆجالان کە نەژادپەرستی وەک نەخۆشی سەدەی ٢٠ دەبینێت، ئاماژەیەکی راستە. دەزانن شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی چۆن هاتە ئاراوە. لە دۆخی بەقەیرانبوونی سەرمایەداری دا کە ویستی بە بونیادنانی نەتەوە-دەولەت خۆی لەو قەیرانە رزگار بکات. ئۆجالانیش لە بەرامبەر بەوە و بۆ چارەسەری بنەڕەتی چەمکی نەتەوەی دیموکراتی خستە روو کە هەموو رەنگ و کەلتورەکان پێکەوە دەژێنێت و دەرفەتی پێکەوە هەڵکردنیان بۆ دەرەخسێنێت».

یەک لەو ناوانەی لە تێکۆشانی نێونەتەوەیی دژ بە سەرمایەداری دەناسرێت دەیڤید گرایبەر کە تیۆریسیانی ئەنارشیستی ئەمەریکی و بە « بزوتنەوەی وۆل ستریت داگیربکە Occupy Wall Street - دەناسرێت لەسەر مۆدێلی رۆژئاوای کوردستان راوەستەی کرد دوای سەردانەکەی و نوسینی کتێبێک لەسەر رۆژئاڤا پرۆسەی ٦ ساڵی رابردووی وەها دەربڕی : « لە دوای ئیسپانیا گرنگترین روداوەکان لە رۆژئاوا ڕوودەدەن. سەرمایەداری زیاتر بە فۆرمی بیرۆکراتیەوە شێوەی گرتووە، کۆمپانیاکان بەرهەمهێنانیان بۆتە دارایی (فینانس)، داراییش بەرێی دانی قەرز دەکەن و قەرزیش دوایی دەگۆڕێت بە سیاسەت ئەمە گەمەیەکە. دیموکراسی بە تەواوی لە دەرەوەی ئەم حسابەدایە، لە رۆژئاڤاش بیرۆکراتی هەیە. زوو تێگەیشتم کە کە ئەوە گەمەیەکە (گەمەی ئابوری، سەربازی و قەرز) بۆ ئەوەی کە زیاتر چەک وەرگرن و قەرز بکەن. ئەم گەمەیە لە عێراق زۆر قوڵترە. لە رۆژئاڤا دوو پێکهاتە هاوتەریب بەرەو پێشەوە دەچن یەکەمیان پێکهاتەی دەوڵەتە ئەوەی دیکە خۆرێکخستنکردنی کۆمەڵگەیە. ئەوەی لە خوار بۆ سەرەوە خۆرێکخستن دەکات لە چوارچیوەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی دایە، ئەنجومەکان لە رۆژئاڤا راستیەکن هاوار ناکەن بەسەریەک دا. پێم وایە کە گەمارۆی سەر رۆژئاڤا هەندێ دەستکەوتی هەبووە کە لەناوەوە بە دوای چارەسەری دا بگەرێن. ئەوەشی لەسەرەوە وەک پێکهاتەی دەولەت زەق دەبێتەوە دەکرێ بلێین لە لایەن گەمەیەکی نیونەتەوەییەوە هاندەدرێت و پێم وایە ئەوە لەسەر دیموکراسی مەترسیەکە،

بەڵام لە دەرەوەی ئەوەی پێی دەڵێن حکومەت سیستەمێک هەیە دۆخێکی بەهێزی شۆڕشگێڕی هەیە «.

لە دانیشتنی یەکەمی ڕۆژی دووەمی کۆنفرانسەکەدا ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە مستەفا کاراسو بە ڕێی ڤیدیۆکۆنفرانس بەشداری کرد و لە پەیامەکەی دا وتی» سڵاو لەو کۆنفرانسەی کە لە چوارچێوەی دید و هزری ئۆجالان دا بەڕێوەدەچێت. لە دونیایەکی پڕ لە قەیران دا لامان وایە کە هزرەکانی ئۆجالان ڕێ دەکاتەوە بۆ چارەسەری. مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و هزری دەوڵەتپارێزی سەرچاوەی کێشەی سەرەکی مرۆڤایەتیە. دەوڵەت لەسەر بنەمای ڕەگەزگەرێتی کۆمەڵایەتی، داگیرکاری و سەرمایەداری خۆی ڕاگرتووە. ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە دروستی کردووە ئیتر هەڵناگیرێت. بۆ ئەوەی تێکۆشانێکی ڕاست لە دژی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بکرێت دەبێ مرۆڤ لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە تێکۆشان بکات،. مۆدێرنیتەی دیموکراتیش مێژوویەکی هەیە بۆ ئەوەی کە تێکۆشان بکەین دەبێ مێژوو بناسین و یەکانگیرانە مێژوو بخوێنینەوە. ئەنارشیستەکان لە دژی دەوڵەت و سەرمایەداری ڕاوەستان بەڵام ئەلتەرناتیف بۆ کۆمەڵگە لە دژی سەرمایەداری و دەولەت بونیادنەنرا. بۆ ئەوەش کێشەکانی کۆمەلگەیان چارەسەر نەکرد. فێمینستەکان لە دژی دەوڵەت و پیاوسالاری ڕاوەستان بەڵام نەیانتوانی لە دژی مۆدێلەکان و دەزگاکانیان ڕاوەستن و مۆدێلێکی ئەلتەنارتیفیان نەخولقاند و لە ئاست سەرمایەداری دا بێچارە مان. گەر مرۆڤ نەبێتە دژە سەرمایەداری و دژە دەوڵەت سەرکەوتوو نابێت. تەنیا تێکۆشان بەس نیە بەڵکو وەک ئەلتەرناتیف بونیادنانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی لە دژی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری گرنگە. سەرمایەداری لە دژی دیموکراسیە. دیموکراسی ڕاستەقینە لە نێو کۆمەڵگەدا بونیاد دەنرێت، دەزگاکانی کۆمەڵگەش بونیادبنرێت و دیموکراسیش بپارێزرێت. سۆسیالیزم کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیە بەڵام سەرمایەداری هەم لە دژی دیموکراسیە و هەم لە دژی کۆمەڵگەیە. لە دژی موعنەویاتە، بەرژەوەندپەرستە. تا ئازادی ژن فەراهەم نەبێت مۆدێرنیتەی دیموکراتی دەرفەتی بونیادنانی نابێت. بۆ ئەوەش ژن بناغەی هەموو تێکۆشان و بونیادنانێکە».

> **کێ دەچێتە سەر بیری ئاوی ئەو بیرانەی کە خۆیان ئیتر خاوەنی نین، بەڵکو بونەتە موڵکی تایبەت**

لە ڕۆژی سێیەمی کۆنفرانسەکەدا لەسەر ئەو قەیرانانەی کە سەمایەداری دروستی کردووە و ڕێی دەرچوون و قۆناغی دوای سەرمایەداری گفتوگۆی فراوانی لەسەر کرا و دیدی ئۆجالان لە بونیادنانی ئەلتەرناتیف دا زیاترین مشتومڕی لێکەوتەوە بەتایبەتی دیدی بۆ ئابوری ئەلتەرناتیف، ئەکۆلۆژی و سروشت و کۆمەڵگە، خەباتی ڕەگەزی و تێکۆشانی هاوبەش.

لە دانیشتنی یەکەمی ڕۆژی سێیەم دا ئابوریناس و مێژووناس فرەدریکا هابرمان لەسەر ئابوری لە بابەتەکەی دا وتی:« کێ دەچێتە سەر بیری ئاوی ئەو بیرانەی کە خۆیان ئیتر خاوەنی نین، بەڵکو بونەتە موڵکی تایبەت. دەبێ بزانین کە ئەو هەموو دەوڵەمەندی و سامانە چۆن لە یەک دەست دا کۆبۆوە. دەبێ گرنگی بە شێوازێکی پەیوەندی بدەین کە پەیوەندی هاوسەنگی نێوان تاک و کۆمەڵگە دەپارێزێت، بەو پێیە مرۆڤ دەتوانێ سەرمایەداری وەلاوە بنێت».

هەرچی ژینگەپارێز و ئابوریناس کۆرا ڕولۆفس لە بابەتەکەی دا لەسەر ژینگە باسی لە وشیاری ژینگەپارێزی کرد و وتی» دەبێ گوندی ئەکۆلۆژی دامەزرێت و پەیوەندی بیرۆکراتی لە نێوان کۆمەڵگەدا نەبێت. کۆتایی بە پەیوەندی داگیرکاریانەی نێوان گوند و شار بێت. تەنیا ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری بەس نیە، دەبێ پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەی ئەکۆلۆژی و سروشت بەهێز بکرێت».

ئەنترۆپۆلۆگ ئەلیانور فینلەت باسی لە گرنگی دابڕان لە زهنیەتی دەوڵەت-نەتەوە کرد و وتی: « زۆر شت هەیە کە دەکرێت لە کوردەوە فێری ببینین. لە بواری کردەیی دا کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی دوو کۆڵەکەی سەرەکی هەیە، ڕێکخستنی سیاسی و خۆپاراستن کە ڕێکخستنەکانی دەرەوەی دەوڵەتن».

ژنە چالاکڤانی و زیندانی سیاسی حەلیمە کورت بابەتەکەی لەسەر چۆنێتی دابڕان لە زهنیەتی پیاوسالاری پێشکەشکرد و پوختەی قسەکانی وەها بوون» هەموو کێشەکان سەرچاوەکەی زهنیەتی پیاوسالاریە و پیاوسالاریش حەقیقەت پەردەپۆش دەکات. بۆ ئەوەش دابڕان لە سیستەم و زهنیەتی پیاوسالاری لە بونیادنانی شارستانی دیموکراتی دا

گرنگە».

لە هەمان تەوەرەدا هاوسەرۆکی پەیەدە ساڵەح موسلم لەسەر دابڕان لە زهنیەتی میلیتاریزم وتی : « جیاوازی هەیە لە نێو چەمکی خۆپاراستن و هێرشکردن بە چەکی گران، ئەمڕۆ شەڕ شەڕی دابەشکردنی بەرژوەندیەکانی زلهێزەکانە لەسەر خاکەکەمان. ئەمەریکا ئەمرۆ بۆ لەناوبردنی داعش بۆمبی ملیۆنان دۆلار بەسەر ئەفغانستان دا بەردەداتەوە، بۆمبی نوێ بەسەر شوعێرات دا بەردەداتەوە بەڵام ئەگەر ئەو بودجەیە بۆ وشیاری و ئەلتەرناتیڤ لە بەرامبەر داعش خەرج بکرایە پێویست بە بەردانەوەی ئەو بۆمبانە نەدەبوو. ئەمرۆ لە رۆژئاوای کوردستان نمونەی خۆپاراستنمان هەیە کە سەرەتا خۆپاراستنە بە مۆدێلێکی نوێ بە ئایدۆلۆژیەک و دێدێکی نوێ و خۆ رێکخستنکردنی کۆمەلگە، ئەمرۆ ژنانی رۆژئاڤا نمونەی سەلمێنەری ئەو چەمکە نوێیەی خۆپاراستن و خۆرێکخستن کردن و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتین»

فابیان شیلدەر لە چیاپاسەوە بەشداری کردبوو لە پەراوێزی کۆنفرانسەکە قسەی لەسەر ناوەرۆکەکەی کرد و وتی» لەدۆخێکی گێژاودایین، درکمان بە مەترسیەکانی نەکردبوو، بەڵام دەزانم کە دەبێ رزگارمان بێ لە میگا جانەوەرەی کە پێی دەڵێن سەرمایەداری، ئەوەش بۆ بونیادنان دەبێ کە دوو نمونەی بەرچاو هەیە: مۆدێلی رۆژئاڤا و چیاپاس.

خوێندکاری زانستە سیاسیەکانی زانکۆی ئازادی بەرلین میگویل جاکوین بەراوردێکی وردی لەسەر دید و هزری ئۆجالان و کتێبەکەی فرانز فانۆن خاوەن کتێبی « نەفرەتەکانی سەر زەوی « کرد و قسەی لەسەر هاوتەریبی لە دیدەکانیان دا کرد بە تایبەتی لە سەر شۆرشی دژە کۆلۆنیال دا. فرانز فانۆن تێکۆشانی رزگاری لە دژی داگیرکاری و شۆرشی کۆمەڵایەتی وەک دوو هەنگاوی سەرکەوتوو و گرنگ لە رێی رزگاری دا دەبینێت. بزوتنەوەی ئازادی گەلی کورد ئەوە وەک میراسێکی گرنگ دەبینێت و بە کردەیی هەنگاوی بۆ ناوە بەتایبەتی لە شۆرشی کۆمەڵایەتی دا.

## کشێەی ژن کێشەی سیستەمە، کێشەی ماف نیە بە تەنیا بەڵکو کێشەی هەبوونە

رۆژنامەوان و نوسەر فوئاد کاڤ لە بابەتەکەی دا بە ناوی " توند و تیژی و تیرۆری دەوڵەت و چۆنێتی هەڵایسانی شۆرش " وتی : " ژیان بە بێ دەوڵەتیش دەبێ و کۆمەلگەی سروشتی سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە ژیان بەبێ دەوڵەتیش مەحاڵ نەبوە، دەولەت تەنیا ٢٪ی مێژوویی مرۆڤایەتی پێک دێنێت. لە جێیەک دەولەت هەبێ دیموکراسی نیە، لەو جێیەشی دیموکراسی هەبێ دەولەت نیە. دەوڵەت میکانیزمێکی لەناوبردنی کۆمەلگەیە و بەردەوام کار لەسەر ملکەچکردن دەکات. دابڕانی کۆمەلگە و خولقاندنی مۆدێلەکەی گرنگە. دەولەتی تورک یەک لەو دەولەتانەیە کە دژی دیموکراسیە. نمونەیەک لەسەر خۆم بێنمەوە کە ماوەی ٢٠ ساڵ لە زیندان بووم. لە سەرەتا لە قاوشی ژمارە ٥ ی زیندانی ئامەد کە ساڵانی ٨٠ کان دا ئەشکەنجەکارەکان رۆژانە پێیان دەگوتین دەبێ تەسلیم بن، ئێمەش بە هەڵوێستمان لەبەرامبەر دەوڵەت دەمانگوت بەرخودانی دەکەین، ئەو بەرخودانەش بە واتای دابڕان بوو لە دەوڵەت، ئەوەی بن کەوت لە زیندان دەوڵەت بوو ئەوەشی سەرکەوت ئەو رۆحی بەرخودانەیە و ئێستاش گەلی کورد لە رووی رۆحیەوە لە دەوڵەت دابڕاوە".

رووناهی سەرحەد ئەندامی کۆردیناسیۆنی کۆمەڵێن ژنێن کوردستان کەژەکە بە رێی ڤیدیۆ بەشداری کۆنفرانسەکەی کرد و پوختەی قسەکانی لەسەر تێکۆشانی ژنان لەبەرامبەر زهنیەتی باوکسالاری و پێشەنگیکردنیان لەشۆرش دا بوو و وتی» کشێەی ژن کێشەی سیستەمە، کێشەی ماف نیە بە تەنیا بەڵکو کێشەی هەبوونە.، ئێمە ئێستا وەک ژنان هەم لایەن هەم هێز و ئیرادەیان لەبەرئەوەی کە رێکخراوەین، رەخنەی سەرەکیمان لە زهنیەت بووە. ئەوەشمان گەیاند ئاستی شۆرشێکی زهنی و بە ژنۆلۆژی گەردوونی دەکەین».

رۆژنامەوان و پسپۆری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئۆرۆگوای راول زیباچی لەو بەشەی کە لەسەر « رێبازەکانی بونیادنان و خۆپاراستن» وتی : « بەتەنیا بەرەنگاربونەوەی دەوڵەت، دەسەڵات و پلەداری بەس نیە. گرنگە کە بە چ رێ و رێبازێک کار دەکەین بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە، بە چ رێیەک کە جارێکی تر لە دەوڵەت نەچینەوە و وەک دەولەت هێز لەخۆ دا کۆنەکەینەوە. بۆ خولقاندنی نوێ چۆن لە نێو کۆمەڵگەدا کار بکەین و

گۆرانکاری بکەین. زاپاتیستەکان و کورد چۆن گەیشتنە مۆدێلی خۆیان ئەوە بۆ ئێمە مایەی لێکۆڵینەوەیە. شارستانی سەربەرژێر لە قۆناغی هەڵوەشانەوەیە، قەیرانێکی ئاسایی و سادە نیە. سەمایەداری دژی ژن، دژی سروشت و دژی کۆمەڵگەیە. سیستەمێکی شارستانی بێ سەرمایەداری دەبێ بئافرێنێرێت، ئەوەش پێی دەڵێن ‹بیرکردنەوە کە شتێکی کە بیری لێنەکراوەتەوە› «.

## گرینگە کە بە چ ڕێبازێک کار دەکەین بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە

فەوزا یوسف هاوسەرۆکی کۆنفیدراسیۆنی باکوری سوریاش لە کۆنفرانسەکەدا باسی لەوە کرد کە چۆن رۆژئاڤا لە مۆدێلێکی ناموکینەوە گۆڕا بۆ مۆدێلێک کە خەڵک خۆی خاوەنداری لێدەکات نمونەیەکی لەسەر هەلوێستی خەڵک لە سەرەتای شۆرشی رۆژئاڤادا هێنایەوە و وتی» سەرەتا کە گەلمان بە ڕێکخستن دەکەن، دەیانگوت ئێوە فەرمان بکەن ئێمە جێبەجێی دەکەین، ئێمەش وتمان وا نابێت چونکە ئێوە وەها فێر کراون کە ئەسەد فەرمان بکات و ئێوەش ناچار بین پێکی بێن، وتمان نا ئێمە پێکەوە مۆدێلی چارەسەری خۆمان بونیاد دەنێین، ئەوەمان بەرێی دامەزراندنی کۆمین و ئەنجومەکان کرد و ژنان و گەنجان لەو مۆدێلەدا پێشەنگ بوون و باوەریان بە خۆیان دا هاتەوە کە دەتوانن رۆڵی سەرەکیان هەبێ لە بونیادنان دا «

لە کۆنفرانسەکەدا ئەوەی مایەی سەرنج بوو بۆ گەنجان و خوێندکاران ئەو سەکۆیانە بوون کە بۆ نیشاندانی کتێب و فرۆشتنی دانرابوون کە زۆربەی کتێبەکانی ئۆجالان بوون و وەرگەڕی ئەڵمانی، ئیتالی، ئیسپانی، ئینگلیزی و فەرەنسی کرابوون.

لەسەر زۆر بابەتی وەک « کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی، ژنۆلۆژی، ئەکۆلۆژی، رۆژئاڤا» لە نێو ۆرک شۆپەکان دا « ژنۆلۆژی « زیاترین بەشداری لێ بوو. یەک لەو گەنجانەی لەوێ ناوی بیا بوو وتی « پێشتر ژنۆلۆژیم لە کۆنفرانسێکی ئامەد بیست. زۆر سەری خۆم بەوەوە ئێشان بە تێگەیشتن لە سیستەمی باوکسالاری، ئەو جارە تێگەیشتم کە بۆ هەموو کەس بە پەرۆشەوە دەیەوێ لە ژنۆلۆژی تێبگات. بە بۆچونی من بابەتێکە کە ژنانی ئەوروپی دەبێت زیاتر راوەستەی لەسەر بکەن. دەبێ کار لەسەر ئەوە بکرێت کە جیاوازی ژنۆلۆژی لەگەڵ فێمینیزم چیە و لە کوێ دا یەکتر تەواو دەکەن».

لە دوای هەموو دانیشتنێکیش دەرفەتێکی فراوان بۆ گفتوگۆ و پرسیار و وەلام کرایەوە. زۆربەی پرسیارەکان لەسەر رێبازەکانی چارەسەری و دەرچوون لە قەیرانی سەرمایەداری و ئەلتەرناتیڤەکان بوون. دەستپێشخەری ئازادی بۆ ئۆجالان کە رێکخەری سەرەکی کۆنفرانسەکەیە لە ئاداری ساڵی ١٩٩٩ دا دامەزرا، ماوەی ١٨ ساڵە ئەو کارە بەرێوەدەبەن، وێرای ئەو کۆنفرانسە لە هەڵمەتی ئازادیەوە بگرە تا داوای هەڵگرتنی سزای سێدارە و دوایینیان هەڵمەتی ئیمزا بۆ ئازادی ئۆجالانیان بەرێوەبردووە و لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان کۆنفرانس و کۆنگرەیان بەستووە و لەگەڵ بزوتنەوە ئەلتەرناتیڤەکان دەستیان بە دانوسان کردووە بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی دیدی ئۆجالان. لە ساڵانی دواییش دا زیاتر لە ١٠ کتێبی ئۆجالانیان بۆ زمانی جیاوازی رۆژئاوایی وەرگێرا. لە کۆنفراسی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢ نزیکەی ٤٠٠ کەس بەشداری کرد کە نزیکەی ١٠٠ کەسیان لە ئەوروپی، ئەمەریکی، ئەفریقیایی بوون. لە کۆنفرانسی دووەمین لە ساڵی ٢٠١٥ دا زیاتر لە ١٢٠٠ کەسی رۆژئاوایی بەشداریان کرد کە زۆریان گەنج، خوێندکار و کەسانی چەپ و ئەنارشیست بوون. بەهۆی نەمانی جێگەوە بەشێکی زۆر لە بەشداران لەسەر پێپلیکانەکانی ناو هۆڵەکە دانیشتبوون. لە کۆنفرانسی ٢٠١٧ زیاتر لە ١٢٠٠ کەسی رۆژئاوایی تەنیا لە دەرەوەی ئەلمانیا هاتبوون. گروپی گەورە لە ئەلمانیا، ئیتالیا و ئیسپانیا هاتبوون. زۆربەی ئەوانەی هاتبوون بە دەرفەتی خۆیان هاتبوون و هەموو میوانەکانی دەرەوەش لە رۆژانی کۆنفرانسەکەدا لە زیاتر لە ١٥٠ ماڵی وڵاتپارێزی کوردستانیی دا میوانداریان کرا. بەشداران و میوانانی دەرەوە رەتیان کردەوە کە رەوانەی ئوتێلیان بکەن و تەنانەت دەیانویست لە نزیکەوە ئەو خێزانانە بناسن کە کاریگەرن بە دیدی ئۆجالان. پاراستنی ئاسایشی هەزاران کەسی کە هاتبون بۆ جێی کۆنفرانسەکە و رۆژانە جوڵەیان پێدەکرا لە دابەشکردنیان و هێنانەوەیان کارێکی هەر وا ئاسان نەبوو بەڵام مۆدێلی خۆرێکخستن کردنی گەلی کورد و بزوتنەوەکەی لە ئاستی ئەوروپا و بە تایبەتی ئەڵمانیا ئەو کارەی ئاسان کردبوو، چونکە هەر ماڵ، خێزان و تاکێکی رێکخراو ئەو کارەی بە کاری خۆی دەزانی.

# ژیانی ئۆجالان لە ئورفاوە تا ئیمرالی



ئازادیی کۆمەڵگە
لەتورکیەوە/ لوقمان عەبدوڵڵا

**بەشی یەکەم**

بۆچوون و چەسپاندنێکی زانستییە کە ژینگەی سروشتی و پەرەسەندنی مێژوویی لە پێکهاتنی کەسایەتی تاکدا رۆڵێکی دیاریکەر دەبینێت. لە ئاستی پێناسەکردندا دەکرێ هەندێک دەستنیشانکردنی گەوهەری سەبارەت بە چوارچێوەی مێژوویی و ژینگە پێشبخرێت. ئەو ژینگەو شوێنەی لێی لەدایکبووم لەشێوەو دیمەنی ئەو تەپۆلکە بچووکانەیە کە ناوەڕاستەکانی چیای تۆرۆس لە رۆژئاواوە لەگەڵ دەشتەکانی میزۆپۆتامیا بە یەکتر دەگات، لە تەپۆلکەو گرد گەلێک پێکهاتووە کە دۆڵەکان لێکیان جیا دەکاتەوە. گوندی ئۆمەرلی(ئامارا- ئاماران) کە لە نزیکەی پێنج کیلۆمەترێکی پێچەکانی رووباری فورات هەڵکەوتووە، شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوونمە.

کەشوهەوای دەڤەرەکە وەکو کەشوهەوایەکی درەنگ هاتووی دەریای سپییە. دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەو ناوچەیەی لە مێژوو بە هیلالی بەپیت ناودەبرێ. جوگرافیاو کەشوهەواکەی بۆ کولتوورەکانی دانەوێڵە و ئاژەڵداری لەبارو گونجاوە. ئەو تایبەتمەندێتیانەی سەردەمی نیۆلۆتیک کە تا ئێستاکەش بەشێوەیەکی بەهێز لە ئارادایە، پیشاندەدات کە یەکێکە لە سەرەکیترین ئەو دەڤەرانەی کۆمەڵگەی نیۆلۆتیکی تێدا پێشکەوتووە. پێکهاتەی دەرەبەگایەتی کە لە دەڤەرەکانی نزیکەوە بەهێزە، هەروەها خەسڵەتەکانی سەرمایەداریش کەدواتر پەرەیان سەندووە، لەو دەڤەرەی لەدایکبوونم کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەبووە. بەردەوامبوونی کۆمەڵگەی گوندی نیۆلۆتیک بە شێوەیەکی بەهێز، رەوشێکی سەرنجڕاکێش و شایەنی تێڕامانە.

هەروەکو دەزانرێ هەوڵەکانی شارستانیەتی سۆمەر بۆ کۆلۆنیکردن بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی بەهێز لەو دەڤەرانە تاقیکراوەتەوە. دەڤەرەکەمان تەواو دەکەوێتە ناوەڕاستی کۆلۆنیەکانی سۆمەر، کە لە باشووردا سەرەکیترینیان «کارگامێشە»، لەرۆژهەڵات «ئورفا- بیلیجیك»، لە باکوور «سامسات» و رۆژئاواش شاری «پەرەیە». هەروەها ناوچەیەکە دەکەوێتە ناوەندی پاشایەتی کۆماگەناش. مسۆگەرە کە سالآنی ٢٠٠٠ پێش زایین ئاشنای شارستانیەت بووە. شیمانەیەکی بەهێزە کە سەردەمی نیۆلۆتیکیشی بەخۆیەوە بینیوە کە لە سەردەمی لەدایکبوونیەوە تا رۆژی ئەمرۆمان هاتووەو تەمەنەکەی ١٥ هەزار ساڵە. هەروەها ئاشنای شارستانیەتەکانی ئاشوری، ماد - پارس، ساسانی، هێلینی، کۆماگەنا، رۆما، بێزەنتی، عەرەبی - ئیسلامی و تورک - عوسمانیش بووە.

تایبەتمەندیەکی دیکەی گرنگی مێژووی ئەم ناوچەیە، ئەوەیە کە دەروازە و پردی تێپەڕبوونی جڤاتە ئەتنیکی و قەومە جیاوازو هەمەڕەنگەکانە. قەوم و جڤاتێکی ئەتنیکی ساف لە ئارادا نییە. تاوەکو ئێستاش شوێنپەنجەی مۆزائیکێکی تێکەڵەی هەموویان لە دەڤەرەکە بەهێزە. لە پێدراوە مێژوویی و شوێنەوارناسی و نەژادناسیەکانەوە دەرك بەوە دەکرێت کە یەکەمین جڤاتی ئەتنیکی خاوەنی جێنیشنە جێگیرەکان هۆری (خوری- حۆری)یە بەریشە ئاریانەکانن. لێکچوونی پێکهاتەی زمانی کوردانی رۆژگاری ئەمرۆمان لەگەڵ پێکهاتەی زمانی هۆریەکان ئەم راستینە دەسەلمێنێ. هەروەکو دەزانرێ

هۆری ناوێکی گشتییە و سۆمەریەکان بۆ ئەو گەلانەیان بەکارهێناوە کە لە باکور لەناوچە شاخاوی و گردۆلکە بەرزەکاندا ژیاون. هەروەها هەندێک جار سۆمەریەکان گەلی ئەم ناوچەیان بە «کورتی» ناوبردووە کە واتای «گەلی شاخی» دەبەخشێت. وشەی «کور» مانای شاخی و شاخستانی دەبەخشێت ، هەرچی پاشکۆی «تی» یە گوزارشت لە مەنسوبیەت دەکات. بەمجۆرەش وشەی «کورتی» مانای شاخی و شاخستانی دەبەخشێت. لە باشووریش جڤاتی ئەتنیکی ئامۆری بەریشە سامی دەژین، کە بەردەوام بەرەو ناوچەکە دزە دەکەن. دەشێ ناوی ئەممار(ئامارا) بەرهەمێکی کاریگەری ئەم نەریتە کولتووریە بێت. ئەم جڤاتانەی لەرێی عەرەبەکانەوە پێگەیەنران، دواتر لە ژێر فەرمانداریێتی سەعدی کوڕی وەقاس ئیسلامیەتیان بۆ ناوچەکە گواستەوە. تا ئێستاکەش ناوی زۆربەی گوند و مرۆڤەکانی دەڤەرەکە ریشەکەی عەرەبییە. شیمانە دەکرێ کێشمەکێشی نێوان هۆری ـ ئامۆری باو لەناوچەکەدا بۆ مێژوویەکی یەکجار کۆن بگەڕێتەوە. گەلێك پاشماوەی ئاشوریەکان تاوەکو ئێستاش لە ناوچەکەدا ماوەتەوە. گەلێك بەردی نووسراو هەن.

گرووپە ئەتنیکیەکانی دیکە کە ناوچە ئاشنای بووە لووییەکان و ئەرمەنیەکان جێگای بایەخن. بەدرێژایی قۆناخی توانەوە کە لەماوەی ١٠٠٠ ساڵ پێش زایین تاوەکو ١٠٠٠ی زایین لەلایەن گریکەکان (یۆنانییە کۆنەکان) بەڕێوەچوو، مسۆگەرە کە لووییەکان جڤاتێکی ئەتنیکی بە کاریگەربوون لەناوچەکەدا. وشەی گوند کە تا ئێستاش واتای دێ دەبەخشێت بەزمانی لووییە، هەروەها مانای «گرد- تەپۆلکە»ش


ئۆجالان لە تافی لاوێتیدا

دەبەخشێت. لەکاتێکدا سۆمەریەکان ئەم گردو تەپۆلکانەی شوێنی نیشتەجێبوون بە«ئور» ناو دەبەن، لووییەکان پێیدەڵێن «گوند». لووییەکان یەکێک لەکۆنترین گەلانی ئەنادۆڵن، زیاتر لە باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ نیشتەجێبوون. زمان و کولتوورەکەیان ریشەیان ئاریانییە.

لەمیانەی پاشماوە کولتووریەکانەوە دەردەکەوێت کە ئەرمەنیەکانیش لە گەلە کۆنەکانی ناوچەن. گوندی جەبین (سایلاك قایا) کە گوندێکی دراوسێمانە و تا پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم تێدا

**تورکمانەکان زیاتر لە رۆژئاوای فوراتەوە هاتوون و هەوڵی دزەکردنیان داوە**

خوێندووە و رۆژانە هاتووچۆم دەکرد، تا سەردەمی کۆمار گوندێکی ئەرمەنیە. خەلفەتی (رۆم قەڵا) کە قەزای ئیداری دەڤەرەکەمان بوو، شیمانەیەکی بەهێز ئەوەیە ناوەکەی لەناوی گەلێك دێت کە بەکانزاوە خەریك بووبن و لە کاتی خۆی بە هال ـ پاوۆ ناوبراون. شیمانە دەکرێت ئەم گەلەش باپیرەی ئەرمەنیەکان بن. وەستایی کانزاکاری لەناوچەکە تایبەت بەئەرمەنیەکانە. لەدووەمین سەدەی زایینەوە ئیتر کۆچی تیرەو هۆزە تورکمانەکانیش بەرەو ئەم ناوچەیە دەبینرێت. لەبەر ئەوەی لەرۆژهەڵات کوردەکان بەتەواوی باڵادەستن، هەربۆیەش تورکمانەکان زیاتر لە رۆژئاوای فوراتەوە هاتوون و هەوڵی دزەکردنیان داوە.

ئەگەر لە ژێر رۆشنایی ئەم راستینەیەدا نەخشەیەکی ئەتنیکی دەوروبەری گوندەکەمان بکێشم ئەوا بەمجۆرەیە، لەناوەڕاست گوندی ئامارا (ئۆمەرلی) کوردە، لەرۆژئاوا لە کەناری رووباری فورات گوندی عەینۆ (عەین، بەزمانی عەرەبی بەواتای کانی دێت، کانیەکی گرنگە) تورکمانن، لەباکور گوندەکانی پازور، دارتۆ و گۆلگان کوردن. لەرۆژهەڵات گوندی ئارا (رێی ناوین) تورکمانن، هەروەها گوندی ئارام یش لە باشووروە کە تورکمانن. شیمانە دەکرێ ناوی ئارا و ئارام بەریشە ئاشوری ـ ئامۆری بن. لەباشوور جەبین(سایلاك قایە) تا رابردوویەکی نزیك گوندێکی ئەرمەنی بوو، لەسەردەمی کۆمار بەتورك کراوە. وەک دەبینرێت تەواو لەناو زەمینەیەکی مۆزائیکی ئەتنیکی و کولتووری داین. هەروەکو بڵێی سێ چوار گرووپی ئەتنیکی ـ کولتووری سەرەکی رۆژهەڵاتی ناوین لەناو بەیەکەوە ژیانێکی بەهێزدان. بەردەوام کاریگەری ئامۆریە سامیەکان، ئاشووری و عەرەبەکان لە باشورەوە هاتووە، کاریگەری ئەرمەنیەکانیش وەکو

گەلێکی پیشەکار، ئاسنگەر و کانزاکار لەباکوورەوە هاتووە. تورك. تورکمانەکان گرووپێکی دیکەی ئەتنیکی. کولتوورین کە لەدوای هەمووان هاتوونەتە ناوچەکە. هەرچی کوردانن، وەکو سەرەکیترین ئافرێنەر و بەهێزترین درێژەپێدەری کولتوور و شۆڕشی نیۆلۆتیک، لەناوچەدا رۆڵێکی تەوەرەییان بینیوە. کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کار و پیشەی سەرەکیانە. عەرەب ـ ئامۆریەکان بە بازرگانیەوە خەریکبوون، ئەرمەنیەکان بە کانزاکاری، تورکمانەکانیش بەکۆچەری و شەرڤانیەوە سەرقاڵ بوون.

ئەم تایبەتمەندێتیەی ناوچەکە، دەرفەت بەزاڵبوونی کولتوورێك نادات کە سەر بە تاکە قەومێك بێت، لە قۆناخە کۆنەکانی مێژووەوە بەیەکەوە ژیان و فرە کولتووری دەکاتە ناچاریەك. لەبواری باوەڕیشەوە دەڤەرێکە لەکۆنەوە مەسیحیەت و موسوڵمانێتی لەگەڵ یەکتردا دەژین. هەربۆیە وەک ئەدرەس کۆنترین ناوچەی فرە کولتووری و فرەئەتنیکی و مرۆڤپەروەرییە. تەڤلیبوون و بەناویەکداچوونی کۆمەڵە ئەتنیکیەکان بەهێزە. هەموویان ژن خوازی لەگەڵ یەکتری دەکەن. ئەم رەوشەش روونیدەکاتەوە کە بۆچی سیستەمێکی سەرکوتکردن و فشاری چینایەتی بەهێز ئاوانەکراوە. زاڵنەبوونی تاکە کۆمەڵگەیەك، هەبوونی گرووپە ئەتنیکیە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵگەکاندا و پاراستنی بونیادی خۆیان، تایبەتمەندێتیە بەهێزەکانی گوندی نیۆلۆتیک؛ ناهێڵێت دەوڵەتێکی بەهێز یاخود میرنشینێکی شێوازی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی مۆری خۆی لەناوچەکە بدات. ناوچەکە ئاستی هۆز ـ خێڵی کۆمەڵگەی گوندی تێپەڕنەکردووە و بەهەزاران ساڵە هەوڵدەدات ئاستێکی کۆمەڵگەیی نزیك بە بنەماڵە ئازادە لادێیەکان بپارێزێت. چونکە بەگایەتی بەخۆیەوە نەدیوە. لە سەردەمی سۆمەریەکانەوە لەگوندەکانی بیرەجك ـ خەلفەتی،

## گوندەکەمان هەزاران ساڵ بەر لە ئێستادایە، بەبێ ئەوەی هێندە لە باوەڕی ئایینی ئیسلامی تێبگات لەناویدا دەژی

سامسات، بیرۆکراتێکی کۆلۆنی گرێدراو بە سەرەڕۆیی ناوەندی هەیە کەخاوەن هێزێکی سنووردارە. ئەم بیرۆکراسیە لە کولتووری گەلانی ناوچەکە نامۆیە، هەروەکو بڵێی دیوارێکی ئەستووریان لەنێواندا هەیە. ئەم تایبەتمەندێتیە تا ئێستاکەش بەردەوامە. ئەم گەوهەرە کۆلۆنیگەراییەی بیرۆکراسیەت، لە ئاستی خۆجێییدا رێگای بە جیابوونەوەی چینایەتی نەداوە، دەرفەتی بە پێکهاتنی بیرۆکراسیەتێکی خۆجێیی نەداوە. هەربۆیە ناکرێ باس لە کولتوورێکی بەهێزی چینایەتی بکرێت. کولتووری زاڵ زیاتر کولتووری بنەماڵەی لادێیی ئازادە. تەنانەت کولتوورێکی بەهێزی خێڵەکیش نەهاتووەتە ئاراوە. کولتووری سەرمایەداریش تازە بە تازە گەشە دەکات. ئەم راستینەیەش رەوشێکی تایبەت بەناوچەکەیە. بوونی شوێنپەنجەی بەهێزی کولتووری کشتوکاڵی نیۆلۆتیک، هۆکارێکی گرنگی هەستەکانی یەکسانی و نەپلیشانەوەی تەواوەتی ژنانە. بەکورتی دەتوانم بەم شێوەیە تایبەتمەندێتیە سروشتی و مێژوویەکانی ئەو ناوچەیە پێناسە بکەم کە تێیدا هاتوومەتە دونیاوە.

خێزان (ماڵبات) و کۆمەڵگەی گوند کە خێزانیش جێگای خۆی تێدا دەگرێت فاکتەرێکن لەنزیکەوە ناسنامەی منداڵ یەکلادەکەنەوە. هەروەکو چۆن لە چوارچێوەی دیاریکراویشدا دەرکی پێدەکرێ کۆمەڵگەی گوندەکەمان کە لە ژێرکاریگەری کولتووری نیۆلۆتیکی هەزاران ساڵ بەر لە ئێستادایە، بەبێ ئەوەی هێندە لە باوەڕی ئایینی ئیسلامی تێبگات لەناویدا دەژی و پەیڕەوی دەکات. کۆمەڵگەو جڤاتی دەڤەرەکە لەو خێزانە هەزارانە پێکدێت کە جیاوازی چینایەتییان لە نێواندا نییە، موڵکێکی هێندە کەمیان هەیە کە بەشی تێری گوزەرانی خۆیان دەکات، کرێکاری و سەپانی بۆ دەرەوە دەکەن. ئەگەر لەکۆنیشەوە بێت عەشیرەتگەرایی و هۆزگەرایی تێپەڕکراوە؛ پەیوەندیەکانی خزمایەتی و بنەماڵەیی هێندە لاواز بووە تەنانەت بەشی بەتیرەبوونیش ناکات. بەرامبەر بە پەیوەندیەکانی سەرمایەداری کە لە پەرەسەندندایە، لە پێگەی زەحمەتکێشە نەدارەکاندان. هەروەها بەرامبەر بە پێکهاتەی بیرۆکراسیەتی کۆماریش نامۆن. خوێندەواریەکی سنووردارییان هەیە. هێندە ئاگاداری کولتووری کۆمار نین.

کاریگەری کۆمەڵگەی نیۆلۆتیکیشی لەناودا، دەکرێ بگوترێ کە خەڵکی دەڤەرەکە وەک تاک و جڤات بەبێ ئەوەی کاریگەری سیستەمەکانی کۆیلەداری، دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری بە وەرچەرخانێکی دیالەکتیکیدا تێپەڕ بکەن کە لەدەرەوە وەریانگرتوون، لەمیانەی

چەمکی قەدەرگەرایی «ئەوەی بەسەرمان دێت قەدەرە، ناچارین پەسەندی بکەین« لەقووڵاییەوە لەناو پاسیفیزمدا دەژیت. ئەستەمە سەرجەم کولتوورەکان واتایەکیان بۆی هەبێت. بەجۆرێک لە جۆرەکان وەک چینە ژەنگگرتووە نقومبووەکان، بەستوویانە. لەلایەنی هزری و رۆحیەوە هیچ خولقکاریەکیان لێ چاوەڕوان ناکرێت. دەکرێ ئەمە بە «مانەوە لەدەرەوەی زەمان»یش ناو ببەین. ئەو محافەزەکاری و داخراوبوونەی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات لە ساڵانی ١٠٠٠ی زایینیەوە دووچاری هاتوون، تا ئێستاش بەردەوامە. وەک کۆمەڵگەیەکی مارژیناڵ رۆچۆتە ناو بنی چاڵەکە، تەنانەت یادەوەریە میتۆلۆژیەکانیشی لەدەستداوە و دەرک بەوەش ناکەن ئەو خوداوەندەی باوەڕیان پێی هێناوە کامە پێویستیانی پێکهێناوە. هەروەها تەقلینەبوونیان بۆ هیچ قۆناخێکی شۆڕشگێڕی دژ بەسیستەمی سەرمایەداری، ئەو رەوشە مارژیناڵەیان تەنگەتاوتر دەکات. کۆمەڵگەی گوند زۆر بە زەحمەتیەوە تەنیا لەبواری جەستەیی دەتوانێ درێژە بە بوونی خۆی بدات، هەرچی لە بواری ئایدیۆلۆژیە بە قووڵایی لەناو نامۆبوونی هزری و رۆحیدا دەژیت. ئامانجێکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایدیۆلۆژی ژیان بوونی نییە. تەنانەت هزری فریادڕەسی و ئاخیرەتیش واتای خۆی لەدەستداوە. بەڵام بوون بە فەرمانبەرێکی بچووك و کارکەری لە ئەوروپا، دەتوانێ ئومێدی سنوودار بخولقێنێ. رووبەڕووی راستینەی کەسایەتی مرۆڤێکین کە خراپی نییە، بەڵام چاکەو خێریشی نییە، بێکاریگەرییەو ملکەچە. هەروەکو بڵێی مەحکومی ژیانێکە کە هەموو شتێکی رزیوە، بێواتا بووە، بێچارەیی بەقەدەرێك دەبینێ و وەکو ئەوە وایە کە لە بەندیخانەیەکی سەرکراوەی جیهاندا خۆی بەندکردووە کە لە ئافرێنەری دوورە.

لە بنەماڵەیەك هاتوومەتە دونیاوە

## سەردەمی عوسمانیەکان بیرۆکراتێك بەناوی عوسمان پاشا لەناو ماڵباتدا دەرکەوتووە

کە هاوبەشی ئەم راستینەیە بووە. بەڵام کاتێك لەمیانەی هەندێک زاراوە بیرم کردەوە کە دەکرێ بۆهێڵی کۆمەڵایەتیش کاریگەری هەبێت، دەرکم بەوراستیە کرد کە پێویستە لە نزیکەوە لێکۆڵینەوە لەسەر بنەماڵەکەمان بکرێت. پێدراوی ئەوتۆ نین کە ئاماژە بەهەبوونی ریشەی کلان یاخود خانەدان بۆ بنەماڵەکەمان بکەن، بنەماڵەیەکە لەنێوان هەردووکیاندایە، ئەگەری ئەوە هەیە کە بنەماڵەیەکی رەسەن و بەرەچەڵەك بێت. بەزمانی کوردی بە «ماڵی ئۆجە« ناوبراوەو ناسراوە. لێرەدا دەکرێ «ماڵی» وەکو فامیل بەکار بێنین، هەرچی «ئۆجە« یە کۆنترین باپیرەمانە کە ناسراوەو دەزانرێ. لەو بڕوایەدام نازناوی ئۆجالان بۆ ئەو باپیرەمان دەگەڕێتەوە. ئۆجە دوو خێزان بۆ هەردوو کوڕەکانی حوسێن و عەبدوڵڵا پێکدێنێ. باوکم کوڕی عەبدوڵڵایە، ناوی عومەرە. ناوی منیش لە باپیرەم عەبدوڵڵاوە هاتووە. ئەو تایبەتمەندێتیە بەرچاوانەی باپیرەم کە زۆرجار دەگوترێتەوە، ئەوەیە کە دانا و سوارچاك بووە.

من خۆشم شایەدم کە باوکم کەسایەتیەکی بەکاریگەر نەبوو، بەڵام مسۆگەر خاوەن کەسایەتیەکی راستگۆو سەرفیراز بوو، بێگومان گرێدراوی باوەڕیەکانی بوو و سەبارەت بەهیچ کەسێك بەخراپی بیری نەدەکردەوە. وەکو کەسایەتیەك دەهاتە بەرچاوم، کە ئەگەر هەلومەرجەکانی لەباربووایە، لەرێگای ئەم تایبەتمەندێتیەیەوە دوودڵی لە تەقلیبوونی قەڵەمبازە مێژوویەکان نەدەکرد. لەراستیدا عارف بوو. سەبارەت بەناسینی من لە ئاستێکی بەرزدا بوو. ئێستاکەش لەبیرمە: کاتێك لەژێر داری فستق پێی گووتم کارکردنت زۆر خاوێنە و شێوازەکەت فەتحکاریە، لەژێر قووڵایی ئازاری بێهێزیەوە دەیناڵاند. ئەگەر ئاماژە بەو ساتەش بکەم کەهیچ کاتێك لەبیری ناکەم لەجێگای خۆیدا دەبێت. کاتێك وەك فەرمانبەرێکی رووپێوی (مساح) لە دیاربەکر بووم، بینیم لەسەر دیوارێکی تەلاری ویلایەت دانیشتووە، کاتێك بەیەکەوە کاڵەکێکمان پارچە کرد و خواردمان خۆشحاڵی خۆی پیشاندا. بەو دۆخەی خەمگین بووم. ئەو لایەنەی زۆرترین گرنگی پێدەدا رەنجی بازوو و بەدەستهێنانی بەرامبەرەکەی بوو. کاتێك لەئێمە تووڕە دەبوو دەیگووت:»خۆزگە نان کەروێشك بووایە، ئێوەش تانجی و بەدوای بکەوتنایە«. دەیخواست راستینەی ململانێی بەدەستهێنانی نانمان تێبگەیەنێ. بەڵام هێزی تێگەیشتنی ئەمەمان نەبوو. کاتێك بەمنی گووت» ئەگەر بمرم، تەنانەت دڵۆپە فرمێسکێکیش لەچاوت نایەتە خوار» بەزانایی قسەی دەکرد و راستی گووتبوو.

هەرچی لقەكەی دیكەی ماڵباتە لەخۆرازیبوونی ڕەسەنێتی تێیدا زاڵ بوو. هەروەها باسی ئەوەش دەكرێ كە لەكۆنەوە لە سەردەمی عوسمانیەكان بیرۆكراتێك بەناوی عوسمان پاشا لەناو ماڵباتدا دەركەوتووە. ئەو خەباتەی عیسمەت بە پشتبەستن بە لێكۆڵینەوە و لێگەڕینەكانی فەرماندارێتی گشتی سوپای توركیا سەبارەت بە بیۆگرافیای من ئەنجامیدا، بەهەمان ئەنجام گەیشتبوو. شیمانەی ئەوە لەپێشە كە بەرامبەر هێرشی هۆزە عەرەب و توركمانەكان بۆسەر كوردەكان بنەماڵەكەمان پێشەنگایەتی بەرخودانیان كردووە. لەو زەوی و زارە بەرفراوانەی بۆیان ماوەتەوە دەرك بەو ڕاستیە دەكرێت كە ناوچەكەیان بەرامبەر هێرشی هۆزە عەرەبەكان لەباشوور و هۆزە توركمانەكان لەرۆژئاوا پاراستووە. سەر بە خێڵی (بەسكی) یەكانن كە لقی رۆژئاوای هۆزی بەرازین، دەكرێ بگووترێ تێكۆشەرترین بنەماڵەی پێشەنگی رۆژئاوا پێكدێنن. هەروەكو دەزانرێ بەشێكی هۆزی بەرازییەكان لەناوچەی سنووری نێوان ئێراق ـ ئێرانی نزیك سلێمانی دەژین. لەو قۆناخەی من لە دەڤەرەكە بووم، پەیوەندییە هۆزایەتی و خێڵەكیەكان بەتەواوی لەبیر كرابوون. وەك ناوێكی گشتی هەر بنەماڵەیەك خۆی بە« كرمانج» ناودەبات. كرمانجێتی گوزارشت لەو كوردە دەكات كە لەخێڵ و هۆز دابڕاوە، هەنگاوی ناوەتە ناو پرۆسەو قۆناخی بەگەلبوون. بەشێوەیەكی بەربڵاو كرمانج بوون لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەم پەرەدەسەنێت. ئەمەش بۆ كوردان بەواتای بەگەلبوونێكی بەرفراوان دێت. كاتێك ئەوە بێنینە بەرچاوان كەتەواوی ئەو خێزان و بنەماڵانەی لەدەرەوەی خێڵ و هۆز دەمێنن بەكرمانج ناودەبرێن، ئەو قۆناخەی كە شكاندنی كاریگەری دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی لادێی ئازاد و زەحمەتكێشانی لادێیی تێدا پێشكەوت، دینامیكێكی گرنگی كوردانە.

هەروەكو چۆن من لەم دینامیكەوە

> **ئەو قۆناخە سەرسوڕهێنەرە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەی دەكەومە ناوی پێكهاتەیەكی وەهای هەیە كە كۆتایی بە ئەتنیك دێنێ و دەروازەی قۆناخی گەلبوون دەكاتەوە**

هاتووم، لەبەرئەوەی PKKش بەشێوەیەكی سەرەكی كوردان پەیوەندیدار دەكات، جوڵانەوەیەكی كرمانجانە. بناخە كۆمەڵایەتی ـ ئابووریەكەی بەشێوەیەكی قورس كرمانجە. كرمانج گوزارشت لەكوردانی قۆناخی بەگەلبوون دەكات. لەگەڵ پرۆسەی كرمانجبوون سۆزەكانی هۆز و خێڵ نامێنێ؛ ئەگەر بەشێوەیەكی لاواز و لەخۆشیەوە بێت، هۆشیاری قەوم و گەل جێگاكەی پڕ دەكاتەوە. بەبەراورد لەگەڵ هۆشیاری خێڵەكی، ئەمە گوزارشت لەشێوەیەكی پێشكەوتووتری هۆشیاری میللی و كۆمەڵایەتی دەكات. ئەم ڕەسەنێتیەی لەپێكهاتەی سەرۆكایەتی PKK و كادیرە سەرەكیەكانیدا هەیە، ئەو بنەما كۆمەڵایەتییە پێكدێنێت كە لە ڕێكخستن و ڕێبەرەكانی دیكەی كوردان جیای دەكاتەوە.

لایەنی دایكمان ئاڵۆزترە. دایكی باوكم (بەسێ) سەر بە لقی شابیقان ی خێڵی گەدیكانە كەتا سنووری جوگرافی ناوچەی عەرەبەكان بڵاوبوونەتەوە، مردنی سروشتی بەمردار بوون «حەرام، مردنی پیس» ناودەبەن. باپیرەم «باوكی دایكم» حەمید لەگوندی ئارای توركمانان لەگەڵ حەوا دەبن بە هاوسەرگیری دەكەن، دایكم عوەیش منداڵی ئەو دووانەیە. حەوا و عوەیش لەناو بنەماڵەدا نوێنەرایەتی ژنی بەكاریگەر و بەهێز دەكەن. مسۆگەر خۆیان لە پیاو كەمتر نەدەبینی. دەكرێ بگووترێ بەسەرەتاییترین شێوەكانیەوە تێكۆشانی كۆمەڵایەتیان دەكرد كە سەرچاوەی خۆی لەناكۆكی نێوان ژن ـ پیاو وەردەگرێت. ئەو هاوسەنگیەی لەنێوانیان ئاواكراوە بەشێوەی باڵادەستی نەبووە، بەڵكو بەشێوەی ڕێككەوتن بووە. بەڵام بەردەوام تۆوی پێكدادانێكی لەخۆوە گرتووە. ئاشكرایە كە ئەو هاوسەرگیریانەی لەگەڵ ژنانی بە بنەچە تورك لەناو بنەماڵەكەماندا ئەنجامدراون، بۆ چەمك و پێویستی نزیكبوونەوە و تەبایی دەگەڕێتەوە. هەروەها ڕێگایەكی كۆتایپێنان بە كێشمەكێشە باوەكانیش، ژنخوازییە. وەك دیارە ئەم شێوازە بەشێوەیەكی بەربڵاو پەیڕەو دەكرێت.


كاتێك من لەو خێزانە هاتمە دونیا كە بەكورتی چوارچێوەكەیم دیاركرد، لەراستیدا نوێنەرایەتی دوا پاشماوەكانی فامیل و تیرەم دەكرد. هەروەكو بڵێی مێژوویێكی ١٥ هەزار ساڵەی ئەتنیكی

لەگەڵ مندا کۆتایی پێدەهات. ئەو قۆناخە سەرسوڕهێنەرە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەی دەکەومە ناوی پێکهاتەیەکی وەهای هەیە کە کۆتایی بە ئەتنیك دێێ و دەروازەی قۆناخی گەلبوون دەکاتەوە. گوزەرکردنی پڕ بەئێش و ئازار سەرچاوەی خۆی لەم تایبەتمەندێتیە وەردەگرێت. هەروەکو بڵێی رۆڵی دوا هیندیە سوورەکە دەبینم. لەوانەیە بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەم، رۆڵی دوا ئومێدی رەچەڵەکیان پێدابم. کاتێك بێبەزەییانە بەرگی ماڵبات – خێزانم پارچەپارچە کرد، دواتر دەرکم بەوە دەکرد کە میراسێکی مێژوویی ١٥ هەزار ساڵم تەنگەتاو کردووە. ماوەیەکی زۆر دوای مردنیان دەرکم بە فرمێسك و خەمگینی دایك و باوکم کرد. بەڵام وەک دەزانرێت هەر شۆڕشێك لایەنی بێبەزەیی خۆی هەیە. سروشتی ئیرادەی شۆڕش وایە؛ هەست بە هەندێ ئێش و ئازار ناکات. تاکە لایەنی کە بینیم ئاسودەم دەکات، ئەوەیە کاتێك دایك و باوکێك منداڵێکی نوێ دێننە دونیا، دەخوازن ئەوە ببینن کەخیانەت لە رابردوویان ناکەن، بەپێچەوانەوە بۆ خاوەن دەرکەوتن لێی سەختترین و بەئازارترین، بەڵام شەرەفمەندانەترین رێگا هەڵدەبژێرن. هەربۆیە دەیانتوانی بەئاسودەیی لەناو گۆڕەکەیاندا بخەون.

هەرچۆن هاتمە دونیا و خۆمم ناسی، خۆم لەناو شۆڕشی خێزان و گونددا دۆزیەوە. هیچ ئامانجێکی خێڵەکی، چینایەتی و نەتەوەیی نەبوون کە خۆم پێیانەوە گرێبدەم. تەنانەت ئایینیش لەمیانەی ئەزبەرەکردنی نزاو سورەتی عەرەبی پێیەوە گرێدرابوو، دوور بوو لەوەی تێرکەر بێت. هەلومەرجەکانی ئەوەش لەئارادا نەبوو بەشێوەیەکی بەهێز سەرلەنوێ خێزان ئاوا بکرێتەوە. هیچ شتێك لەئارادا نەبوو کە هەستەکانی هەڵکشان دامرکێنێتەوە. ئێستاش لە بیرمە کە قوتابخانەم وەك درندەیەك دەبینی کە قووتم دەدات. شاریشم وەك دیاردەیەك بینی کەمن قووتدەدات و هێزم پێ نابەخشێت. هەروەها گرووپەکانی گوندیش هیچ ئومێدێکیان لێ بەدی نەدەکرا. لە بڕیارگای فیسکە فیسك و فیتنە و فەساد بەولاوە هیچ رۆڵێکی دیکەیان نەبوو. لەو قۆناخەدا بەردەوام چاوم لەناوچە شاخاویەکان بوو. زۆر باشم لەبیرە کە تەنانەت دوای ئەوەی دایکم سێ دەرگای لەسەرم داخست، دوای ئەوەی منی نیمچە خنکێن دەکرد و دەبوورامەوە، هەرچۆن دەهاتمە هۆش خۆم، بەخێرایی بروسك دەمکێشا بەدەرگا، خۆم دەهاوێشتە دەرەوە و تا بەرزاییەکان رانەدەوەستام. دەگەڕام و دەسووڕام. دیارە کە بەدوای شتێکدا دەگەڕام. دوایی کاتێك بەراوردم کرد بینیم کە قەڵەمبازەکانی چەندین پێغەمبەر و فەیلەسوفەکان پێویستی بەکاروانی تەنیایی بەمجۆرە هەبووە. چونکە رزگاربوون لە رووکەشی رەوشی رۆژانەیی و قاڵبوونەوە بەرەو شتی نوێ، زیاتر لەمیانەی ئەم شێوازە فەراهەم دەبوو.



وێنەیەك لە بەشێکی خانەوادەی ئۆجالان



Karl Raimund Popper

پۆپەر لە ٢٨ ی ٧ی ١٩٠٢ لەڤییەنا لەدایکبووە، لە ١٧ ی ٩ی ساڵی ١٩٩٤ لە لەندەن کۆچی دوایی کردوە، باوکی پۆپەر پارێزەر بووەو چالاکانە بەشداری لە ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدا کردوە.

فەیلەسوف پۆپەر خاوەنی دووبەرهەمی مێژووییە "لۆژیك" و "هەژاری بزووتنەوەی مێژوویی"، لەهەردوو شاکارەکەیدا پۆپەر بیری ئەقلانییەتی رەخنەگرانەی

وەرگێڕاوەتە سەر فەلسەفەی سیاسی، بەبۆچوونی پۆپەر باشترین هەستەکانی ئەقڵ، بریتیە لە(کرانەوە بەرەو رووی رەخنەدا) تەنها بڕیارو راسپاردەکان جێگایی

رەخنە نین، بەڵکو داواکاری و بەهاکانیش جێگایی رەخنەن.

پۆپەر پێشنیاردەکات ئەو داواکاریانەی هەڵوێستی رەخنە گرانەمان فراوانتر دەکەن، دەتوانرێت ناو بنرێن وەك" ئەقڵانیە تی رەخنەگرانە".

بەگوێرەی ئەقڵانیەتی رەخنەگرانە هەموو(زانیارییەك لەبارەی راستیەکان هەڵەیە و زانیاری ئەخلاقیش شتێکی مەحاڵە)



حەسەن زیرەك، خەرمانێك لەهونەر و رەسەنایەتی
(١٩٢١ لەشاری بۆكان لەدایك بووە،
لە ١٩٧١/٦/٢٦ بەنەخۆشی كۆچی دایی كردوە)